ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیمۆکراتیکی فیدراڵدا

پێنجشەمە ١٥ی خەزەڵوەر ١٣٩٣ _ ٦ی نوامبر ٢٠١٤ | ژمارە ٦٤٣ | www.kurdistanukurd.com

## کۆمارییەکان هەڵبژاردنەکانی کۆنگرەیان بردەوە

لە هەڵبژاردنەکان نیوەی دوو ساڵی کۆنگرەی ئەمریکادا کۆمارییەکان توانیان زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پیران(سێنا) بەدەست بهێنن‌و بەمەش لە هەردوو ئەنجومەنەکەی کۆنگرەدا زۆرینە دەبن.

لەهەڵبژاردنی پێشوودا کۆمارییەکان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا توانیبوویان زۆرینە بن‌و لە هەڵبژاردنەکانی ١٤ی خەزەڵوەر(٥ی نوامبر)ی ٢٠١٤ لە سێنا، ئەنجوومەنی پیران زۆرینەی کورسییەکانیان وەدەست هێناوە.

بەپێی لێکدانەوەی کارناسانی سیاسی ئەم ئاکامە دەبێتە



هەواڵێکی ناخۆش بۆ باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا کەسەر بە دیموکراتییەکانە، چونکە لەم دووساڵەی کۆتایی خولی سەرۆک کۆمارییەکەی‌دا ناتوانێ هیچ بڕیارێک بە بێ ڕەزامەندیی کۆمارییەکان بدا .

## چوونی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کۆبانی

# هەنگاوێکی مێژوویی، هەڵگری کۆمەڵێک پەیام و ئاکامی سیاسی و نەتەوەیی گرنگ و هیواخوڵقێن

بەیاننامە

### دەوڵەتانی جیهان پێویستە پەیامی پشتیوانیی جیهانی بۆ کۆبانی ببیسن

ئەمڕۆ ١ی نۆامبری ٢٠١٤، لە چەندین وڵاتانی جیهان کۆڕو کۆبوونەوەو ڕێپێوان‌و چالاکیی جۆراوجۆری دیکە بە پشتیوانی لە خۆڕاگریی کۆبانی بەرامبەر بە پەلاماری لەشکری داعش، بەڕێوە دەچێ.

دەیان کەسایەتیی بە ناوبانگی جیهانی کە ژمارەیەک لە براوەکانی خەڵاتی نۆبێل، ناودارانی بواری زانست و داکۆکیکارانی بەناوبانگی ئاشتی، ئازادی و مافی مرۆڤ لە نێویان دا دەبینرێن،ماوەی چەند ڕۆژێکە ١ی نۆامبریان وەک ڕۆژی جیهانیی پشتیوانی لە خۆڕاگریی کۆبانی ناودێر کردوە. لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوو دا، بە سەدان بزووتنەوە ، حیزب و ڕێکخراو، دامەزراوە و ناوەند و کۆمەڵەی مەدەنی پێشوازییان لەم بانگەوازە کردوە.

پشتیوانیی کەسایەتییەکان و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکانی جیهان لە خۆڕاگریی کۆبانی، لە ڕاستیدا بە دەنگەوەهاتنی ویژدانی بەشەرییەتە لە ئاست خۆڕاگرییەکی بێ وێنەی ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکی بندەست بەرامبەرهێزێکی تیرۆریستی هار و دڕندە. مرۆڤایەتیی لاگر و داواکاری پێشکەوتن، دادپەروەری، دیموکراسی و ئازادژیان، ئەمرۆهاوپێوەندیی خۆی لە خەبات‌و خۆڕاگریی شیاوی ئافەرینی بەشێک لە نەتەوەیەکی بندەست رادەگەیەنێ کە بە کەمترین کەرەستە و سادەترین چەک، بەڵام بە باوەڕێکی پۆڵایینەوە، بەرامبەر هێرشی هێزێکی خوێنڕێژ و تاریکیپەرست، ڕاوەستاوە.

بانگەوازی «هەرەوەزی جیهانی لە دژی داعش و بە پشتیوانی لە کۆبانی» هەڵگری ئەو پەیامەیە کە ژنان و پیاوانی بەشدار لە خۆڕاگریی کۆبانی هەر تەنیا بەرگری لە خۆیان و شارەکەیان و نیشتمانەکەیان و نەتەوەکەیان ناکەن، ئەوان بەرگری لە ئینسانییەت دەکەن، نوێنەرایەتیی ئیرادەی ئەو مرۆڤانە و ئەو هێزانەی جیهان دەکەن کە سەر بۆ وەحشیگەری، دڕندەیی و دواکەوتوویی، نەوی ناکەن.

بۆ لاپەڕی ٢



بە فەرمانی سەرۆکی هەرێم و بە پەسندی پارلمانی کوردستان، هێزی پێشمەرگە بۆ یارمەتیدانی شەڕڤانانی کورد گەیشتە کۆبانێ.

ڕۆژی ٢٢ ئوکتۆبەر پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە، بۆ یارمەتیدانی خۆڕاگریی شەڕڤانانی خۆراوای کوردستان بە ڕێی تورکیادا، بۆ کۆبانی بنێرێت .چەند ڕۆژ دواتریش هێزێکی ١٥٠کەسیی پێشمەرگە، بە چەکی قورس‌و کەرەستەی خۆی، لە نێو پێشوازی‌و بەڕێکردنی ئاپۆرای گەورە گەورەی خەڵکی شارو ناوچەکانی باشوورو باکووری کوردستان‌دا، گەیشتە کۆبانی. ئەم بڕیارە هەر لەو کاتە دا کە دەنگی نارەزایەتیی نەیارانی سوێندخواردووی پرسی ڕەوای کورد لەوڵاتانی ناوچەی‌دا بەرز کردەوە، لە گەڵ پێشوازی‌و خۆشحاڵیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بەرەوڕوو بووە.

دوای ئەوەی فڕۆکە ئەمریکاییەکان لە سەر داواوی سەرۆکایەتیی سیاسیی هەرێم‌و ڕێبەران‌و نوێنەرانی هێزو لایەنەکانی با شووری کوردستان ، لە هەواوە، چەک و تەقەمەنی‌و یارمەتیی دەرمانیی هەرێمی کوردستانی، گەیاندە شەڕڤانانی کورد لە خۆراوای کوردستان، پارلمانی کوردستان لە هەنگاوێکی مێژوویی‌دا، بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە ڕەوانەی کۆبانی بکات.ئەم بڕیارە، بەو هۆیەوە کە لە ڕووی سوپایی، نەتەوەیی و سیاسییە، گرنگی‌و بایەخێکی تایبەتی هەیە، لە ناوەندە سیاسییەکان‌و میدیاکانی جیهان‌دا، کەوتوەتە بەر سەرنج‌و هەڵسەنگاندن. ئەم هەنگاوە، نموونە پرشنگدارەکانی پێشووی چوونی ڕۆڵەکانی کوردستان لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکە بە مەبەستی هاوکاری و پشتیوانیی پێشمەرگانە وەبیر هێنایەوە و پێداگرتنەوەیەکە لە سەر یەک جەستە بوونی نەتەوەی کورد و پرسەڕەواکەی. کۆمەڵێک پەیام و لێکەوتەی سیاسیی گرنگی دیکەشی هەن کە وا چاوەڕوان دەکرێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوو ئالوگۆرە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد، جێگە و شوێنی خۆیان دەبێ.




پەسندکرانی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان

٤



هۆکاری توندوتیژی‌خوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی‌و ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی

٦



مافی مرۆڤ لای ئەوان چ بایەخێکی هەیە؟!

٧



سنەو ترس‌و نیگەرانییەکانی حکوومەت

٩



چالاکییە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵات، خەباتێکی پڕ بەرهەم چالاکییە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵات، خەباتێکی پڕ بەرهەم

١١






رادیو دەنگی کوردستان هەموو رۆژێ بەرنامەکانی خۆی لە سەعات ٤/٥ هەتا ٥/٥ ی ئێوارێ بە کاتی تاران، لە سەر مانگی دەسکردی هاتبێرد ، فرێکانسی ١١١٣٧ مێگاهێرتز بڵاودەکاتەوە.

ئەم بەرنامەیە سەعات ٦/٥ هەتا ٧/٥ ی بەیانی رۆژی دواتر دووپات دەبێتەوە.


## دەسبەسەربوون لەماڵەوە «حەسری خانەگی» خرایە گەڵاڵەی تاوانی سیاسییەوە



ئەندامێکی کۆمیسیۆنی حقووقی و قەزایی پارلمانی ئێران دەڵێ لە گەڵاڵەی تاوانی سیاسی‌دا کە کۆمیسیۆن خەریکی تاووتوێیەتی زیندانی و دەسبەسەریی لە ماڵەوە بە جێی دەسبەسەریی لە گرتووخانە گونجێندراوە.


ئەم ئەندامە دەڵێ، لە گەڵاڵەی تاوانی سیاسی‌دا زیندانی و دەسبەسەریی لە ماڵەوە وەک دەرەتان باس کردوە، بەڵام چۆنیەتییەکەیمان هێشتۆتەوە بۆ دەزگای قەزایی تا لە ئاییننامە و قانوونەکانی خۆیدا کە کەڵەپچەو ئامێری ئیلۆکترۆنی بەکار بێنێ، سەرپشک بێ.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە قانوونی بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی‌دا دەسبەسەریی لە ماڵەوەدا نییە. دەگەڵ ئەوەشدا لە دوای شۆڕشی ٥٧ەوە زۆربەی ڕەخنەگران و جیابیرانی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ماڵەوەیان دەسبەسەر بوون.

نورەدین کیانووری، سکرتێری پێشووی حیزبی توودە، ئایەتوڵڵا حوسێنعەلی مونتەزیری لەو کەسانە بوون کە ساڵانێکی زۆر لە ماڵەوە دەسبەسەر بوون.

بە دوای نارەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨ەوەش، میرحوسێن موسەوی، مێهدی کەڕووبی و زەهرا ڕەهنەوەرد بەبێ دادگایی لە ماڵەوەیان دەسبەسەرن.

# سەردانی دوو شاندی لایەنە سیاسییەکانی رۆژاوای کوردستان لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان



دوو شاندی پێکهاتوو لە حیزبو لایەنە سیاسییەکان رۆژاوای کوردستان، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو مزگێنی رێکەوتنی نێوان خۆیان گەیاندە ئەم حیزبە

رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٤ی خەزەڵوەر دوو شاندی «ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە»و «تەڤ دەم» کە لە ١٦ حیزبو رێکخراوی سیاسیی رۆژاوای کوردستان پێکهاتوون، سەردانی سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن هەیئەتێکی رێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا.

لە سەرتای ئەم دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی هەردوو شاندی رۆژاوای کوردستان، هەڵویستو روانگەو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوەکانی رۆژاوای کوردستان وەبیر هەر دوو هەیئەتی میوان هێنایەوەو هەر لەم پێوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات بە چاوی ڕێزەوە دەڕوانێتە خۆڕاگریی تێکۆشەرانی کورد لە کوبانیو بەرخودانی ژنانو پیاوان لە رۆژاوای کوردستان دژ بە تێرۆریستانو هێرشبەرانی داعش بەرز دەنرخێنێ.


هەر لەم پێوەندییەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە ئامادەیی ئەم حیزبەی بۆ یارمەتیدانی پرسی کورد لە رۆژاوای کوردستان دووپات کردەوەو هیوای خواست کە گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بتوانێ بە ئامانجەکانی بگا.


لە درێژەی ئەم دیدارەدا هەردوو وەڤدی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریەو «تەڤ دەم» وێڕای بەرزنرخاندنی هەڵوێستە نیشتمانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایانگەیاند کە ئەوان بۆ دوو ئامانج سەردانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردوە کە یەکەمیان گەیاندنی مزگێنیی رێکەوتنی نێوان سەرجەم هێزو لایەنەکانی رۆژاوای کوردستان بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەک حیزبێکی لە مێژینەی شوێندانەر لە گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانەو؛ مەبەستی دووهەمیش داواکاریی پشتیوانیی سیاسیو مەعنەویی زیاتری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دۆزی کورد لە رۆژاوای کوردستانە.

لەم پێوەندییە دا هەردوو هەیئەتی کورد لە رۆژاوای کوردستان داوایان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد کە لە ڕێگای خۆیانەوە مزگێنیی ڕێکەوتنی هێزو لایەنەکانی رۆژئاوای کوردستان بە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەنن.

لە کۆتایی ئەم دیدارەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ جارێکی دیکە پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی لە پرسی ڕەوای گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان راگەیاندو وێڕای دەربڕینی خۆشحالی خۆی لە ڕێکەوتنی نێوان هێزەکانی ئەم بەشە لە خاکی نیشتمان، پێداگریی لە سەر پێویستیی هەمیشەیی یەکریزیو هەماهەنگیی زیاتری نێوان لایەنە سیاسییەکان کردوەو هیوای دەستەبەربوونی مافو ئازادییەکانی گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستانی بۆ خواستن.

# بەشداریی نوێنەری حدک لە هەولێر لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ شاندی ڕۆژئاوادا





نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر بەشداریی لە کۆبوونەوەی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ شاندی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژئاوادا کرد.

رۆژی دووشەممە، ٥ی خەزەڵوەر ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستانی بۆ پشتیوانی لە رۆژاوای کوردستان، پێشوازییان لە شاندێکی باڵای رۆژاوای کوردستان کرد.

شایانی باسە لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا پرسی کورد بە گشتی لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە نێوان نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان کە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون هاتە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

هەروەها ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی خەزەڵوەری ٩٣ شاندێکی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان بۆ پشتیوانی لە رۆژاوای کوردستان سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و پێکەوە سەبارەت بە بارودۆخی رۆژاوای کوردستانو چەند پرسێکی نەتەوەییو نیشتمانی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد .

نێچیروان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەستخۆشی لەم هەوڵەی نوێنەرایەتی حیزبە کوردستانییەکان کردو گوتی: کارو خەباتی ئێوە وەکوو حیزبە کوردستانییەکان جێگەی رێزو دڵخۆشییەو ئێمە وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان پشتیوانیتان لێ دەکەین.

ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ نوێنەرانی پارچەکانی دیکە و نەتەوەکانی دانیشتووی هەرێمی کوردستان تێبینیو سەرنجو پێشنیارەکانی خۆیان هێنایە بەر باس .

نوێنەری حیزب لەو پێوەندییە دا، هاوخەباتی و هاوسەنگەری پارچەکانی دیکەو بەتایبەت ڕۆژهەڵاتو باشووری لە کاتە سەختەکاندا وەبیر سەرۆکی حکومەتی هەرێم هێنایەوەو ئاماژەی بە هەڵوێستی نەتەوەییو فیداکارانەی حیزبی دێمۆکراتو هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو جێگیرکردنی زیاتری حکومەتی هەرێمی کوردستان کردو گوتیشی کە خەڵکی رۆژهەڵاتو هێزەسیاسییەکانی چاوەروانی زیاتریان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە بواری کاروباری خزمەتگوزاری و ئینسانی هەیە .

هەروەها ڕۆژی ١٠ی خەزەڵوەر نوێنەری حیزب لە هەولێر بەشداریی کرد لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ «کۆمەڵەیا شێخ سەعید» کرد. نوێنەری حیزبەکان بە گشتی لەسەر درێژەدانی ئەو ڕەوتی یەکرێزی کوردان پێداگرییان کردەوەو هیوایان خواست هەوڵو تێکۆشانی یەکگرتووانەی زیاتر لە پێناو بەسترانی کۆنگرەی نەتەوەیی، وەگەڕ بخرێ.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەک بە بۆنەی کۆتایی دەورەیەکی سیاسیی کادر



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەیەکی سیاسیی کادر کۆبوونەوەیەکی پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی ١ی خەزەڵوەرو بەبەشداریی بەشدارانی ئەو دەورەیە بەڕێوەچوو،

کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیو بەرپرسی کومیسیونی ئاموزش چەند سەرنجێکی خۆی لەسەر ئەو دەورە ئاموزشییەی کادر خستە بەرباسو بە ئاماژە بە بەتاڵبوونی کورسیی شەهید هەژار قاسمی کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو دەورەیە بوو، یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدە سەربەرزەی بەرز ڕاگرت.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا کاک حەسەن شێخانی، جێگری کومیسیۆنی ئاموزشو بەڕێوەبەری دەورەکە ڕاپۆرتێکی لەسەر ئاکامی کارو چالاکییەکانی ئەو دەورەیە دایەوەو کەسانی سەرکەوتووی دەورەکەی بە بەشداران ناساند.

شایانی باسە لەلایەن کۆمیسیۆنی ئاموزشەوە کەسانی سەرکەوتووی دەورەکە خەڵات کران.

# چاوپێکەوتنی کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ کومیتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە



هەیئەتێکی کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ کومیتەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە نۆڕوێژ کۆبوونەوە

رۆژی یەکشەممە، ١١ ی خەزەڵوەر هەیئەتێکی کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن خەمبار لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی رۆژئاوا ـ کۆمیتەی نۆرویژ بە سەرپەرستیی مەحموود برۆ، بەرپرسی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە بە خانەخوێیەتیی کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەڕێوەچوو، سەرەتا حەسەن غەمبار، بەرپرسی کومیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزب لە نۆرویژ وێرای بە خێرهێنانی وەڤدی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە باسێکی لە سەر وەزعیەتی رۆژهەڵاتی کوردستانو سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی کوردی رۆژهەڵات پێشکەش کرد. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا خۆشحاڵیی خۆی لە بابەت رێککەوتنی تەڤدەمو ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی لە سووریە دەربری.

دواتر محموود برۆ باسێکی کورتی لە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستانو رۆڵی ئەو حیزبەی لە بزوتنەوەی سیاسیی کورددا باس کرد.

ئەو حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک یەکەم قوتابخانەی کوردایەتیو پێشەوا قازی محەممەدیشی وەک رێبەری نەتەوەیی کوردو دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیە ناو بردو گوتی رێبازی حیزبی دێموکرات ڕێبازی راستی کوردایەتیو نیشتمانپەروەرییە.

مەحموود برۆ لە درێژەی قسەکانیدا باسی پێوەندی گەرمی خۆیانی لە گەڵ حیزبی دێموکراتو کەسایەتیە ناسراوەکانی نێو حیزب کردو رۆڵی حیزب و ئەوانی لە خەباتی نەتەوایەتی کورد دا بەرز نرخاند. لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ئاواتەخواز بوو کە لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانو ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی رۆژئاوا، لە نۆروێژ پرۆژە بۆ کاری هاوبەش دابنرێو دواتر هەریەک لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە تێروانینو بۆچوونی خۆیان لە سەر دەستووری کاری کۆبوونەوەکە هێنایە بەرباس.

# درێژەی: دەوڵەتانی جیهان پێویستە پەیامی پشتیوانیی جیهانی بۆ کۆبانی ببیسن

ڕێپێوانو خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایانەی خەڵک لە باکوور، ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان بە پستیوانیی خۆڕاگریی کۆبانی و، وەک نارەزایەتیدەربڕین لە بێهەڵوێستی و کەمتەرخەمیی هاوپەیمانیی دژە داعش، بە خۆشییەوە لە سەر هەڵوێستی وڵاتانی پیوەندیدار، کاریگەر بوو و، بۆ خۆڕاگریی کۆبانیش، دەسکەوتی خۆی هەبوو.هێرشی هەوایی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بۆ سەربنکەو سەنگەرەکانی چەکدارەکانی داعش لە دەوروبەری کۆبانیو هاوکاریی ئەمریکا لە گەیاندنی یارمەتییەکانی هەرێمی کوردستان بە شەڕڤانانی کورد لەو شارە و، ڕێگەپیدانی تورکیە بە چوونی هێزی پێشمەرگە بە هانای خوشک و براکانیان لە کۆبانی، بەشێک لەو دەسکەوتانە بوون.ئەمانە لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، بڕیاری مێژوویی سەرۆکایەتیی هەرێم و پارلمانی کوردستان بۆ ڕەوانەکردنی هێزی پێشمەرگە بە مەبەستی پشتیوانی لە کۆبانی، ڕەهەندێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتییان بەم خۆڕاگرییە داوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانەش وەک دەبینین هیرش و گەمارۆی داعش بۆ سەر کۆبانی هەر وا درێژەی هەیە. ڕێگای گەیاندنی یارمەتی بە کۆبانی هەر وا سنووردارو پڕ کێشەو کەندو کۆسپە. ئەگەری داگیرکرانی کۆبانی لە لایەن چەکدارەکانی داعشو مەترسیی کوشتاری بە کۆمەڵی خەڵکی ئاوارەبووی ئەو شارە،هەر لە جێی خۆیەتی.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەرامبەر پشتیوانیی جیهانی لە خۆڕاگریی کۆبانی، ئەو پەڕی سوپاس و پێزانینی هەیەو هیوای وایە ئەم هاوپێوەندییە جیهانییە، گوشارێکی وا بخاتە سەر وڵاتانی هاوپەیمان،کە لەمە زیاتر خەڵکی خۆراوای کوردستان پشتگوێ نەخەنو لە شەڕ لە گەڵ داعش دا چی دیکە بە تەنیایان نەهێڵنەوە. خەڵکی ڕۆژاوای کوردستانیش مافی بێ ئەم لا و ئەولای خۆیانە لە سێبەری پشتیوانی و هاوکاریی نیودەوڵەتیدا، ئاشتیو ئاسایشو ئازادییان هەبێ .ئەوانیش وەک خوشک و براکانیان لە باشووری کوردستان، پیویستە لەشەڕ لە گەڵ دوژمنێک دا کە کۆمەڵگەی جیهانی بە دوژمنی خۆی دەزانێ، هەست بە پشتیوانیی دەوڵەتانی جیهان بکەن.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**١ی نڤامبری٢٠١٤**
**١٠ی خەزەلوەری١٣٩٣**

**سەرنج بدەن!**
**« کوردستان» هەوڵ دەدا هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب ، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەگەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو بکاتەوە.**
**داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.**

## پەلاماری هێزی ئینتیزامی بۆ سەر کۆڵبەران لە ناوچەی بانە

ڕۆژی ١٣٩٣/٨/٨ هێزی ئینتیزامی لە پاسگای ماڵەدۆم، هێرش دەکەنە سەر کۆڵبەرانی چەمی شابەددین. کۆڵبەران بە دەستی بەتاڵ بەرەنگاری چەکدارەکانی ڕێژیم دەبنەوە. لە ئاکامی هێرش و لێدانی هێزی ئینتیزامی‌دا چەند کەس لە کۆڵبەران بریندار دەبن. یەکێک لە بریندارەکان کە بە توندی بریندار بووە و چەند ددانی شکاوە، ناوی حەسەن محەممەدە. ناوبراو کاری کۆڵبەری دەکا و خەڵکی پیاوێنە.

**قەڵاتەڕەشی لە ناوچەی بانەوە**

## کردنەوەی کافی نێت بە مەرجی جاسووسی کردن!

لەم ڕۆژانە دا، هێزی ئینتیزامی یەکێک لە کافی نێتەکانی پیرانشاری پۆلمپ کرد( داخست). خاوەن کافینێتەکە چووبووە ئیدارە هەتا ئیجازەی کردنەوەی کافەکەی وەربگرێ. پێیان گوتبوو ئەگەر ئامادەی ببی بە موخبیر(سیخوڕ)ی ئێمە، ئەوە ئیجازەت پێدەدەین کافی نێتەکەت بکەیەوە، ئەگینا ئیجازە بێ ئیجازە.

**وەفا لە پیرانشارەوە**

## تابووتی ٤٠ کوژراو لە سنووری حاجی عومەرانەوە هاتەوە بۆ ئێران

دوێنێ ١٣٩٣/٨/٨ قوتابیان و مامۆستایانی قوتابخانەکانی پیرانشاریان بردبووە پێشوازیی ٤٠ تەرم کە لە سنووری حاجی عومەرانەوە هێنرانەوە بۆ ئێران. گوایە ئەوانە، ئێسکوپروسکی ٤٠ کوژراوی بێناونیشانی شەڕی داسەپاوی ئێران و عێراق بوون. بەڵام خەڵک گومانیان هەیە کە ئەوانە کوژراوەکانی شەڕی ئێران و عێراق بووبن و پێیان وایە ئەوانە تەرمی ئەو پاسدارانەی ڕێژیمن کە لە عێراق و سووریە لە شەڕی داعش و بەرگری لە دەسەڵاتی شیعەمەزهەبی ئەو دوو وڵاتەدا کوژراون.

**پیرانشار، لە کانی زەردەوە**

## تاڵاوی کانیبەرازان پڕ بووە لە باڵندەی کۆچەری

سێ چوار ڕۆژێکە تاڵاوی کانیبەرازان و قۆپیی باباعەلی پڕ بووە لە باڵندەی کۆچەری و خەڵکێکی زۆر بۆ دیتنیان دەچنە ئەو تاڵاوانە. لە شەبەکەی ١و٢ی دەنگ و ڕەنگییش(لە تارانەوە) بۆ فیلمهەڵگرتنەوە لەو باڵندانە هاتبوون. خەڵک لە شارەکانی تەوریز و ورمێوە بۆ دیتنی ئەو تاڵاوانە دێن. ئیدارەی ژینگەپارێزیی مەهابادیش بە توندی پارێزگاری لەو تاڵاوانە دەکا تا ڕاوچییەکان نەتوانن بە هاسانی ڕاوی باڵندەکان بکەن.

**ژاکاو لە مەهابادەوە**

## پێوەندیی نیوان مانگی موحەڕڕەم و نرخی خواردنەوە ئەلکۆڵییەکان لە کوردستان

هەموو ساڵێ لە گەڵ هاتنی مانگی موحەڕڕەم، نرخی خواردنەوەی ئەلکۆلی لە شارەکانی کوردستان دەگاتە نزمترین پلە. لە مانگەکانی دیکە دا زۆربەی هەرە زۆری ئەو خواردنەوە ئەلکۆلییانەی هاوردەی کوردستان دەکرێن، بە شێوەی قاچاغ بۆ شارەکانی تاران و تەوریز و ورمێ و هتد دەنێردرێ و ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە لە نێوخۆی کوردستان دا نرخی ئەم جۆرە خواردنەوەیە زۆر بچێتە سەر. بەڵام لە مانگی موحەڕڕەمدا، خواردنەوەی ئەلکۆلی بۆ ئەم شارانە ڕەوانە ناکرێ و هەر ئەمە وا دەکا نرخەکەی دابەزێ. هێندێک کەسیش ئەم هەلە دەقۆزنەوە و لە مانگی موحەڕڕەم دا بە میلیۆنان تمەن تەرخان دەکەن بۆ کڕینی مەشرووبی هەرزان بۆ ئەوەی لە دوای موحەڕڕەم بە نرخێکی گران بیفرۆشنەوە و بەم جۆرە قازانجیکی زۆر بە دەست بێنن.

**مام نەبەز لە مەهابادەوە**

## برای بەندییەکی سیاسیی کورد بە هۆی لیدانی کارەبا گیانی لە دەست دا

ڕۆژی ٢٢ی ڕەزبەر، موزەففەر ئیمامی برای بەندکراوی سیاسیی کورد، عومەری ئیمامی، تەمەن ٤٩ ساڵ، خاوەن ژن ومندال، لە شاری جوانڕۆ، لە کاتی دروستکردنی خانوو دا بە هۆی لیدانی بەرقی فشار قەوی، گیانی لە دەست دا.

عومەری ئیمامی، بەندیی سیاسیی کورد و تێکۆشەری حیزبی دیموکرات، ماوەی ١٩ ساڵە لە گەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی دیکە لە بەندیخانە دان. زۆربەی ئەم ساڵانەشیان لە دوورترین بەندیخانەکانی ئێران دا تێپەڕ کردوە. ئەم دوو برایە باوکێکی پیریان هەیە کە ڕووناکیی چاوێکی لە دەست داوە و موزەففەر لە راستیدا تەنیا یارمەتیدەری ئەو باوکە پیرە بوو.

**ڕزگار لە پاوەوە**

## کوژرانی کۆڵبەرێکی دیکە بەگوللەی هێزەکانی ڕێژیم

دوێشەو٢٤ی رەزبەر،هیزەکانی ڕێژیم لە مەرزی بانەو نزیک حوجرەی فەقێیان(مەرزی حەوتاش)، لاوێکی کۆڵبەریان بە ناوی سەروان شێخ لەتیف، خەڵکی قامیشەی سیانەزار سەر بە ناوچەی سەقزیان بە ١١ فیشەک کوشت.

**ئاکۆ ساوان لە سەقزەوە**

## تاوانێکی قێزەوەن بەرامبەر ژنێک

ڕۆژی ١ی خەزەڵوەر لە شاری بانە ژنێک بە ناوی گوڵاڵە کچی حەسەنی پوورخاتوون بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە گیانی لێ ئەستێندرا. بکوژی ئەو ژنە کە دەگوترێ مێردەکەی بووە ، لە پێشدا سەر و لاقی دەشکێنێ، مەمکی دەبڕێ و چاوی دەردێنێ و دوایە گیانی لێ دەستێنێ. بە گوێرەی زانیارییەکان، بنەماڵەی بکوژەکە، سەر بە ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانن و ئەم تاوانەش لە ژێر کاریگەریی تەبلیغات و هاندانی ئەو ڕێکخراوانە دا ئەنجام دراوە.

**قەڵاتەڕەشی لە بانەوە**

**هەواڵو راپۆرت**

# بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی ساڵانەی لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بریتانیا



لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە بریتانیا، کۆنفڕانسی ساڵانەی خۆیان پێک هێنا.

کۆنفڕانسی ساڵانەی حیزبە کوردستانییەکانی بریتانیا ڕۆژی یەکشەممە، ٤ ی خەزەڵوەر بە ئامادە بوونی نوێنەری زۆربەی حیزبورێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڕێوە چوو.

مەبەست لەو کۆنفڕانسە، نوێژەن کردنەوەو هەڵبژاردنی دەستەیەکی نوێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کورد لە بریتانیا گەیاندنی دەنگو داوای ڕەوای کورد بە حکومەتو کاربەدەستانی بریتانیا ڕاگەیەندراوە.

کۆنفڕانسەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکردو پاشان ئێحسان قادر لەبارەی چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی ئەو کومیتەیە لە دەورەی پێشووداو ووردەکاری دانیشتنو پێوەندییەکان لەگەڵ حکومەتو دەسەڵاتدارانی بریتانیا قسەی کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانسدا سێ کەس وەک سەرۆکی دەورەیی کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانییەکان دەستنیشان کران کە بریتی بوون لە: فوئاد جەماڵ سەلام، نوێنەری بزووتنەوەی گۆڕان، مەولوود سوارە، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانو عەزیز عوسمان لە یەکیەتیی کوردستانی سووریە. ئەو سێ نوێنەرە بۆ ماوەی چوار مانگ سەرپەرشتی کاروچالاکییەکان دەکەن.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆنفڕانسە دا چەند بڕیارێکی گرینگ بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کارەکان پەسند کران کە بریتی بوون لە

١- بۆ باشتر کردنی باری دارایی کومیتەی هاوکاری، دەبێ هەمو لایەنەکانی بەشدار، هاریکاری دارایی ئەو کومیتەیە بکەن.

٢- بڕیار درا کە سەرجەم ئەو بەڵگەنامە و دێکۆمێنتانەی کە لە ڕابردوو دا ئارشیف کراون، کۆبکرێنەوە و لە داهاتوویەکی نزیک دا بکرێنە کتێب و نامیلکە.

شایانی باسە زۆربەی هێزە سیاسییە گەورەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان لەو کۆنفرانسەدا نوێنەریان بەشداربوون کە بریتی بوون لە:

**–بزوتنەوەی گۆڕان**
**–یەکێتی نیشتیمانی کوردستان**
**– پارتی دیموکراتی کوردستان**
**– یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان**
**– کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان**
**– حیزبی سۆشیالیستی کوردستان**
**– حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**– حیزبی دیموکرانی کوردسانی ئێران**
**– کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**– یەکێتی کوردستانی– سوریا**
**– پارتی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستانی باکور**
**– حیزبی دیموکراتی پێشرەوی کوردی سوریا**
**– پارتی دیموکراتی کورد لە سوریا**
**– یەکیەتی دێموکراتی کورد لە سوریا**

# بەڕێوەچوونی سیمینارێک بۆ باس لەسەر «شێرپەنجەی مەمک»

یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرنجدان بە زۆربوونی شێرپەنجەی مەمک لە نێو ژنانو مەترسیی ئەو پەتایە لەسەر سڵامەتیی ژنان سمینارێکی بۆ ئەندامەکانی پێک هێنا.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی دوشەممە ٥ خەزەلوەر بە هاوکاریی سەنتەری «پەنا» سیمینارێکی لە ژێر ناوی پێویستیی وریابوون لە شێرپەنجەی مەمک بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی ئەو رێکخراوەیە بۆ خاتوو گوڵاڵە پشدەری پێک هێنا.

خاتوو گوڵاڵە پشدەری وێرای ناساندنی سەنتەری «پەنا» وەک بەرێوەبەری ئەم سەنتەرە، ئەزمونی تاڵی خۆی لەسەرەتاو چۆنیەتیی توشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجەی مەمکو بەربەرەکانی لەگەڵیو دواتر رزگاربوون لە چنگ ئەو نەخۆشییە باس کرد. پشدەری پاشان باسی ئەوەی کرد کە چۆن سەنتەری پەنا لەوپێوەندییەدا خزمەتی زیاتری بە ژنانی کورد کردوە.

ئەو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا کۆمەڵێک هۆکاری توشبوون بەو نەخوشییەی وەک خواردنی درێژەخایەنی دەرمانی جوری هۆرمۆنی، شیرنەدان بە کورپە لە ڕێگای سروشتیی خستە بەر باسو گوتیشی ئەگەرچی ئەوانە تەنیا هۆکارێکی سەرەکیی بۆ تووشبوون بەم نەخۆشییە نیین، بەڵام ئەم فاکتورانە دەبێ لە بەرچاو بگیردرێن.



گوڵاڵە پشدەری گوتی ژنان کە هەست بە نیشانەکانی ئەم نەخۆشیە دەکەن دەبێ زۆر خێرا بچنە لای پزیشکی شارەزاو چارەسەری دەرمانی نەخۆشییەکەیان بکەنو لە تەمەنی سەروو ٢٠ ساڵ حەتمەن مامۆگرافی بکەن. ئەو لە بەشی کۆتایی باسەکەی‌دا دەرمانو شێوازەکانی پێشگرتن لەم نەخۆشییەی وەک پشکنینی مانگانەی مەمک بە دەستی خودی ژنان، ماموگرافی و «ام ار ای» روون کردەوە.

شایانی باسە لە کۆتاییی باسەکەی خاتوو گوڵاڵەدا بەشداربووانی کۆبوونەوەکە تێبینیو پرسیارەکانی خۆیان ئاراستەی کۆرگێڕ کرد کە دواتر لەلایان کۆرگێڕەوە وەڵامیان درایەوە.

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆورێژ لە ڤێستیواڵی نەتەوە جیاوازەکاندا بەشداریی کرد

ڕۆژی شەممە، ١ی نوامبری ٢٠١٤ی زایینی ، لە شاری لیللەسترۆم لە پارێزگای ئاکەشهوس بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لەم پارێزگایە فێستیواڵێکی کولتووری بەرێوە چوو.

لەو فستیڤاڵەدا کە هەموو ساڵێ بە بەشداریی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لە پارێزگای ئاکەشهووس لە وڵاتی نۆرویژ بەرێوەدەچێ، هەر نەتەوەیەک بۆ پێناسە کردنی خۆی بە نۆروێژییەکانو ئەو کەسانەی سەردانی ئەو شوێنە دەکەن ستاندێک دادەنێو لەو ستاندەدا ئەو کەرەسیە خۆماڵییە باوانەی نەتەوەکەیان لە شوێنی تایبەتی خۆیان دادەنێنو لەگەڵ میوانانی پرۆگرامەکە سەبارەت بە کولتوورو دابو نەریتی خۆیان بیرورا دەگۆرنەوە.

ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی پێشوو یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو



لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدارییان لەو فستیڤاڵەدا کردو بە رازاندنەوەی ستاندی تایبەت بە کوردانی رۆژهەڵات و سازکردنی خواردنی خۆماڵی و هەروەها پێشاندانی جلوبەرگی کوردی بەشدارییان لە فستیڤاڵەکەدا کرد.

# پەسندکرانی پرۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان

**[ وتووێژی« کوردستان» لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامو ڕاپۆرتۆری لێژنەی رەشنووسی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان]**

**ئا: عەلی بداغی**



**لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ی پاڕلمانی کوردستاندا، پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان پەسند کرا. دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، یەکێک لە ئەندامانی لێژنەی رەشنووسی پڕۆژە یاسای زمانە فەرمییەکان لە هەرێمی کوردستان، ڕاپۆرتۆری لێژنەکە بووەو سیاغی کۆتایی ئەو ڕەشنووسە لەلایەن بەڕێزیانەوە نووسراوەتەوەو بۆ پەسند کردن بەڕێی پاڕلمانی کوردستان کراوە.**

**« کوردستان» بۆ باس لە سەر هەندێک لایەنی ئەو یاسایەو ڕوونبوونەوەی زیاتر بۆ خوێنەرانی، وتووێژێکی لەگەڵ دوکتور ئاسۆ حەسەنزادەپێک هێناوە کە سەرنجتانی بۆ رادەکێشین:**

**دوکتور ئاسۆ سەرەتا بەگشتی کەمێک باسی پرۆسەی پەسندکردنی ئەو پرۆژە یاسایەمان بۆ بکە.**

ئەو پرۆژە یاسایە دوو ساڵ لەمەوبەر واتە لە سەردەمی کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێم و خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا ئامادە کراوە. بیرۆکەکەی و پەسند کرانەکەی پێش هەموو کەس دەگەڕێتەوە بۆ بەخەمەوە بوون و بەدواداچوونی پارێزەر تارق جەمباز کە لەگەڵ ئەوەدا کە پیاوێکی قانوونییە، بەڵام هەرچی دەیکا بە دیدی نەتەوەیی و بەمەبەستی پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ناسنامەی کوردەوە دەیکا. بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەک بە سەرپەرستیی ناوبراو و بە ئەندامەتیی دوو زمانناس (بەڕێزان د. عومەر مەحمود کەریم و د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو) پێکهات و منیش وەک راپۆرتۆری لیژنەکە ئەرکی نووسینەوەی پرۆژە یاساکەم لەسەر شان بوو. بۆ ئەو مەبەستەش ئیلهامم لە سیاسەتی زمانی لە کیبێک و کانادا وەرگرت، چونکە پێم وایە نموونەی ئەو هەرێم و وڵاتە لەڕووی دیمۆگرافیی قەومی و جێگە و پێگەی زمانەکانەوە زۆر وەک هی کوردستان و عیراق دەچێ. پاش تەواو بوونی کاری لیژنەکەی ئێمە، کۆبوونەوەیەک لە ئەنجومەنی وەزیران بە بەشداریی ئێمە و وەزیرە پێوەندیدارەکان و نوێنەری ئەکادیمیای کوردی بۆ باس و پەسند کردنی پرۆژەی کۆتایی یاساکە پێکهات. پاش سیمیناریک کە هەر لەو بارەوە لە پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە چوو، لە دوایین مانگەکانی خولی پێشووی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاساکە کرا و سەرەنجام بەخۆشییەوە حەوتووی رابردوو پەرلەمانی کوردستان یاساکەی پەسند کرد و ئێستاش بەپێی رەواڵی پەسند کرانی یاساکان، پاش جێکرانەوەی تێبینیەکانی پەرلەمانتاران یاساکە بۆ فەرمیەت وەرگرتن دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم و ئینجا لە وەقایعی کوردستاندا بڵاو بێتەوە.

**مەبەست لە ئامادەکردنی ئەو پرۆژە یاسایە چییە و هۆکارەکانی گەڵالەکردنی چی بوو؟مەگەر تا ئێستا زمانی کوردی لە هەرێمی کوردستان ڕەسمی نەبووە؟**

مەبەست لەم پرۆژە یاسایە دارشتنی سیاسەتی زمانییە کە لە هەر وڵاتێکی فرە نەتەوەدا پێویستە بە قانوون رێک بخرێ. زمانی کوردی نەک هەر لە ماوەی ئەو بیست و سێ ساڵەدا کە بەسەر ئازادیی باشووری کوردستاندا تێدەپەڕێ، بەڵکوو لە زیاتر لە نیو سەدە پێشتریشەوە بەشێوەی رەسمی لە باشووری کوردستان و تەنانەت لە عیراقیش کاری پێ کراوە. کەمایەسییەکە لە دوو شتدا بوو : یەکەم لەسەر ئاستی قانوونیدا لەبەر ئەوەی دەستووری هەرێمی کوردستان هێشتا پەسند نەکراوە، هیچ بنەمایەکی قانوونیمان بۆ فەرمییەتی زمانی کوردی نەبوو و ئەوە تەنیا لە دەستووری عیراقدا هاتبوو. دووەم، لە کردەوەدا ناڕوونی و بێسەروبەرەیی‌یەک کە لەبواری بەکاربردنی زمانی کوردی وەک زمانی رەسمی و پێوەندیی لەگەڵ زمانەکانی دیکە بەتایبەتی عەرەبیدا نەک هەر لە کەرتی تایبەتدا بەڵکوو لە کەرتی گشتی و لەنێو خودی پەرلەمان و حکومەت و دادگاکاندا هەبوو، هیچ بە قازانجی زمانی کوردی نەبوو. ئەو یاسایە نەک هەر وڵامدەری پێویستیەکی روونی ناسنامەپارێزانە و سەروەری خوازانە بۆ کوردە، بەڵکوو بۆشاییەکی گەورەی قانوونییش پڕ دەکاتەوە و ئەرک و ئیلزام لەسەر هەموو لایەنێک و لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا دروست دەکا هەتا رێز لە رەسمییەتی زمانی کوردی بگرن و پەرەی پێ بدەن.

**ئاستەنگەکانی سەر داڕشتن و پەسندکردنی ئەم یاسایە چی بوون؟**

هەر ئەوە کە پاش بیست و سێ ساڵ حاکمییەتی ئازاد و نیمچە سەروەری کورد تازە یاسایەکی ئاوا گرینگ و بنەڕەتی بەتایبەتی لە کانتێکستی گەلێکی وەک گەلی کورددا پەسند دەکرێ، نیشانەی ئەوەیە کە کارێکی لەم چەشنە ئاستەنگی زۆر لەسەر رێگا بووە. لێرەدا تەنیا ئیشارە بە دوو ئاستەنگ دەکەم کە هەر ئەو دووە هەموو کێشە و گیروگرفتەکانی نێوخۆی کورد لەپێوەندی لەگەڵ زمانەکەیدا کورت دەکاتەوە (چونکە وەک دەزانن کێشەی زمان و ناسنامەی کورد تەنیا لەپێوەندی لەگەڵ مامەڵەی حاشاکارانە و زاڵمانەی دوژمندا نیە، بەڵکوو بەشێکیشی بۆ نالێکی و هەمەچەشنییە دەروونییەکانی خودی کورد دەگەڕێتەوە). ئاستەنگی یەکەم ئەوە بوو کە هێندێک کەس بە هەڵە لە مەبەستی یاساکە تێگەیشتبوون و ئامانجی ئەو یاسایەیان لەگەڵ پرسی زمان و ڕێنووسی یەکگرتوو تێکەڵ دەکرد. هەربۆیە لە قۆناغێکدا بەهۆی حەساسیەتی ناوچەیی و لەهجەیی کەمی مابوو دەسپێشخەرییەکەی ئێمە بە سیاسی بکرێ و لەبار بچێ. ئێمەش هەم لە لیژنەکەماندا و هەم بەتایبەتی لە پەرلەمان زۆر زوو ئەو پەیامەمان گەیاند کە مەسەلەی زمان و ڕێنووسی یەکگرتوو و پێوەندیی نێوان شێوە زارەکان لە بەستێنی فەرمیدا نەک هەر لە توانا و دەرەقەتی یاسایەکی وەهادا نیە، بەڵکوو تەنانەت لە قۆناغی ئێستادا سەلاح نیە پەرلەمانی کوردستانیش بەبێ زەمینەیەکی عیلمی و سیاسیی گونجاو و کارلەسەکرتاو هەر بیریشی لێ بکاتەوە. ئاستەنگی دووەم، نەبوونی متمانە بەخۆ بوونی کورد لەبواری زمانی رەسمیدایە. بۆ نموونە (و ئەوە لە کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیراندا بە زەقی دیار بوو) زۆر کەس پێیان وایە کە کوردی زمانی قانوون نیە، هەربۆیەش هەتا پەسندکردنی ئەو یاسایە زمانی ئەسڵی و خاوەن متمانەی قانوونی هەم بۆ یاساکان و هەم لە دادگاکانی هەرێمی کوردستاندا زمانی عەرەبی بوو نەک کوردی. لەگەڵ ئەوەدا کە ئێمە لەجێ خستنی ئەو باوەڕەدا کە مادام ماتێماتیک و بایۆلۆژی و فیزیا و کیمیا دەکرێ بە کوردی بکرێن، قانوونیش دەکرێ بە کوردی بکرێ تا ڕادەیەکی بەرچاو سەرکەوتین، بەڵام ئەو دیدە بەکەمگرە خۆماڵییە بۆ زمانی خۆمان لەڕاستیدا کاریگەریی هەبوو لەوەدا کە پرۆژە یاساکە ئەگەرچی زۆر واقعبینانە نووسرابوو، بەڵام هێندەی دیکەش لە بەرزەفڕییە رەواکانی کەم بکرێتەوە.

**ئایا ئەم قانوونە هەر بەشی پەروەردەیی‌و ئیداری دەگرێتەوە، یان لە هەموو ڕەهەندەکاندا جێ دەخرێ؟**

ئەو قانوونە زۆر لەوە فراوانترە چونکە جگە لە هێندێک بواری وەک ژیانی تایبەتیی تاکەکان لەڕاستیدا هەموو بوارەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا دەگرێتەوە. لە زمانی یاسا و دادگا و دامەزراوە گشتییەکان و پێوەندییە نێوخۆیی و دەرەکییەکانیدامەزراوە حکومییەکانەوە بگرە هەتا نووسینی سەر تابلۆ گشتی‌یەکان و ناوی شوێنەکان و زمانی خوێندن (بە دامودەزگا پەروەردەییە ئەهلیەکانیشەوە) و زمانی کار و بازرگانی و نووسینی سەر رێکلام و کەلوپەل و بەرهەمەکان و ... هتد لە خۆی دەگرێ.

**وەک دەزانین زۆر پێکهاتەی نەتەوەیی‌و کەمایەتیی دیکە لە کوردستان دەژین، لەو پرۆژە یاسایەدا زمانی ڕەسمی لەو شوێن‌و ناوچانە چۆن پێناسە کراوە؟**

لێرەدا ئێمە وێڕای ئیشارە بە زمانی هێندێک لەو پێکهاتانە وەک تورکمانی و سریانی، ئاسانترین و مەشرووعترین پێوەرمان بۆ وەها پێناسەیەک هەڵبژارد کە بریتییە لە ئیرادەی خەڵک و چوارچێوەی کارگێڕی. بەو مانایە کە لە هەر یەکەیەکی ئیداریدا (کە دەکرێ زۆر بچووکیش بێ) زۆرینەی دانیشتووان ویستی خۆیان بۆ بەکاربردنی زمانی خۆیان وەک زمان رەسمی لەپاڵ زمانی کوردیدا دەرببڕن، پێویستە داواکارییەکەیان بە ئەرێنی وڵام بدرێتەوە.

**ئەم قانوونە چۆن دەخرێتە بواری جێبەجێ‌کردنەوە؟ میکانیزمەکانی جێبەجێبوونی کامانەن؟**

ئەوەش بابەتێکە کە مشت و مڕی زۆری لەسەر بوو. لە سیاغەکەی ئێمەدا، کۆمیسیۆنێکی زمانە فەرمییەکانمان هێناوە کە وەک دەزگایەکی باڵای فەرمی چ لەنێو حکومەتدا و چ ئەگەر بکرێ بە شێوەی سەربەخۆ سیاسەتی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا دارێژێ و بەڕێوەشی ببا. ئەو کۆمیسیۆنە لە دوو لیژنە پێک دێ کە یەکێکیان (لیژنەی زمان) ئەرکی زاراوەسازیی فەرمیی بەتایبەتی لەبواری قانوونی و کارگێڕیدا لەسەر شان دەبێ، ئەوەی تریشیان (لیژنەی بەدواداچوون) کاری ئەوەیە کە چاوەدێری بەسەر بەڕێوەچوونی سیاسەتی زمانیدا بکا لە هەردوو ئاستی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا و تەنانەت پرۆگرامی باشکردنی فەرمیەتی زمانی کوردیش بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت یا دامەزراوە گشتییە پێویستەکان دادەنێ. کۆمسیۆن هەروەها ساڵانە راپۆرتی بەڕێوەچوونی سیاسەتی زمانی دەداتەوە حکومەت و پەرلەمان و لەو بوارەدا سەڵاحییەتی گەڵاڵەکردنی راسپاردە و رێنماییشی هەیە.لەلایەکی دیکەوە، لەسەر ئاستی سزاکاندا کۆمسیۆن وێڕای دەسەڵاتی هۆشداری دان و لەقاودان، دەسەڵاتی ئەوەی دەبێ کە کەیسی سەرپێچییەکان بداتە دادگا. بەڵام ئەوەندەی من بزانم یاساکە بەو جۆرەی پەسند کراوە لەجیاتی ئەو مێکانیزمە ورد و بەهێزەی ئێمە پێشنیارمان کردبوو، زۆرتر رۆڵی داوە بە ئەکادیمیای کوردی کە هیوادارم سەرکەوتوو بن.



## بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لە خۆپیشاندانی ڕۆژی کۆبانیدا

### باشووری سوئێد

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری سوید بە گەرمی‌و گوڕییەوە لە خۆپیشاندانی ڕۆژی کۆبانی‌دا بەشدارییان کرد.

ڕۆژی شەممە، ١٠ ی خەزەڵوەر ڕێپێوانێکی بەربەرین بە بەشداریی هەزاران کەس لە کوردو ئازادیخوازانی باشووری سوئێد بە بۆنەی ڕۆژی کۆبانێ لە شاری مالمۆ بەڕێوەچوو. لەو ڕێپێوانە دا کە دەیان حیزب‌و ڕێکخراوی کوردستانی‌و چەپ و سوسیالیستی سویدی و ئاپۆرەیەکی بەرینی خەڵک تێیدا بەشدار بوون، بەشێکی زۆر لە ئەندامانی کومیتەی باشووری سوئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش تێیدا بەشدار بوون‌و پەیامی پشتگیریی حیزبی دێموکرات‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە کوبانی بە گوێی خەڵکی جیهان گەیاند.

لەو خۆپێشاندانەدا دەیان دروشم بە زمانەکانی کوردی، سویدی و ئینگلیسی و بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانی‌و خۆرئاوای کوردستان گوترانەوە و سەدان ئاڵای کوردستان‌و وێنەی تایبەت بە ڕۆژی کۆبانێ لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە بەرز کرابوونەوە. لەو خۆپیشاندانەدا خۆپیشاندەران بە ڕێپێوان‌و گوتنەوەی درووشم و سروودی شۆڕشگێڕانە بەرەو گۆڕەپانی گەورەی شاری مالمۆ وەڕێکەوتن‌و لە شوێنی کۆبوونەوەکە چەندین پەیامی پشتگیری لە لایەن حیزب‌و ڕێکخراوە کوردستانی‌و سوئێدییەکانەوە پێشکەش کران، کە لەو بەشەش دا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە بە بۆنەی ڕۆژی کۆبانی‌یەوە بڵاو کرابووەوە لە لایەن ئازاد بانەیی خوێندرایەوە.

شایانی باسە ئەو خۆپیشاندانە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب کۆتایی پێ‌هات.

### نۆڕوێژ

لە خۆپیشاندانی رۆژی کۆبانی‌دا بە هەزاران کەس لە کوردستانیانی دانیشتووی نۆروێژ، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی هێزو ڕێکخراوی مەدەنی‌و سیاسی لە مەیدانی کرێکاری ئۆسلۆ، پێتەختی وڵاتی نۆروێژ بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگریی کۆبانی کۆبوونەوە.

ئەو خۆپیشاندانە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و بەرزکردنەوەی دروشی نەتەوەیی بە زمانەکانی کوردی‌و نۆروێژی ە دەستی پێ‌کردو، دواتر پەیامی هێزو لایەنە سیاسیەکان پێشکەش کرا کە لەناو پەیامەکاندا، پەیامی چەند کەسایەتیی سیاسی سەربەخۆی نۆروێژی تێدابوو.

لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆروێژ پێشکەش کرا کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، پارتی سەربەخۆی کوردستان، کۆمەڵەی شۆرشگێری کوردستان، رێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان، پارتی سەربەستی کوردستان‌و ریکخروای دێموکراتی کوردستان، یارسان پێک هاتبوو.

شایانی باسە کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە نۆریژ بە هێمای حیزبی‌و ئاڵای کوردستان بەشداری ئەو خۆپێشاندانیان کردو جەختیان لەسەر هاوپێوەندیی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان‌و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لەگەڵ کۆبانی‌و خەباتی کورد لە خۆراوای کوردستان کردەوە.

### ئۆپسالای سوئێد

لە شاری ئوپسالای وڵاتی سوید، خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ پشتیوانی لە ڕۆژی جیهانی کۆبانێ بەڕێوە چوو. ئەو خۆپیشاندانە لە بەردەم بینای کۆنگرەکانی ئەو شارە، هەڵکەوتوو لە مەیدانی « ڤاکسلا « دەستی پێ‌کردو لەو خۆپیشاندانە دا کە هەزاران کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان‌و سویدی دۆستی گەلی کورد تێیدا بەشدار بوون، بە بەرزکردنەوەی دروشم پشتیوانیی خۆیان لە کۆبانی‌و مەحکومکردنی جینایەتەکانی داعش دەربڕی.

لەو خۆپیشاندانەدا داوا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی‌و حکومەتە بڕیار بەدەستەکان کرا کە هاوکاری گەلی کوردو خەڵکی کۆبانێ بکەن کە پێش بە هێرشی گرووپی تێرۆریستیی داعش بگرن و بە ناردنی چەکو چۆڵ جیهان لە شەڕی ئەو گرووپە دژ مرۆڤایەتییە ڕزگار بکەن.

### بریتانیا

لە وڵاتی بریتانیاش بە بەشداریی چەندین ئەندام پارلەمان‌و کەسایەتی سیاسی‌و ڕەوەندی کوردی لە بریتانیا، خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کوردەکانی دانیشتووی شاری لەندەن‌و دەوروبەری، چەندین ئەندام پارلمانی بریتانیا، روژنامەنووسان‌و نوێنەرانی زوربەی میدیاکان، بەهاوکاری هیزە سیاسیەکانی هەرچوار پارچە، لە خوپیشاندانیکی بەریندا ڕێزیان لە خەبات‌و خوڕاگری کورد لە کوبانی گرت‌و دژ بە داعش‌و نەیارانی کورد داوای هاوکاری‌و پالپشتی زیاتریان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی هاوکاری هێزە کوردستانییەکان لە بریتانیا، کە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەیئەتی ئیجرایی ئەو کۆمیتەیە دایە، دەورێکی بەرچاوی لە ڕێکخستنی خۆپیشاندانەکەدا هەبوو، هاوکات ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، بە شێوەیەکی بەرچاو بەشدارییان تێدا کرد.

### دانمارک

سەدان کەس لە کوردەکان، بیانییەکانی لایەنگری ئازادی‌و مافی مرۆڤ‌و بەبەشداریی بەرینی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە لە خۆپیشاندانێکی بەرین‌دا پشتیوانیی خۆیان لە خۆڕاگریی کۆبانی ڕاگەیاند.

ئەو خۆپیشاندانە لە «ئێهن پارک»ی شاری کۆپێنهاگ، پایتەختی دانمارک بە بەشداریی بەرچاوی ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب‌و ڕێکخراو و کەسایەتیەکانی کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵێکی زۆر لە دانمارکییەکانی دۆستی گەلی کورد بەڕێوە چوو. لەو خۆپیشاندانەدا خۆپیشاندەران کە سەدان ئاڵای کوردستان‌و دەیان درووشمی جۆراوجۆریان هەڵگرتبوو، بە ڕێپێوان و دروشم دا بەرەو گۆڕەپانی «وێستە برۆ» وەڕێکەوتن و لەو گۆڕەپانە چەندین پەیام‌و وتار لە لایەن هەڵسوڕاوانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی و بواری مافەکانی مرۆڤەوە خوێندرایەوە و خۆپیشاندەرانیش بە دانی دروشمی بژی کوردستان بژی کۆبانی بژی پێشمەرگە، کۆبانی تەنیا نیە، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی پێشمەرگەو کوبانی ڕاگەیاند.

### ترۆندهایمی نۆڕوێژی

بەشداری خۆپێشاندانی رۆژی جیهانیی کوبانیان کردو جارێکی دیکە پشتیوانی حیزبەکەیان بۆ شاری کوبانی‌و خەباتی کورد لە رۆژئاوای کوردستان دووپات کردەوە.

لەو خۆپیشاندانەش‌دا کۆمەڵێک وتار خوێندرانەوەو دروشمی جۆراوجۆر بە دژی داعش‌و بۆ پشتگیری کۆبانێ گوترانەوە.

شایانی باسە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداری‌و رۆڵی بەرچاویان لەو لە هەموو خۆپیشاندانەکان‌دا هەبووە.

# ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ‌و دەرئەنجامەکانی



عومەر باڵکی

لە دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامیی عێراق‌و شام ناسراو بە داعش‌و کۆنترۆل کردنی بەشێکی بەرچاو لە خاکی عێراق‌و سووریەو لە ئاکامدا شەڕ پێ فرۆشتن بە خەڵکی کوردستان لە باشوورو خۆرئاوای ئەو وڵاتە دابەش کراوەدا دەبینین ناوچەکە ئاقارێکی دیکەی لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا گرتۆتە بەر. بە هۆی دڕندەیی داعش‌و هێرشەکانی بۆ سەر خاکی کوردستان‌و قەتڵەعام کردنی خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی شنگال لە باشووری کوردستان‌و گەمارۆدانی شاری کۆبانێ لە خۆرئاوای کوردستان‌و خۆڕاگری پارێزەرانی کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی داعش‌دا هاوپەیمانێکی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتی ئەمریکا بە دژی داعش بۆ پشتیوانی لە باشوورو خۆرئاوای کوردستان دروست بووە.

لەو هەل‌ومەرجەی ئێستای ناوچەکەداو بە تایبەتی بە هۆی هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان هەرکام لە دەوڵەتانی ناوچەکە بە تایبەتی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەردا دابەش بووە بە نۆرەی خۆیان بە تایبەتی ئێران‌و تورکیە بۆ قازانج‌و بەرژەوەندییان هەوڵیان داوە کاریگەریان هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان‌و هەتا دەتوانن خۆیان جڵەوی ڕووداوەکان بە دەستەوە بگرن. بەڵام هەل‌ومەرجی خولقاوو هاوپێوەندی نێودەوڵەتی ئەو ئیجازەی نەداوە بە هیچکام لەو چوار دەوڵەتە بە تایبەتی ئێران‌و تورکیە کە بتوانن لەو هەل‌ومەرجەدا ڕۆڵ‌و نەقشی سەرەکیان هەبێ، چونکە هەرکام لەو وڵاتانە بە هۆی هەلومەرجی خۆیان‌و ڕەچاوکردنی ستراتێژی‌و بەرژەوەندیپارێزی خۆیان نەیانتوانیوە لەو هاوپێوەندییەدا جێ بگرن.

دوو وڵاتی عێراق‌و سووریە بە هۆی هاڵۆزی نێوخۆیان‌و ناسەقامگیری دەسەڵاتی ناوەندییان‌و کێشەو ململانی دەسەڵات لە نێو پێکهاتەکانی ئەو دوو وڵاتە، توانای ئەوەیان نیە لە سەر پێی خۆیان ڕابوەستن‌و خۆیان بڕیاردەر بن لە سەر چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان. ئێران‌و تورکیەش بە هۆی جیاوازی بەرژەوەندیەکانیان‌و تێڕوانینی جیاجیایان بۆئاکامگیری لە ڕوداوەکان ناتوانن پێکەوە هاوپەیمان بن‌و لە هەمان حاڵدا هەریەکە بەجۆرێکش ناتوانن لەوهاوپەیمانیە نیودەوڵەتیە بەشداربن.

ئەگەر بە کورتی ئیشارە بە هۆکارەکان بکەین دەتوانین بە شیوەیە دەستنیشان بکەین:

ئێران بە پێی ئەو ئەسڵەی کە لە سەری دامەزراوە، دەبێ ناوەندی دەسەڵاتداری جیهانی ئیسلام بێ‌و دەوڵەتانی وەک ئیسرائیل نابێ لە سەرنەقشەی جوغرافیای جیهاندا بونیان هەبێ، ئامریکا دەیهەوێ ڕێژیمی بەشار ئەسەد بڕوا بەڵام کۆماری ئیسلامی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک و بە ئاشکراو بە ناردنی یارمەتی مادی‌و نیزامی پشتیوانی لە بەشار ئەسەد دەکا ئەوانەو دەیان بەڵگەو هۆکاری دیکە کە لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی هەتا ئێرەی لەگەڵ بێ نایهەوێ لە هاوپەیمانیەکدا بەشداربێ کە ئەمریکا سەرکردایەتی دەکا.

تورکیەش بە دانانی چەند مەرجێک وەک لێدانی بنکەوبارەگاکانی بەشار ئەسەد بە هۆی هێزی هاوپەیمانان نەیتوانی ئامریکاو هاوپەیمانانی رازی بکاو لەهەمان حاڵدا لە بە دەسەڵات گەیشتنی کورد لە پارچەیەکی دیکەی کوردستان‌و لە سەر سنوورەکانی خۆی نیگەرانەو چەندین بەڵگەو هۆکاری دیکە کە خودی دەوڵەتی تورکیە خوازیاری جێبەجێ کردنیان بووە، نەیتوانی یان نەیهەیویست بچێتە نێوهاوپەیمانی بەدژی داعش.

پێویستە لێرەدا ئەوە وەبیربێنینەوە ئەگەر ئێران‌و تورکیە لە ستراتیژی لابردن یا مانەوەی بەشار ئەسەد لەسەر کورسی دەسەڵاتی سووریە یەک ئامانج نین، لە سەر پرسی کورد وەک یەک بیردەکەنەوە.

ئەوەتا لە سەر ڕۆیشتنی هێزێکی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کۆبانێ هەڵوێستی هەردوو لەو دەوڵەتانە بەجۆرێک لە جۆرەکان دژایەتی بوو. دەوڵەتی تورکیە لە سەر فشاری ئامریکاو هاوپەیمانان‌و بیروڕای گشتی جیهان ڕازی بوو پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بچێت بۆ کۆبانێ لەگەڵ ئەو ڕازی بونەش ڕەنگە هێندێک مەرجی خۆی هەبووبێ‌و لە هەمان کات‌دا لە ناوخۆی تورکیەش هێندێک ئەحزابی ئۆپۆزسیونی ناو پارلەمانی ئەو وڵاتە بە ئاشکرا دژایەتی خۆیان لە تێپەڕبونی هێزی پێشمەرگە بە سنووری تورکیەداو چوونی بۆ کوبانی دەربڕیوە.

ئێرانیش بە هەڵوێستی ڕەسمی دژایەتی خۆی لە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆکۆبانێ دەربڕیوەو لە وتووێژێک دا کە ئاژانسی هەواڵی ئێران لەگەڵ جێگری یەکەمی وەزیری دەرەوی ئێران کردویەتی سەبارت بە ناردنی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کوبانی دەڵێت «ئێمە سەبارەت بە جم‌وجۆڵەکانی ئەودواییانە لە کۆبانێ‌و دەرئەنجامی دابەشکردنی سووریە هۆشداری دەدەینە کەسانێک کە بیانهەوێت ئەوهەلە بقۆزنەوەو بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخی ئێستای ناوچەکە ئامانجەکانیان جێبەجێ بکەن».

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو مەسەلانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد، بەخۆشییەوە دوای بڕیارێکی مێژوویی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان‌و پارلمان لە باشووری کوردستان هێزێکی پێشمەرگە خۆی گەیاندە هەرێمی کۆبانێ. ئەوەی جێگای سەرنجە لەسەردەمی ئێستای دۆزی کورد دا ئەوە نییە کە ئەو هێزە پێشمەرگەیە چەند کەس‌و چجۆرە چەکێکیان پێیەو تورکیە مەرجی چ بووەو لە بەرامبەردا هەرێمی کوردستان‌و ئەمریکاو هاوپەیمانانی چ بۆ تورکیە دەکەن؟ ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە:

– هێزی پێشمەرگە لە پارچەیەک لە کوردستانەوە «باشوور» بەڕەسمی‌و بەئاشکرا بۆیارمەتیدانی پارچەیەکی دیکەی کوردستان واتە خۆرئاوا ڕۆیشتون. هەرچەند لە ڕابردوداو لە مێژووی هاوچەرخی جووڵانەوەکانی کورد دا چوونی هێزی پێشمەرگە بۆ یارمەتی‌دانی یەکتر لە پارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی دیکەی کوردستانەوە هەبووەو هەموو ئەو یارمەتی‌دانە هەرچەند بە پێی مەسئولیەتی نەتەوەیی بووە، بەڵام زۆرتر لە نێو دوو حزب‌دا یا چەند حیزب‌دا بووە کە ڕێبەریی جووڵانەوەکەیان لە سەرشان بووەو هیچ لایەکیان پێویستیان بەوە نەبووە کە کۆمەڵێک پرنسیپی نیودەوڵەتی‌و بەرژەوەندیی ناوچەیی لە بەرچاو بگرن. بەڵام ناردنی ئەوجارەی هێزی پێشمەرگە بۆ کۆبانێ لە لایەک دەچێتە خانەی پەیوەندی نێوان دوو دەوڵەتی دراوسێ واتە هەرێمی کوردستان‌و دەوڵەتی تورکیەو لەلایەکی دیکەوە پەیوەندی نێوان دوو دەسەڵاتی سیاسی کوردی واتە هەرێمی کوردستان‌و کانتۆنی کۆبانێ‌و لە هەموو ئەوانە گرنگترئەوەیە کە کورد لە ڕێگای هێزی پێشمەرگەوە چۆتە هاوپەیمانییەکی نیودەوڵەتی بە دژی تیرۆریزم.

– گواستنەوەی هێزی پێشمەرگە لە ڕێگای خاکی ژێردەسەڵاتی ئەو دەوڵەتەی واتە تورکیە کە ماوەی زیاتر لە ٨٠ساڵ ئینکاری بوونی کوردی کردوەو پێشمەرگەی بە چەتەو تیرۆریست ناوبردووە، بۆ خۆی ڕووداوێکی گرینگ‌و وەرچەرخانێکی گەورەیە لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیە سەبارەت بە پرسی کورد. ڕەوتی ڕووداوەکان لە بەرامبەر هێرشەکانی داعش کە مەترسییەکی گەورەی تیرۆریستی بۆ سەر جیهان دروست کردووە وای کرد کە هێزی پێشمەرگە بێتە نێو ئەدبیاتی جیهانی‌و وەک هێزێکی یارمەتی‌دەر لە باشووری کوردستانەوە بەناو خاکی باکووری کوردستان‌دا بەرەو خۆرئاوای کوردستان بڕوا.

– پێشوازی خەڵکی باشوورو باکووری کوردستان لە کاروانی برا پێشمەرگەکانیان لە ڕاستی‌دا کارنەواڵێک بوو کە بە هەموو جیهانی سەلماند کە کورد یەک نەتەویەو خاوەنی یەک ئامانجە.

– ناردنی هێزی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ خۆرئاوای کوردستان لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا جۆرێک لە عورف دروست دەکاو ڕەنگە لە دوارۆژیش‌دا ئەو حەرەکەتە ببێتە بەڵگەیەکی یاسایی کە کۆمەڵگای جیهانی لە ئێستادا ڕێگای داوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هانای ئەو پارچە لە کوردستانەوە بچێ کە تووشی شەرونەهامەتی بووەو هێرش‌و هەڕەشەی تواندنەوەو ژینۆسایدی لە سەرە.

لە کۆتایی‌دا ماوە ئەوەندە بڵێین کە ئەو حەرەکەتەی هێزی پێشمەرگە بڕیارێکی مێژوویی وا لە جێ‌و کاتی خۆی‌دا بوو کە هەم سەلماندی لە سەردەمی ئێستادا کورد دەبێ زیاتر پشت بەخۆی ببەستێ‌و هەم بە دەوڵەتان‌و دنیای دەرەوە بسەلمێنێ کە کورد یەک نەتەوەو یەک خاکە ئەگەر لە ئێستادا ناتوانێ یەک بگرێتەوە لە دوارۆژدا ئەو یەک گرتنەوەیەی کورد هەر ڕوودەدا. هەروەها لە تەواوی ئەو ڕووداوانەدا کورد دەریخست کە شەڕئەنگێز نییەو هەموو توانای خۆی بە کاردێنێ کە دژی تیرۆرو تیرۆریزم ڕابوەستێ چونکە بەدرێژایی مێژووی هاوچەرخ کورد لە هەرچواربەشەکەی کوردستان قوربانی دەستی تیرۆریزمی دەوڵەتی بووە.



# کۆبانی، بووژاندنەوەی مەعریفەی ڕەسەنی کوردو پێگەی ژن



تەهای رەحیمی

هەموو کۆمەڵگە و جەماوەرە مرۆییەکان لە رابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆیاندا دەتوانن خاوەن مەعریفەی تایبەت بن بۆ بوارەکانی ژیان. مەعریفەش ئەو کاتە بەهرەدار و بەکەڵک دەبێ کە لە رەوەڕەوەی ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە و لە بەستێنی رووداو و کارەسات و خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە هەوێنی گرتبێ، بە واتەیەکی دیکە هەڵقوڵاوی بیر و هزری خودی کۆمەڵگە بێ. ئەگەر بیری کۆمەڵگە (کە پێکهاتەیەکە لە بیری تاکەکانی بە درێژایی مێژوو) لە ڕێگەیەی بەسەرهات و سەربوردەکانییەوە توانی مەعریفەیەک بەرهەم بێنێ، ئەوە دەتوانین لەم مەعریفەیەوە بە دوای روحی کۆمەڵگەکەدا بگەڕێن و جەوهەر و ناخی کۆمەڵگەکەی تێدا شرۆڤە بکەین و دۆزینەوەی رۆحی کۆمەڵگەش باشترین یارمەتیدەرە بۆ ناسین و دۆزینەوەی خەم و خۆشی و پێشخستنی و گونجاندنی دەگەڵ بوارە ئاڵۆزەکانی ژیان. بەم پێیە بێ، مەعریفەی رەسەن لە ئاکامی بیری کۆمەڵگەوە بەرهەم دێ و دەتوانێ بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی ئەستوونی لە کۆمەڵگەدا چێ بکا و سەرەڕای بەکەڵک بوونی لە قۆناخی بەدیهاتنی کە شۆڕشێک دەبێ لە ژیانی کۆمەڵگەدا، لە زۆربەی قۆناخەکانی دواتری ژینی، ئەم کۆمەڵگەیەدا دەبووژێتەوە و مەعریفەی سەردەمیتر بەرهەم دێنێ. دەبێ ئەوەش بڵێین کە مەعریفە ناتوانێ بگوازرێتەوە، بەڵکو لە گوازرانەوەدا تەنیا شێوە و فۆرم دەگوازرێنەوە، بۆیە مەرج نییە و وێنەی دەگمەنە مەعریفەی کۆمەڵگەیەک توانیبێ بەقەدەر زێدی خۆی کاریگەریی هەبووبێ. چونکی ئەو شتانەی دەگوازرێنەوە تەنیا زانیاریین، زانیاریش بەبێ ئابدەیەت کاڵ دەبنەوە و لە بیر دەچنەوە. کەواتە گواستنەوەی مەعریفە دەتوانێ بە واتای داماڵینی بێ لە رەسەنایەتیی خۆی. هەروەها بە پێچەوانەی مەعریفەی رەسەن، مەعریفەی گوازراوە تەنیا توانای گۆڕانی ئاسۆیی هەیە نەک ئەستوونی کە ئەمیش تێپەڕە و کەمتر لە ژیانی کۆمەڵگەی مرۆیی دا بیرەوەری و یادگاری لە خۆی جێ دەهێڵێ. دەکرێ بڵێین گوازتنەوەی مەعریفە لە پۆلێکەوە بۆ پۆلە مرۆیەکی دیکە بەو واتایەیە، کە کەسێکی دیکە بیرت بۆ بکەنەوە، بەو مانایەی کە دەبینین شتێک دیاردەیەک، بابەتێک لە وشکاڕۆ و وڵاتێکی دیکەوە بە شێوەی تیۆریک هاوردەی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو دەکرێ، ئەم مەعریفەیە کە تەنیا بریتییە لە زانیاریی و هیچ شتێکی دیکە، نەک هەر ناتوانێ ریشە داکوتێ، بەرهەمەکانی شوێنی بیچمگرتنی لێ هەڵگرینەوە بەڵکوو زۆر جاریش باری نێگەتیڤ لە کۆمەڵگەدا دادەخا. بۆیە دەڵێین گواستنەوەی مەعریفە بە پێچەوانەی داهێنان و گوورانی لە بەستێنی ژیانی کۆمەڵێک مرۆڤ دا بیرکردنەوەی کۆمەڵێکە بەجیاتی کۆمەڵێکی دیکە. وتمان بیرکردنەوە مەعریفە بەرهەم دێنێ، واتە لە ناخەوە شتێک دەبێ بە واقیع؛ بۆ وێنە بیرکردنەوە لە بەرگری لە خاکی کوردستان سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی بەری مەعریفەی خەباتی لە زەینی و روحی تاکی کوردی دا خولقاندووە، بەجۆرێک کە زۆربەی ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگە گەورەکەی کوردستاندا بە جاش و خۆفرۆش دەناسرێن، بواریان بۆ هەڵکەوێ، دەسپێشخەرن لە دەرکردنی دوژمن و بەرگری لە خاکی کوردستان، کە شۆڕشە مەزنەکەی ساڵی ١٩٩١ لە باشووری کوردستان بە جوانی ئەمەی سەلماند. بیرکردنەوە و بڕیاری داکۆکی و بەرگری هەتا مان و نەمان لە کوبانی نەک هەر مەعریفەیەکی قووڵی لای پیاوان پشکوواند ( دیارە بە درێژایی خەباتی ئازادیخوازی گەلی کورد، ژن بەشدارییەکی چالاکی لەم کاروانە نەسرەوتووەدا هەبووە) بەڵکوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەگەر رووداوەکانی بەر لەمێژوو و بەتایبەت هۆزە ئەمازۆنییەکان لەبەرچاو نەگرین، ژنان و ئافرەتان (ئافرێنەر، ئافرۆدیت) ی کورد بە دنیایان سەلماند نەک ژن (ضعیفە) نیە، بەڵکوو نیوەی کۆمەڵیشەو ئافرێنەری نیوەکەی دیکەشە. ژن جیهانێک بە قەدەر و ئەندازەی ئەو جیهانەی پیاو هەیەتی، ئەم دوو جیهانە بەقەدەر یەک بە توانا، ئازاو بەهرەمەندن کە تەواوکەری یەکترین. ژنانی کورد لە کوبانی نیشانیان دا فەلسەفەی ژیان لای ئەوان ڕیکلام و سەماکەری و....... هتد نیە، بەڵکو ئەوین، خۆشەویستی، ئازایەتی و هەموو ئەو ئەرکانەی پیاو وەک نێرینە و ڕەگەزی زاڵ هەتا ئێستا دایسەپاندوون، دەخەنە سەرشان و بۆ یەکەم جار لە مێژوودا ئەوە ژنانی کوبانی بوون کە لە لاپەرەی مێژوودا ئەم چەشنە لە بەشداریکردن لە شەڕدا تۆمار کرد. ڕەنگە هۆکارەکان زۆر بن بۆ ئەوەی کە دنیای رۆژاوا بەم چەشنە بە هاواری کوبانییەوە هات، بەڵام لە روانگەی نووسەرەوە تەنیاو تەنیا فاکتەرێکی گرنگ لەم نێوەدا هەر ئەم مەعریفە و باوەڕە بوو بە هۆی سەرکەوتنی ڕۆڵەکانی کورد و خۆڕاگری شێرانەی کچان و کوڕان لە بەرەکانی شەڕی دژی دەوڵەتی ئیسلامی کە لە ناخی هەموو تاکێکی کوردەوە چەکەرەی کردوە و بەرەبەرە چەشنی چرۆیەک دەپشکوێ و ئەگەر گەلی کورد لە سەرانسەری کوردستان دا بە هێنانە ئاراو و کارکردن لەسەر ئەم مەعریفانە هەڵقوڵاوی هەناوی کۆمەڵگەکەین چڕ بێتەوە، بە دڵنیاییەوە تامی سەرکەوتنی زیاتر دەچێژێ. کەواتە بە گوێرەی باسەکەی سەرەوەمان بێ بە پێچەوانەی هەڵقوڵینی مەعریفە، کاتێک مەعریفەیەکی سەرچاوەگرتوو لە رووداو و بیر و هزرێکی دیکەوە دێت بۆ کۆمەڵگەی دی، ئەو کاتە ئەوە رێک بە پێچەوانەوە لە واقیعەوە دەگەڕێینەوە، نێو بیرو هزر. نەک سەپانی واقیعە بەسەر بیر و هزر بەڵکو لێرەدا عەقڵی گشتی کۆمەڵگە زیاتر لە خەیاڵ و خەونەوە رۆدەچێ. وەک زۆربەی ئەو دیاردە و چەمکانەی بەهۆی بەجیهانیبوون خزاونەتە ژیانی کوردەوارییەوە. بۆ وێنە فمێنیزم کە ماوەیەکی زۆرە لە کوردستانی گەورەدا خەریکە شەپۆل شەپۆل چالاک و بنیات دادەمەزرێنێ، هەتا ئێستاش نەیتوانیوە بە شێوەی ئەم یەک دوو مانگە بەرخۆدانە لە کوبانی بایەخ و بەهای ژن لە لای تاکی کوردی بەرز کاتەوە. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە مێینەی کورد بێ بایەخە و کەم بەهایە لە کۆمەڵگەی کوردی دا بەڵکو کە چاو بە دەقە کۆن و چیرۆک و داستانە نەتەوەیی و میللەکانی کۆن دا دەخشێنین، هەست بە جیاوازی ئەم دوو دنیایە لای کۆمەڵگەی کوردەواری ناکرێ. بە تایبەتیش لە ئایینی زەردەشتی دا، کە مەعریفەیەکە هەڵقوڵاوی بیرو هزری تاکی کوردی. بەڵام دەگەڵ لێکترازانی کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی شاڵاوی بیگانەکان و داسەپانی ئایین و کلتووری دیکەوە هەمێستا زەینی زۆرینەی تاکی کوردی داعش لێدراوە بەر لەوەی داعشێک هەبووبێ. گرنگ ئەوەیە کە بەرخۆدانی کوبانی، وێنەیەکی دیکەی لە کورد و ژنی کورد و بەتایبەتی ژن خستە بەرچاوی جیهانییەکانەوە. وێنەیەک کە دەتوانێ پەرچەکردارێک بۆ ئەو هەمووە مەعریفە و کلتوورەی بە باش و خراپ خزاونەتە ژیانی کوردەوە.

> **مەعریفەی رەسەن لە ئاکامی بیری کۆمەڵگەوە بەرهەم دێ و دەتوانێ بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی ئەستوونی لە کۆمەڵگەدا چێ بکا و سەرەڕای بەکەڵک بوونی لە قۆناخی بەدیهاتنی کە شۆڕشێک دەبێ لە ژیانی کۆمەڵگەدا، لە زۆربەی قۆناخەکانی دواتری ژینی، ئەم کۆمەڵگەیەدا دەبووژێتەوە و مەعریفەی سەردەمیتر بەرهەم دێنێ**

# هۆکاری توندوتیژیخوازی سیستمی کۆماری ئیسلامی‌و ڕێگەکانی بەرەنگاربوونەوەی



ئارەش لوڕستانی
و: ئاڵەشین

دەستداگرتن بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ١٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٨و، سی‌ودوو ساڵ پاش ئەوە دەستداگرتن بەسەر باڵوێزخانەی بریتانیا لە ٨ی سەرماوەزی ١٣٩٠، تێرۆری دژبەران لە نێوخۆو دەرەوەی وڵات، پشتیوانی‌و یارمەتی‌و پەروەردەی تاقم‌و دەستە بناژۆخوازەکانی وەک حیزبوڵڵا، ئەلقاعیدە، تالیبان‌و ئیخوانولموسلمین‌و...، تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان (ئامیا) لە ئارژانتین؛ کە لەسەر ئەم کردەوە تێرۆریستییە تا ئێستا ئارژانتین سێ جاری ئێران تۆمەتبار کردوەو هەروەها خرانە لیستی تێرۆرەوەی سوپای پاسداران، وەزارەتی بەرگری‌و چەندین بەرپرسی پێگەبەرزو باڵای کۆماری ئیسلامی لە لایەن ئەمریکاو هەندێک وڵاتی ئورووپایی وەک ئاڵمان، چەند نموونەیەک لە توندوتیژیخوازی و بنئاژۆخوازی کۆماری ئیسلامین کە ئەم پرسیارە گرنگە دەورووژێنن ئایا توندوتیژیخوازی لەم سیستمەدا وەک ستراتیژی چاوی لێدەکرێ؟ یان وەک تاکتیکی کاتی‌و بە گوێرەی پێداویستی‌و هەلومەرجی جۆراوجۆری قۆناخێکی سیستم دێتە ئارا؟

ئەگەر بڕوانینە قسەکانی «ئایەتوڵڵا خومەینی» لەسەر «پێکهێنانی سوپای بیست ملیۆن کەسی»، «شەڕ نیعمەتە»و» پاراستنی نیزام سەرەکیترین ئەرکە»، کە ئاکامی شەڕی ٨ ساڵە دەگەڵ عێراق‌و کوژرانی چەندین‌هەزار زیندانی لێکەوتەوە، یان ئەگەر لە وتەکانی «نەقدی» سەرۆکی ڕێکخراوی بەسیج لە یەکی سەرماوەزی ١٣٩٢ دا، بەر لە وتاربێژی نوێژی هەینی تاران وردبینەوە کە باسی لە ڕێکخستنی

**کاتێک کۆمەڵگە دەگەڵ سەرکوت‌و توندوتیژی سیستماتیک‌و لە پێشدا بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەسەڵاتی ناوەندیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە، دەکەوێتە قەیرانێکەوە کە زیاترین خەسار هەڵدەگرێ‌و ئەم خەسارو کێشەو ئاریشانەش هەڕەشەو مەترسی ریشەیین بۆ سەر بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان**

بیست ملیۆن ئەندامی بەسیجی کرد، دەبینین قەتڵە زەنجیرەیی‌و ڕووداوەکانی کوی زانکۆو سەرکوتی ناڕازییانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ١٣٨٨و ئازارو ئەزیەتی ژنان‌و کچان، ئەسید پێداکردن‌و زۆر ڕووداوی تاڵی دیکە، هەموان لە ئیدئۆلۆژی ویلایەتی فەقیهەوە سەرچاوە دەگرن، کە هەمیشە توندوتیژی‌و سەرکوت، وەک گرینگترین ستراتیژی خۆی دەکار دەکا.

دووەمین پرسیاری گرینگ ئەوەیە، ئایا ئەو توندوتیژیانە کە وەک ستراتیژ لە ناخ‌و هەناوی سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا جێگیر کراون، چ کاریگەریی‌و ئەنجامێکیان لەسەر کۆمەڵگە دەبێ؟

کاتێک کۆمەڵگە دەگەڵ سەرکوت‌و توندوتیژی سیستماتیک‌و لە پێشدا بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەسەڵاتی ناوەندیی ڕووبەڕوو دەبێتەوە دەکەوێتە قەیرانێکەوە کە زیاترین خەسار هەڵدەگرێ‌و ئەم خەسارو کێشەو ئاریشانەش هەڕەشەو مەترسی ریشەیین بۆ سەر بنیاتە کۆمەڵایەتییەکان کە گرەنتی سلامەتی گرووپیی‌و جەماوەرین، چونکە ئەم زەبرو خەسارانە لەلایەن بەهێزترین دامەزراوی وڵاتەوە کە دەسەڵاتە دادەسەپێن. حکوومەت بە بەڕێوەبەریی‌و وەگەڕخەریی سەرچاوە سروشتی‌و ئابووری‌و مرۆییەکان، دەتوانێ لە هەموو ئامرازو ئامێرێک لە سەربازی‌ڕا بگرە تا زانیاریی‌و میدیاییەوە بۆ ریشاوژۆکردنی ستراتیژی توندوتیژیخوازی خۆی ترس‌و تۆقاندن بە شێوەو فۆرمی جۆراوجۆرو لە ئاستی جیاوازدا بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپێنێ‌و بەرژەوەندییە بازندییەکانی باوەڕپێکراوانی سیستم بخاتە سەرووی ماف‌و خواستە کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکەوە.

خەڵکی ئێران شکاوەو هەروەها بە سەرنجدان بە ئاماری دامەزراوە جیهانییەکانی‌و تەنانەت هەندێک جار ئاماری فەرمی ڕێکخراوو دامەزراوەکانی خودی سیستمی کۆماری ئیسلامی کە باس لە قەیراناوی بوونی سلامەتی کۆمەڵایەتی دەکەن، دەبێ ڕاکێشانی متمانەو تازەکردنەوەی هانەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەشداری گشتگیری خەڵک لە پێناو سڕینەوەی ئەهرۆمەکانی گوشارو تەنانەت گۆڕینی سیستم، رەنگە یەکەمین هەنگاوو ئەستەمترین چالاکی پارت‌و لایەنە سیاسی‌و دامەزراوە مەدەنی‌و مافە مرۆییەکان بێ.

لە حکوومەتە پاوانخوازو دیکتاتۆرەکاندا بواری چالاکی دژبەران‌و ئۆپۆزیسیۆنی سیستم تا ڕادەیەک تۆقێنەرە، چونکە لەم سیستمانەدا تەنانەت چالاکییە مەدەنییەکانیش لەلایەن ڕێژیمی دەسەڵاتدارو دامەزراوە ئەمنیەتی‌و قەزاییەکانی بە گێرەشێوێنی‌و تێکدانی تەناهی نەتەوەیی‌و یا دژبەری سیاسی دەزنرێ‌و قورسترین سزا بۆ هەر چالاکییەکی مەدەنی کە بە دڵی سیستم نەبێ لەبەرچاو بگیرێ. کەواتە هونەری ئەو پارت‌و لایەنە سیاسی‌و مەدەنییانەی بەدوای گۆڕانکاریی یان گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتدارەوەن، لەوەدایە دەبێ دەگەڵ پشتیوانی لێکگردن‌و یارمەتیکردنی




کەواتە ئەو تیپ‌و دەستە هێزە سیاسی‌و مەدەنییانەی خوازیاری دامەزرانی دێموکراسی‌و داکۆکیکاری مافی هاووڵاتیی هەموو خەڵکن، دەبێ چ ڕێگەو شێوازو ڕێگەچارەیەک بۆ هێنانە ژێر پرسیاری حکوومەتی ناوەندیی بەکاربێنن کە توندوتیژی‌و رادیکالیزمی لە هەناوی خۆی گرتوە..

بە سەرنجدان بەو ڕاستییەی کە خەڵکی کۆمەڵگە هەمیشە سەرەکیترین فاکتەری گۆڕانکارییە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکانن، دەبێ بەشداریی پێکردنی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ئاگاییەوەو چالاکی ئەو خەڵکە بکەوێتە بەرنامەی کاری پارت‌و لایەنە سیاسی‌و گرووپەکانی مافی مرۆڤ‌و مەدەنییەوە. لە یەکەم ڕوانیندا، شۆڕشی ٥٧ کە بە هاتنە سەرکاری حکوومەتێکی خراپتر لە ڕێژیمی پەهلەوی بوو بە ئەزموونێکی شکستخواردوو، بە ڕەچاوی فرەنەتەوەیی ئێران کە ئەم نەتەوانە ساڵانێکە لە مافی مرۆیی خۆیان بێبەش بوون‌و بێبەشن، خەمۆکی بەربەرینی کۆمەڵایەتی، هەژاری، گیرۆدەیی بە مادەدە هۆشبەرەکان، بێکاری‌و هەڵاواردنی نامرۆییانەی قووڵ لە بیاڤە فەرهەنگی‌و ئابوورییەکان‌دا گرینگترینی ئەو پرسانەن کە دەبێ لەلایەن پارت‌و لایەنە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سیستم‌و گرووپە مەدەنی‌و مافی مرۆییەکان خەسارناسی‌و شرۆڤەو راڤەو تاووتوێ بکرێن.

بە سەرنجدان بەوەی کە غرور، ڕێزو ئابڕووی کۆمەڵایەتی زۆربەی چین‌و توێژەکانی یەکتر، سەرەکیترین ئەرکی خۆیان لە بیر نەکەن، چونکە ئەگەر کارکردو چەشنی چالاکی پارتە سیاسییە ئۆپۆزیسیۆنەکان‌و دامەزراوە مەدەنییەکان تێکئاڵقێ‌و لێک دیاری نەکرێن، بە هەمان ئەندازە وزەو کاتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی خوازیاری گەشەی سیاسی یان کۆمەڵایەتین بە فیڕۆ دەچێ‌و درێژەی ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی جاڕزی‌و هیوابڕاوی هێزە گۆڕانخوازو تەنانەت خەڵک لەم هێزانەی دەبێ گورزێک بن بۆ بەرگری لە ماف‌و خواستە کۆمەڵایەتییەکانیان لە بەرانبەر سیستمی دەسەڵاتدا.

ئەگەر بڕوانینە ناڕەزایەتی‌و ئامادەیی نەتەوەکانی ئێران بۆ گۆڕینی هەلومەرجەکە لەم چەند ساڵەی رابردوودا‌و بەتایبەتیش دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ١٣٨٨، دەبینین بواری گۆڕانە کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەکان زۆر لەبارە. بەڵام لە کوردستان، پارتە سیاسییەکان چالاکانە لە نێو خەڵک‌و دامەزراوەکانی مافی مرۆڤدا ئامادەن‌و ناوچەکانی دیکەی ئێران لەچاو کوردستان ئامادەییەکی کەمتریان بۆ پێشەڤەچوونی گۆڕانە سیاسییەکانی کۆمەڵگەتەوەر لەخۆ نیشان داوە، کە ئەم فاکتۆرەش بووەتە هۆی ئەوە کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر سەرکوتی بزووتنەوەی گەلی کورد چڕ بێتەوەو بەرنامەو پیلانی بۆی هەبێ.

---

## ڕۆژەڤی ئێران

# فۆبیای «فیتنە»



حەسەن شێخانی

ناوەندی سەرەکیی دەسەڵات لە ئێران دا دەستەواژەی فیتنە بۆ ئەو زنجیرە خۆپیشاندان و حەرەکەتە ئێعترازیانەی، کە دوای ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ١٣٨٨ دا هاتنە ئارا و بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکرد، بەکار دەبا. لەو کاتەوە ئەو دەستەواژەیە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی ئێران و بۆتە وشەیەکی سەرەکیی لێدوان و وتاری ڕەوتێکی بەهێزی نێو سیستمی کۆماری ئیسلامی.

لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە، فیتنەی ٨٨، بەرنامەیەکی لە پێشدا داڕێژراو بوو کە دەیانویست بە کەڵک وەرگرتنی خراپ لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری، نیزام برووخێنن. حوسێن شەریعەتمەداری لە سەروتارێکی ڕۆژنامەی کەیهان دا دەڵێ: کەیهان پێش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، «کودتای دوای شکستی» پێش بینی کردبوو. بە گوتەی ناوبراو، ڕووداوەکانی ٨٨، دوایین پەردەی سیناریۆی ڕووخانی نیزام بوو کە لە لایەن سێ گۆشەی ئەمریکا، ئیسرائیل و ئینگلیزەوە مودیرییەت دەکرا.

سەرەڕای ئەوەی کە بزووتنەوەی سەوز پاش چەند مانگێک سەرکوت کرا، بەڵام دوای تێپەڕینی ٥ ساڵ، هێشتا هەستیارییەکی زۆر بە نیسبەت بەشدار بووان و چالاکان و ڕێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە دەبینرێ. بەشێک لە چالاکانی ئەو بزووتنەوەیە هێشتا لە زیندان دان و ڕێبەرەکانیشی هەروا دەستبەسەر. لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە ئەوان پرێستیژ و ئیعتباری نیزامیان بردۆتە ژێر پرسیار، زیانێکی زۆریان لە نیزام داوە، بۆیە تا لە هەڵەکەیان پاشگەز نەبنەوە و تۆبە نەکەن، نیزام لێیان خۆش نابێ.

فیتنە و فیتنەگێڕان لە لایەن وەلی فەقیهەوە بە هێڵی سوور دادەنرێن کە هەر کەس و لایەنێک خۆی لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامی دا پێناسە دەکا، دەبێ سنووربەندییان لەگەڵ بکا. خامنەیی لە دیدارێکی لەگەڵ کابینەی ڕوحانی دا، کە بە بۆنەی حەوتووی دەوڵەت ڕێکخرابوو، هۆشداری پێدان کە دەبێ سنووربەندییان لەگەڵ فیتنە بپارێزن.

وای لێ‌هاتووە کە بە بێ بەڵگەی دادگاپەسەند، بەرچەسپی فیتنە، لە ئەم و ئەو دەدرێ. ڕەزا فەرەجی دانا لەبەر ئەوە متمانەی لێسەندرایەوە کە زۆرینەی نوێنەرانی مەجلیس، ئەویان بە زەمینە خۆش کردن بۆ فیتنەگێڕان و سەرهەڵدانەوەی فیتنە لە زانکۆکان دا تاوانبار دەکرد؛ ڕوحانی بە هۆی ئەوەی کە جەعفەری تۆفیقی تۆمەتی فیتنەی لێدرابوو و دەیزانی مەجلیس دەنگی پێنادا، نەیوێرا وەک وەزیری زانستەکان پێشنیاری بکا؛ یەکێک لە هۆیەکانی دەنگ نەدانی مەجلیس بە مەحموودی نیلیش ئەوە بوو کە دەگوترا یەکێک لە کەسانی چالاکی فیتنە بووە. گرینگ نییە ئەو کەسەی بەرچەسپی فیتنەی لێدەدرێ، بە ڕاستی لە ئێعتراز و خۆپیشاندانەکانی ساڵی ٨٨ دا بەشدار بووە یان نا، بەڵکوو گرینگ ئەوەیە کە لەو بەرچەسپە وەک ئامرازێک بۆ لێدان و دژایەتی کردنی ئەو کەسانەی لە هێڵی سیاسی و فکریی ڕاستیی توندڕەودا جێ ناگرن، کەڵک وەردەگیرێ. ڕەوتێکی نێو سیستم کاسبی پێوە دەکا و دەیەوێ لەو ڕێگەوە زیاتر خۆی لە دەسەڵات دا جێگیر بکا.

ناوەندی سەرەکیی سیستم، لە فیتنە وەک ئامرازێک بۆ پێشگرتن لە کرانەوەی فەزای نێوخۆ کەڵک وەردەگرێ؛ دەیانەوێ تێچووی ئیعتراز و دژایەتی لەگەڵ نیزام ئەوەندە بەرنەسەر، کە کەس نەوێرێ ئەو کارە بکا، ئەگەرکەسانێکیش بە بێ ئیزنی شوێنی پێوەندیدار، ناڕەزایەتی دەرببڕن، نابێ بە تەمای هیچ بەرپرسایەتییەک لە داهاتوودا بن. بە بێ وەزیر مانەوەی وەزارەتی علوم، هەڵگری ئەم پەیامەیە.

هەستیاریی زیاد لە حەد بە نیسبەت ئێعترازەکانی ٨٨، دەرخەری ئەم ڕاستییەشە کە ئەو خۆپیشاندانانە توانیان مەترسییەکی جیددی بۆ سەر نیزام دروست بکەن و ئەگەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی سەوز هەوڵی خاو کردنەوەی ئەو بزووتنەوەیان نەدابا کە ڕادیکاڵیزە دەبوو، لەوانە بوو نەتوانرێ بەو شێوەیە کپ و سەرکوت بکرێ. ڕۆژنامەی کەیهان لە وەڵامی ئەو ڕەخنەیەی عەلی موتەهەری دا، کە بۆچی مووسەوی و کەرووبی دادگایی ناکەن، دەڵێ: ئایا موتەهەری گەرەنتی ئەوە دەکا ئەگەر مووسەوی و کەرووبی دادگایی بکرێن، ئەوان بڕیاری دادگا قبووڵ بکەن؟ ئەوان حوکمی شۆرای نیگابانیان قبووڵ نەکرد، چۆن ملکەچی حوکمی دادگا دەبن! ئایا موتەهەری زەمانەت دەدا کەئەوان دوای ئازادی، بەرژەوەندیی نیزام بپارێزن؟ ئەو قسانەی کەیهان دەرخەری ئەوەیە کە سیستم ترسی لە پۆتانسیێلی ناڕەزایەتیی خەڵک هەیە و نیگەرانی ئەوەیە کە ئەو ناڕەزایەتییانە سەرهەڵبدەنەوە.

گەورەکردنەوە و کاوێژی دەستەواژەی فیتنە بۆ ئەوەشە کە ڕێگری بکەن لەوەی کە غەیرە خودییەکان بێنەوە نێو سیستم؛ تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە زۆر گوناحی نەکردەش دەخەنە ئەستۆی بە قەولی خۆیان فیتنەگێڕان. موجتەبا زوننور راوێژکاری نوێنەری وەلی فەقیە لە سپای پاسداران، لە وتووێژێک دا لەگەڵ بڵاوکراوەی «صبح صادق» ئۆرگانی دەفتەری سیاسیی سپا، وێرای ئەوەی کە تاوانی گەمارۆکانی ڕۆژئاواش دەخاتە ئەستۆی ئەوان، دەڵێ: فیتنەگێڕان دەیانەوێ قۆناغ بە قۆناغ بێنەوە نێو سیستم و ئەمەش لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی داهاتوودا واتادار دەبێ. حوسێن شەریعەتمەداری دەڵێ: نابێ ڕێگە بدرێ «فیتنەگێڕانی موددەعیی ریفۆرمخوازیی» بێنەوە نێو سیستم، چونکە دیسان خەیانەت دەکەنەوە.

خیانەتکار، بەکرێگیراوی ئیسرائیل، تابووری پێنجەمی دوژمن، نیشتمان فرۆش و خوازیاری ڕووخانی نیزام، ئەو دەستەواژە و ناوانەن کە بۆ چالاکان و ڕێبەرانی ئێعترازەکانی ٨٨ بە کار دەبرێن کە هەر کام لەو تۆمەتانە لە یاسای کۆماری ئیسلامی دا، قورسترین سزایان لە سەرە. ئەمە نیشاندەری ترسی ئەوانە لە تەقینەوەی ناڕەزایەتیی پەنگ خواردووی خەڵک.

# مافی مرۆڤ لای ئەوان چ بایەخێکی هەیە؟!



کوێستان فتوحی

مەسەلەی «مافی مرۆڤ» ئەمڕۆ لە جیهان‌دا بۆتە ئەرزشێک کە هەر رێژیم‌و دەوڵەتێک بایەخ و رێز بۆ مافی ئینسانەکان دانەنێن، لە بیروڕای گشتیی جیهانی‌دا ئەو رێژیمە بێزراوە و وەک پێشێلکاری مافی مرۆڤ سەیری دەکرێ. ساڵانە لەلایەن رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤەوە،کارو کردەوەی رێژیم‌و دەوڵەتان لە بواری مافی مرۆڤەوە، هەڵدەسەنگێندرێ و ئەگەر پێشێلکارییەک لە کارنامەکەیان‌دا هەبێ، ئاگادار دەکرێنەوە. یەکێک لەو رێژیم و دەسەڵاتانەی کە بەردەوام و ساڵانە لە لایەن رێکخراوی جیهانیی مافی مرۆڤەوە بە پێشێلکاری مافی مرۆڤ لە وڵاتەکەی‌دا مەحکووم دەکرێ، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

**پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران مەسەلەیەکی سیستماتیکەو پێوەندی بە تەواوی نیزامەوە هەیە**

کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لەوەی قانوونی بنەڕەتییەکەشی پڕە لە ناتەبایی لەگەڵ پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان، بە شێوەی جوراوجۆری دیکەش لە بەڕێوەبردن‌و هەماهەنگکردنی کۆمەڵگەدا پرنسیپە مرۆییەکان پێشێل دەکا. دەسەڵات لە هەر وڵاتێک‌دا بەرپرسی ئەمنییەتی ژیانی هاووڵاتییانی وڵاتەکەیەتی لە هەمانکاتیش‌دا بەرپرسە لە ئاست هەر دیاردە و قەیرانێکی کۆمەڵایەتیدا کە لە وڵات‌دا سەر هەڵ بدا. بۆ نموونە تازەترین رووداوێک لە وڵاتی ئێران دیتمان، لە ماوەی مانگێکدا ١٥ ژن لە یەک شاردا زۆر دڕندانە دەکەونەبەر هێرشی کەس یان کەسانێک و ئەسید بە سەروچاوییان‌دا دەکرێ‌و جەستەیان دەسووتێندرێ، کەچی دەسەڵات نەک هەر خۆی بەبەرپرس نازانێ، بەڵکوو دامودەزگاو قانوونێکی دادپەروەریش نیە بۆ بەدواداچوون‌و لێپرسینەوە لەم کارەساتە ئینسانیە. ئەگەر دەسەڵاتێک بەبێ جیاوازی پارێزەرو غەمخۆری هاووڵاتییانی بێ، بۆ رووداوێکی لەوچەشنەی شاری ئیسفەهان، بەپەلە حاڵەتی نائاسایی رادەگەیەنێ و بۆ لێپرسینەوەو بە دواداچوون هەموو هەوڵەکانی وەگەڕ دەخا بۆ دیتنەوەی بکەران‌و تاوانباران. بەڵام بەپێی بنەمای ناسین‌و ماهییەتی ئەم رێژیمە، بە هەموو پێوەر و نیشانەکان‌ڕا دیارە ئەم جۆرە رەفتارانە لە ئێران کە لەگەڵ ژنان دەکرێن، لەلایەن دەسەڵاتەوە نەک هەر رێگەپێدراوە، بەڵکوو گەڵاڵەداڕشتنەکەشی هەر لەلای خۆیانەوەیە. دەبینین کۆمەڵگەی ئێران رۆژ لەگەڵ رۆژ لە گەڵ قەیران و دیاردەی جۆراوجۆر رووبەڕوو دەبێتەوە و دەسەڵاتدارانیش نەک لە فکری چارەسەری‌دا نین، بەڵکوو خۆشیان عامیلێکی سەرەکیی ئەو بەڵاو بەدبەختییانەن کە بە سەر خەڵک دێنن. مرۆڤ بوون لە روانگەی رێژیمی ئێرانەوە ئەوەیە تا چەند وەفادار بی بە نیزامی کۆماری ئیسلامی!

ئەو رێژیمانەی کە خۆیان بێعەیب‌و نەقس، عادڵ‌و ... لەیەک دێردا سەمبولی هەموو باشییەکان و بەرانبەرەکەشیان واتە ئەوەی لەگەڵ ئەو نیە، بە خائین‌و خراپکارو فێڵباز دەزانن، بەدڵنیاییەوە ناتوانن دەسەڵاتێکی دادپەروەرانەیان لە ئاست خەڵکەکەی خۆشیان‌دا هەبێ، چونکە هەمیشە بە گومانەوە سەیری خەڵک دەکەن هەروەک رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هیچکات نەیتوانیوە لەگەڵ خەڵک بێ فێڵ‌و ڕاستگۆ بێ.

لە لێدوان‌و قسەکانی بەرپرسانی رێژیم لەسەر هەر کێشەیەک کە لە ئێران‌دا روو دەدا وا نیشان دەدەن کە ئەوان بێ عەیبن، ئەوان دادپەروەرن‌و قانوونمەندن. بەڵام چ قانوونێک؟! کە لەوەی‌دا شک و گومان نیە قانوونەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران نەک یەک ناگرێتەوە، بەڵکوو زۆریش ناتەبایە لەگەڵ رەوتی بەرەوپێشچوونی دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆدا. هەر بۆیە خەڵک بە مافی خۆیانی دەزانن مل بە بەڕێوەبردنی تەواوی ئەو قانوون‌و رێوشوێن‌و گەڵاڵانەی کۆماری ئیسلامی نەدەن. تەنیا قانوونی «پشتیوانی لە بنەماڵە» بەسە بۆ ئەوی بڵێین تا چ رادەیەک نەگونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران. قانوونێک کە پڕە لە نابەرابەری‌و ناعەدالەتی دژی ژنان، قانوونێک بە روونی دیارە بەرابەری حوقووقیی ئینسانەکانی نەپارستوە و لە سەر بناغەی رەگەز مافەکانیان دیاری کراوەو لەم پلەبەندییەدا پیاو رەگەزی یەکەمە. هەر بۆیەشە لە ئێران زۆرن ئەو پیاوانەی بێ سڵکردنەوە رێگە بەخۆیان دەدەن سووکایەتی‌و دەستدرێژی بکەنە سەر کەسێتیی ژنان.

لەگەڵ هەموو ئەوانەش‌دا میدیاو راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی پەروەردەو کەلتووری ئیسلامی‌دا بەردەوام پەرە هەڵاواردنی رەگەزی دەدەن. ئەوەش وای کردوە کە ژنانی ئێران نەک لە دەست مەئموورانی «امر به معروف، نهی از منکر» بەڵکوو بە دەست پیاوانی نەخۆش و رەوانییشەوە هیچ ئەمنییەتێکیان نەماوە. ئەگەر لاپەڕی رۆژنامەکانی نێوخۆی ئێران هەڵدەدەیەوە رۆژانە پڕن لە هەواڵ‌و ڕاپۆرتی رووداوی توندوتیژیی ترسناکی کۆمەڵاتی، کە بەهۆی نەبوونی قانوونێکی دادپەروەر لە وڵات‌دا ساڵانە رێژەی ئەم رووداوانە بەرەو بەرزبوونەوە دەچێ.

لەپێوەندی لەگەڵ رووداوی ئەسیدپێداکردنەکانی ئیسفەکان، کۆماری ئیسلامی ئەگەر رێژیمێکی خەڵکی و بە خەمی خەڵکەوە بوایە، دەبوو وەک کارەساتێکی ئینسانی مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکە بکردایەو لەپێش‌دا دەبوو داوای لێبوردنیان لە خەڵکی ئێران‌و بەتایبەتی ژنانی ئەو وڵاتە بکردایە. چونکە دەسەڵاتی هەر وڵاتێک لە ئاست گیان و ئەمنییەتی خەڵکی ئەو وڵاتەدا بەرپرسە. بەڵام کوشتنی ئینسان‌و لەدەست دانی گیانی ئینسانەکان بۆ دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر بابەتێکی ئاساییە، هەر بۆیە لە جیاتی ئەوەی خۆیان بەبەرپرسیاری گیان و ژیانی ئەو ژنانە بزانن، بە رووداوێکی ئاسایی دەزانن‌و دەڵێن رووداوی لەم شێوە لە زۆر وڵاتی دیکەش روودەدا! یان زۆر بێشەرمانە وەک هەمیشە سیناریۆی بۆ دروست دەکەن‌و دەیخەنە ئەستۆی بە گوتەی خۆیان «ئیستکباری جیهانی»! یان بڵێی دەستی «دشمنان نظام»ی تێدا نەبێ»؟!

ئەوەتا محەممەد جەوادی لاریجانی سەرۆکی ستادی مافی مرۆڤی! «دەزگای قەزایی» رۆژی یەکشەممە ٤ی خەزەڵوەر لە وتوێژێکی تلویزیۆنی کاناڵ دووی ئێران‌دا، روانگەی خۆی لەسەر ئەسیدپاشییەکانی ئیسفەهان‌و «قصاص» لە ئێران‌و هەروەها بە ئێعتراز بە قسەکانی ئەحمەد شەهید راپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ئەمساڵیش جارێکی دیکە رێژیمی ئێرانی مەحکووم بە پێشێلکاری ماڤی مرۆڤ کردەوە، بەم جورە هاتە دەنگ: «نەکا دەستی هێندێک لە وڵاتانی بێگانە لەم رووداوەدا هەبێ! وەک کوشتنی ندا ئاقا سوڵتان لە «آشوبهای» ساڵی ٨٨دا!» هەروەها لەبەشێکی دیکە لە قسەکانی‌دا گوتی: «چ شتێک رووی داوە کە لە وڵاتانی دیکە ڕوویان نەدابێ؟!» پاشان گوتی مەسەلەی «مافی مرۆڤ» بیانوویەکە دژی ئێمە، چونکە ئێمە قودرەتمەندی ناوچەکەین! هەروەها لە پێوەندیی لەگەڵ قانوونی «قصاص»دا گوتی: «قەساس مافێکی تایبەتییە و پێوەندی بە دەوڵەتەوە نیە!» ...

بەڕاستی ئینسان کە گوێی لەم قسانە دەبێ بەخۆی نیە پێکەنینێکی تاڵی دێ! و بەداخە بۆ چارەنووسی خەڵکێک لەژێر دەسەڵاتی ئەوانەدا ژیان بەسەر دەبەن. بەداخبوون بۆ خەڵکێک کە سەری خۆیان بەرداوەتەوە و لە ئاست ئەم هەموو سووکایەتی کردنە پێیان بێدەنگەیان هەڵبژاردوە. دەبوو خەڵکی ئێران‌و بەتایبەتی ژنان لە هەموو شارەکان لە دژی ئەم قسانەی ئاغای لاریجانی ئەگەر هیچیان نەکردایە، لانی کەم درێژەیان بە خۆپیشاندانەکان بدایە بۆ بەدرۆخستنەوەو دژی دروستکردنی ئەم سیناریۆ گاڵتەجاڕانەیەی بەرپرسانی رێژیم.

ئاغای لاریجانی‌و ئەمسالی وەک ئەو لەبیر خۆیان بردۆتەوە کە لە هەموو لایەکەوە مۆرە بەکرێگیراوەکانیان هان دەدران بەم جۆرە رەفتار لەگەڵ ژنانێک بکەن کە ملیان بە قانوونەکۆنەپەرستانەکانی رێژیمەکەیان نەداوە.

زۆر پێش رووداوی ئەسید پێداکردنەکان نەبوو کە ئیمام جومعەی ئیسفەهان تەباتەبایی، نوێنەری خامنەیی لە ئیسفەهان، لە یەکێک لە سوخەنڕانییەکانی لە نوێژی هەینی‌دا لە پێوەندی لەگەڵ «بێ‌حیجابی»دا گوتی: «مەسەلەی حیجاب ئیدی بە تکاو رجاو ئاگادارکردنەوە چارەسەر نابێ! بۆ بەرەبەرەکانی لەگەڵ «بێ‌حیجابی» لە وڵات‌دا دەبێ لە داری تەڕ! و هێزی زۆرداری کەڵک وەرگیرێ»! «باید چوب تر را بالا برد و از نیروی قهریە استفادە کرد». ئەگەر لەم لێدوانە ورد بینەوە زۆر بە روونی دیارە کە دەسەڵاتداران جگە لەوەی لە ئاست ملنەدانی ژنان بە حیجابی زۆرەملی‌دا دەستەوەستانن و دەیانەوێ بە شێوەیەکی دیکە هێزەکانیان لە دژی ژنان سازمان بدەن، بەجۆرێکیش ئەو لێداوانانە تیئوریزەکردنی توندوتیژین بەرانبەر بە ژنان کە ئاکامەکەی هەموو لایەک بەچاوی خۆیان دەیبینن.

بەڵام رێژیم هەرکاتێک رووبەرووی رەخنەی توندی کۆمەڵگەی جیهانی دەبێتەوە، سیناریۆیەکی شەرماوی دروست دەکاو تاوانەکانی خۆی بەشێوەیەک دادەپۆشێ یان دەیخاتە مل بەقسەی خۆیان عەواملی «ئیستکباری جیهانی» یان عەواملی دژی شۆرش! و پیلانگێرییەکانی ئەمریکا و .....

**ئاکامی بێدەنگی!**

یەکەم جار نیە ژنان لە ئێران تووشی کارەساتی ئەسید پێداکردن دەبن، هەرچەند زۆربەیان بە هۆی مەسائیلی تایبەت (شەخسی) یەوە بووە، بەڵام دیسانیش پێوەندی بە پەروەردەی کەلتووری و رێوشوێنە قانوونییەکانی دەسەڵاتەوە بووە. بەڵام رووداوەکەی ئەمجارەی شاری ئیسفەهان لە یەکەم رۆژەکانەوە شکو گومانەکان لەسەر عەواملی توندڕەوی نێو دەسەڵات بوو کە بە ئامانجی «امر به معروف و نهی از منکر» دەستیان دابووە ئەم کارە دزێوە بۆ ئەوەی بەردەوام تۆوی ترس‌و تۆقاندن بڕێژن‌و ژنانی ئێران هەرگیز بیر لە ئازادیی «حیجاب» نەکەنەوە.



ئەم ڕووداوە ئەگەرچی سەرنجی بیروڕای گشتی بۆلای خۆی راکێشاو ئیحساساتی خەڵکی تاڕادەیەک بزواندو لە هێندێک لە شارەکان نارەزایەتی توندی خەڵکی لێ‌کەوتەوە، بەڵام بەداخەوە ناڕەزایەتییەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە نییەت‌و پیلانە مەترسیدارەکانیان بەرانبەر بە ژنان پاشەکشە پێ بکەن. هەرچەند رێژیم بە ریاو درۆ ئەم کردوەی مەحکووم کردو خۆی لێ‌بێبەری کرد، بەڵام تائێستاش هیچ کەس لەم پێوەندییەدا دەستگیر نەکراوەو قوربانییەکانیش وەک هەمیشە بێ ئەوەی یاسایەک هەبێ بۆ پشتیوانی‌و چارەسەری دەردو ئازارە بێبڕانەوەکانیان، لەچاوەڕوانی توندوتیژیی پیاوانەی دیکەدا دەبێ تامردن بەم ئازارەوە بتلێنەوە. چونکە چارەنووسی ژنێک لە وڵاتێکی وەک ئێران‌دا بەم دەسەڵات‌و فەرهەنگ‌و کەلتووره پیاوسالارەوە کە هەیەتی سەرەڕای ئەوەش، بە روخساری شێوێندراوەوە بژی، دیارە چی بەسەر دێ!، بە داخەوە لە مرۆڤبوونیش خاڵی دەکرێتەوە تەنیا بەجەستە زیندوو بەڵام رووح مردوو! ئەمەیە مرۆڤ بوون لای ئەوان! ئەوەیە نەنگی پیاوسالاری و نەنگی کۆماری ئیسلامی!

---

**لە رۆژهەڵاتەوە...**

# رۆژهەڵاتمیحوەری‌و ئێستێک لە سەر دیوە شێویندراوەکەی!



خالید محەممەدزادە

رۆژهەڵاتمیحوەری چەمکێکی تازەیە بەڵام زۆرترین کاردانەوەی لێکەوتۆتەوە کە هێندێکیان تا ئاستی بە هەزەلیکردن رۆیشتن، هەر چەند ئەوکاردانەوانە بە سەرنجدان بەوەی هەموو پرۆژەیەکی کورد بوون‌و هەموو جۆرە شێوازیکی کوردستانی بوون‌و هەموو فۆرمێکی تەعبیر لەخۆ کردن لە رۆژهەڵاتی کوردستان جێگەی خۆی داوە بە تەعبیر لەو کردن، بۆ دەرەوەی ئەم هەرێمەو مرۆڤی ئێمە کراوە بە فریادرەسی شوێنی‌تر تا شوێنی خویان، تا رادەیەکی زۆر پێش‌بینی کراو بوو.

لەم هەرێمەی ئێمە زیاد لە هێزیک‌و زیاد لە نوخبەیەکی سیاسی کار دەکەن بۆ ئەوەی هەموو گەڕانەوەیەک بۆ رۆژهەڵات لێی‌بدرێت‌و هەموو وزەیەکی مرۆیی‌و سیاسی لە دەرەوەی رۆژهەڵات‌و تا ئاستی هاوتەریب بوون لە گەڵ سیاسەتەکانی ئێران بەگەر بخرێت، ئەمەش وایکردوە نەوەیەکی نامۆ بەم وڵاتە بار بهێنریت‌و لە دواجاریش‌دا هەر ئەمانە شەڕی هەموو پرۆژەیەکی رۆژهەڵاتمیحوەری‌و شەڕی هەموو بەرژەوەندییەکی پەلکێشکراو بۆ رۆژهەڵات بکەن، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ئەو وڵاتە خاڵی بکرێتەوە لە وزەو جووڵانەوەیەکی نیشتمانی لە سەر بنەمای رۆژهەڵات.

بەڵام لە دەرەوەی هەڵلاو بەزمی ئەم تویژە حیزبیە پەلکیشکراوەو هاوتەریب لە گەڵ سیاسەتەکانی ئێران دەکرێت ئێستیک لە سەر رۆژهەڵاتمیحوەری بکەین بە بێ ئەوەی چەمکەکە کاردانەوە بێت:

- رۆژهەڵاتمێحوەری کۆکردنەوەی هەموو وزەو توانایەکی ئەم وڵاتەیە بۆ کارکردن لە رۆژهەڵات، بە سود وەرگرتن لە هەموو وزەی کوردبوون لە بەشەکانی دیکەی کوردستان. رۆژهەڵاتمیحوەری نە دژایەتی لە گەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانەو نە ئامادەیە بەشێک بێت لە پرۆژەی حیزبی پەلکێشکراو و هاوتەریب لە گەڵ ئێران نە لە رۆژهەڵات‌و نە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

- رۆژهەڵاتمیحوەری، دەرهاویشتنی کارکردی سیاسیی رۆژهەڵات لە پەراوێزنشینی‌و هەڵوەشانەوەی ئەم تێگەیشتنە لۆکالییە کە پێی وایە نابێت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کاری سیاسی بە سوود بۆ رۆژهەڵات بکرێت‌و بە جۆرێک کە ئێستاشی لە گەڵ بێت زۆر حیزبی رۆژهەڵاتی هەن، ئامادە نین ئەندامگیری لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن بەو بیانوویەی کە نایانەوێ دەستوەردان بکەن، بەڵام بۆ خۆیان ناڕاستەوخۆ بوون بە ئەندامی خۆبەخشی کۆمەڵێک حیزب لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

- رۆژهەڵاتمیحوەری فۆرماتکردنەوەی کوردستانی بوونە لە سەر بنەمای رۆژهەڵات‌و بەبێ دابڕان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و وەلانانی وەلایی بوونە بۆ ئەوحیزبانەی کە بەرژەوەندی هاوبەشیان لە گەڵ ئێران‌و بۆ دەرەوەی ئێران هەیە، کە لەم بەرژەوەندیە گرێدراوەدا رۆژهەڵات هیچ شوێنێکی نیە، جگە لە کونترۆلکردنی هەموو جووڵەیەکی بەرامبەر بە ئێران.

- رۆژهەڵاتمیحوەری تێپەڕبوونە لە کۆیلایەتی بۆ کۆمەڵێک حیزبی هاوتەریب لە گەڵ ئێران‌و ئاشتبونەوەیە لە گەڵ بیروڕای گشتی خەڵکی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و پشتگیریان‌و سودوەرگرتن لەوزەو پۆنانسیەلی مرۆیی‌و سیاسیانە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان‌و داڕشتنی روانینیکی خەڵک میحوەرانە بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان‌و دوور کەوتنەوە لە حیزب میحوەرییە لەو بەشانەی کوردستان. واتە ئەوەی لێرە پێویستە کاری لە سەر بکرێت پشتگیری خەڵک میحوەرانەی بەشەکانی دیکەی کوردستانە، نەک بوون بە فۆرمیک لە حیزبی بوون لە یەک‌و یا چەند حیزبی ئەو بەشانە.

- رۆژهەڵاتمیحوەری روانینێکی کوردستانییە بەرامبەر بە ئێران‌و کۆی هێزەکانی‌و دوور کەوتنەوەیە لە خۆخستنە نێو ئەو پرۆژانەی کە کورد وەک پەراوێزیک سەیر دەکەن‌و چوار ساڵ جارێک بۆ رەوایی دان بە پرۆژەکانی خۆیان کەڵکی لێ‌وەردەگرن.

نابێت لە بیرمان بچێت ئەو نەغمەی بە سازی ئێرانی‌و بە نێوی «کوردستانی بوون» روو بە رۆژهەڵات لێدەدرێت، پرۆژەیەکی ئێرانیە بۆ خاڵی‌کردنەوەی رۆژهەڵات لە هەر وزەیەکی کوردبوون‌و پشت لە ئێران بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، بۆ ئێرانیش هیچ جۆر مودێلێکی کوردستانی بوون لە ناوچەکە جگە لە مۆدیلی رۆژهەڵاتی ناتوانێ زیانی هەبێت‌و ئێرانیش بە پلەی یەکەم کار لە سەر لێدانی هەر پرۆژەیەکی کوردستانی بوون دەکات کە تیادا رۆژهەڵات سەنتەرو بزوێنەری بیت. ئەمەش لەو راستییەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆ ئێران کوردی رۆژهەڵات بە پلەی یەکەم مەترسییە تا کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان‌و ئەم سیستمەش وەک هەموو سیستمەکانی دیکەی فاشیستی کار لە سەر پۆلینکردنی کوردی باش‌و کوردی خراپ دەکات کە بیگۆمان کوردی خراپ جگە لە کوردی رۆژهەڵات لە هیچ شوێنێکی تر بوونی نیە. هەر بۆیە هەوڵیداوە بە هاوکاری کۆمەلێک هێزی هاوبەرژەوەندی خۆی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان کۆی ئەم وزە مرۆییە کە دەکرێت روو بە خوی بە کار ببرێت، بگوازیتەوە بۆ شوێنی‌تر کە کەمترین مەترسی ئەمنی‌و سیاسی بۆ سەر ئێران دروست بکەن.

لە دواجار رۆژهەڵاتمیحوەری دەکریت چەترێک بیت بۆ بەستنی کونگرەی نەتەوەیی رۆژهەڵات کە تیادا کوی هێزەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە فۆرمیکی هاوبەشی دیموکراتیک بۆ داهاتوویەکهی هاوبەش کۆببنەوە.

# داعش، ستراتیژی هێنانەوە پاشی مەسەلەی کورد



خالید حەسەنپور

لە کەس شاراوە نیە کە داعش واتا دەوڵەتی ئیسلامی لە ئاکامی پێشڕەوییەکانی شیعە بەگشتیو کۆماری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی، لە سووریە ودواتر لە عێراق لە دایکبوو. کاتێک ئەو هێزە هاتە سەرگۆڕەپانی سیاسی سووریە، بەشێکی بەرچاوو لە وڵاتانی سوونەنشین بە سەرۆکایەتی عەرەبستانی سعوودی و تورکیە، هەرکام بە تێروانینی خۆی هەوڵیندا کە ئەجێندا و ئارستەی سیاسی نیزامی ئەو ڕێکخراوە بەسوودی خۆیان بگۆڕن . عەرەبستانی سعوودی کە ساڵانێکە باج دەداتە ڕێکخراوە ئیسلامییە توندئاژۆکان، بۆئەوەی لە داوێنی خۆی دووریان کاتەوەو هەروها ئیمارات و قەتەر دەمێکە نیگەرانی پەرەگرتنی نفووزی بەرەی شیعە بە سەرۆکایەتی ئێرانن . ئەو مەترسییە کاتێک گەیشتە ئەوپەڕی خۆی، کە کۆماری ئیسلامی بەدوای باڵادەستی شیعەکان لە عێراق و قەیرانی سووریەدا، ئەوەندی دیکە پەرەی بە نفوزی سیاسی و سەربازی خۆی لە ناوچە بەگشتی و لەو دوو وڵاتەدا . بە کورتی داعش لەلایەن تەوەری سوونیەوە وەک قەڵغانێک بەرامبەر بە زیادەخوازییەکانی شیعە و کۆماری ئیسلامی چاو لێ‌دەکرا .

بەڵام داعش کە قەرار بوو ببێتە ئەو قەڵغانە بەرامبەر بە نفووزی شیعە، لە ڕەوتی خۆی‌دا، بوو بە هاندەرێکی گوشاری جیدی لەسەر دووبەشی پەرەگرتووی جووڵانەوەی کورد لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان. داعش (دەوڵەتی ئیسلامی) کە قەرارە ڕەسالەتەکەی پاراستنی سوونییەکان لە باڵادەستیی شیعە بێ، شەڕی نەتەوەیەک دەکات کە زیاتر لە ٩٠ لەسەدی پێرەویی لە مەزهەبی سوونە دەکات . ئەگەر ئەو ڕێکخراوە بەهۆی پێوەندی گومانوای کوردەکانی سووریە دەگەڵ بەشار ئەسەد، پەلاماری ئەو بەشە دەدات، پەلاماری بۆسەر باشووری کوردستان کە هەتا ئێستا وەک ناوچەیەک لە عێراق گوێڕایەڵی دەوڵەتی باڵادەستی شیعە نەبووە، لە پێناووکام ئامانج دایە؟ ئایا ئەو ڕێکخراوە دیهەوێ دەپێش‌دا بەشێوەیەکی ئامانجدار ناوچەی خیلافەتەکەی کە کوردستانیش دەگرێتەوە، داگیر بکات و لەبوارەدا ئەولەویتی سەبازییەکەی لەنێوبردنی ئاڵقە لاوازەکانە؟ یان لەڕەوتی پەرەگرتنی خۆیدا پێکهاتەی ئەو ڕێکخراوە کە زۆربەیان لە تورک و عەرەبی شوڤینیست پێکدێن، بە سەر ڕەسالەتەکەی‌دا کە شەر دژی نفوزی شیعەیە زاڵبوە و دیهەوێ جووڵانەوەی پەرەگرتووی کورد بەرەو پاشەوە بگێڕێتەوە؟

ڕاستیەکەی ئەویە کە داعش ئامانجدار یان بێ ئامانج هەتا ئێستا لە کرداردا لە هەموو ڕوویەکەوە خزمەت بە ئامانج و ئارەزوەکانی ئەو وڵاتانە دەکات کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە و لە نێوو ئەوانیش‌دا زیاتر لەهەموویان بە تورکیە. تورکیە بە درێژای مێژوو ترسی لە پەرەگرتنی جووڵانەوەی کورد لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان بووە بۆ ئەوەی ڕەوورەوەی خەباتەکەی لەکار بخات، هەموو ڕێگایکی گرتۆتەبەر . دوای ئەوەی هێڵی ٣٦ لەلایەن هاوپەیمانانەوە بۆ پاراستنی بەشێک لە باشوری کوردستان ڕاگەیەندرا، ئەو وڵاتە هەموو جارێ بەبیانووی جۆراوجۆر سنووری باشووری کوردستانی تێدەپەڕاند و بەردەوام گوندەکانی سەرسنووری بۆمباران دەکرد. بەڵام پاش ڕووخانی حکوومەتی سەدام حوسێن لە ساڵی ٩٣ دا و پاشان گۆڕینی یاسای بنەڕەتی عێراق و پەسەندی سیستمی فیدراڵی لە لایەن پێکهاتەکانی ئێراقەوە، تورکیە کەوتە نێوان دووڕیانێکەوە. ڕێگای یەکەم ئەوە بوو کە هەروەک پێشوو دژایەتی هەرێمی کوردستان بکات، کە ئەویان لەلایەک بە گوێرەی یاسای بنەڕەتی عێراق _ کە کوردستان بە بەشێک لە عێراق بەحیساب دەهات _ مومکین نەبوو . هەروەها لە لایەکی دیکەوە دەگەڵ ئەمریکا کە لەو دەوریەدا بەکردوە حاکمی عێراق بوو ڕووبەڕوو دەبوو . بۆیە تورکیە ناچار بوو کە ڕێگای دووهەم کە ڕێگای تەعامولو هاوکاری دەگەڵ هەرێمی کوردستانە هەڵبژێرێ .

پاش ئەوەی حکوومەتی دادوگەشە بە ڕێبەرایەتی ئەردۆغان هاتەسەرکار هەڵویستی تورکیە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان ڕۆژبەڕۆژ پێشەوەچوونی زیاتری بە خۆیەوە دەبینی، بەجۆرێک کە تورکەکان ئەوجار بەسیاسەتێکی بەتەوای نوێوە مامەڵەیان دەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکرد . پێویستیەکانی ئابووری و بارودۆخی ئەمنییەتی ئەو وڵاتە بوونە دوو تەوەرەی بنەڕەتی کە لەو دەوریەداو لە نەبوونی دەوڵەتێکی ناوەندیی بەهێز لە عێراقدا، ئانکارا و هەولێری زیاتر یەکانگیر کرد. پارتی دادوگەشە بۆئەوی لە کۆمەڵگای تورکیەدا ڕەگ داکوتێ و وەکوو پارتە ئیسلامیەکانی پێش‌خۆی لێ‌نەیە، پێویستی بە قەڵەمبازێکی ئابووری و بووژانەوەی ژێرساختی تورکیە هەبوو . ئەوەش بەبێ تەرکیز کردنەسەر باری ئەمنییەتی زەحمەت بوو.

هەرێمی کوردستان لەوچەند ساڵەدا توانی هەم دەروازەیەکی ئاواڵەبێ بۆ گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە و هەم لە نفوزو دەسەڵاتی خۆی بۆ سنووردار کردنی چالاکییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە دژی تورکیە کەڵک وەرگرێ. ئاستی هاوکارییەکانی ئەم دوولایەنە گەیشتە جێگایێک کە تورکیە نەوتی هەرێمی کوردستانی بەبێ پەسەندی دەوڵەتی عێراق ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکات. ئەو دوو دەستکەوتە، گەشەی ئابووری بارودۆخی ئەمنییەتی لە تورکیەدا بەبێ دانی دەورێکی زیاتری سیاسی بە حکوومەتی هەرێم لە ناوچەیەکی فیدراڵەوە بۆ نیمچە دەوڵەتێکی سەربەخۆ مومکین نەبوو .

پێبەپێی قووڵبوونەوەی پێوەندییە ئابووری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڵ تورکیە، لەلایەک هەرێم زیاتر پاڵی وەتورکییە دەدا و لەلایەکی دیکەوە لە دەوڵەتی ناوەندی عێراق دوورتر دەکەوتەوە . ئەوەی زیاتر پاڵی بەوپڕۆسەوە دەنا، پێشێلکارییە نایاساییەکانی دەوڵەتی مالکی بوو، کە ڕەچاوی پەیماننامەکانی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی نەدەکرد. لەو قۆناغەدا هەرێمی کوردستان لەنێوان درێژەدانی ئەو دۆخە کە بریتی بوو لە هەڵوەشانەوەی نایاسایی سیستەمی فیدراڵی و لێ‌ئەستاندنەوەو سنووردارکردنی دەسەڵاتی یاسایی هەرێم لەلایەن دەوڵەتی مالیکییەوە و پرۆسەی سەربەخۆیو بەدەوڵەتبوون‌دا، یەکیان هەڵبژێرێ. سەرۆکایەتیو حکوومەتی هەرێم بەسەرنجدان بە دووپاتبوونەوەی مێژووی هەڵسوکەوتی حکوومەتی ناوەندی دەگەڵ کورد، ڕێگای دووهەم واتا ڕێگای هەڵبژرانی کوردستانی باشووری لە عێراقی گرتەبەر . هەڵبژاردنی ڕێگایەکی ئەوتۆ لەو ڕووەوە کە باشوری کوردستان هەم لە ئاستی عێراقدا تووشی گیروگرفتی گەورەی سیاسی و ئابووری دەکرد، و هەم لە ئاستی ناوچەدا مەترسی بۆسەر بەرژەوەندی بەش یان بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورد دروست دەکرد، هاسان نەبوو. ئەوەبوو کە حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی تورکیە ڕێککەوتن کە نەوتی هەرێمی کوردستان لەڕێگای وڵاتی توکیەوە ڕەوانەی بازاڕەکانی جیهان بکەن . دیارە ئەو کارە بەبێ وەئەستۆگرتنی ڕۆڵێکی سیاسی لە لایەن حکوومەت و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان مومکین نەبوو. دەرئەنجامی ئەو سیاسەتە ئەوە بووکە حکوومەت و سەرۆکایەتی هەرێم، لەلایەک خۆ لە بەرەسمی ناسینی کانتۆنەکانی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان بپارێزن و لەڕووی ئابورییەوە تەنانەت جۆرێک گەمارۆیان بخەنە سەر، لەلایەکی دیکەوە سەرۆکایەتی هەرێم بۆخۆی هاتە نێو پرۆسەی ئاشتی و بە بانگهێشتنی سەرۆک کۆماری تورکیە ئەردۆغان، بۆ بووژانەوەی پرۆسەی ئاشتی لەنێوان حکوومەتی تورکیە و پارتی کریکانی کوردستان، بەشداری لە کۆبوونەویەکی جەماوەری لە شاری دیاربکر کرد.

هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی شارەگێکی ئابووری کە بتوانێ هەرێم لەسەرپێی خۆیڕاگرێ و کۆتایی بە بەسترانەوە بە حکوومەتی مالکی بهێنێ_ کە بە ئەجێندای سیاسی کۆماری ئیسلامی ئێران تەگەرەی دەخستە سەر ڕێگای هەرێمی کوردستان _ جگە لەوی‌کە لە نەوعی خۆیدا بە نیسبەت مەسەلەی کورد شتێکی نوێ‌بوو، تاقیکاریو و ئەزموونێکی زۆریشی بۆ کورد بەگشتی تێدا بوو. ئەویش ئەوەیە کە لەو جۆغرافیا سیاسییەدا کە کورد تێی‌دا دەژی، هەربەشێک لەکوردستان ئەگەر بیهەوێ بەرەو سەبەخۆیی ئابووری و سیاسی هەنگاو بنێ، _ لەنەبوونی پشتیوانێکی نێونەتەویی _ ناچارە دەبێ دەگەڵ ئەو وڵاتانەی کە کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، بکەوێتە مامەڵەوە. ئەو هاوکارییەش بمانەوێ و نەمانەوێ بە خانەی جۆرێک مامەڵە لەسەر کوردی بەشەکانی دیکەدا تێدەپەرێ. هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم بۆ سەربەخۆیی ئابووری هەتا ئەو کاتە بەجێ‌و دروستن کە لەڕووی ئامانجە گەورەکەدا بە زیانی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستان نەشکێتەوەو هەموو هێلکەکان لە قەڕتاڵەی تورکیەدا نەهاوێ.

هاوهەنگاو دەگەڵ پەرەئەستاندنەکانی ئابووری‌و سیاسی لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیەدا، بارودۆخی سووریەش بە هاتنە مەیدانی داعش (دەوڵەتی ئیسلامی عێراق‌و شام) ئەوەندەی دیکە بەرەو شڵەژان دەچوو. کوردەکانی سووریە هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی قەیرانی سووریەدا، ستراتیژی سێهەمیان گرتەبەر و ڕایانگەیاند کە ئەوان نە لە دژی بەشار ئەسەدو نە لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی سووریە شەڕ دەکەن. بەشارئەسەدیش کە لەناوچەکانی دیکەی سووریەدا گوشاری لەسەربوو، لەهەنگاوێکی تاکتیکی‌دا هێزەکانی لەکوردستانی ڕۆژئاوا بردەدەرێ. ئەو بەتاڵییە بەهێزەکانی پەیەدە کە سەر بە p.k.kن، پڕکرایەوە . ئەو سیاسەتە ئەگەرچی بە رواڵەت سیاسەتێکی دروستبوو، بەڵام بە سەرنجدان بە کەشی سیاسی زاڵ بەسەر دژبەرانی سووریە و رووبەری خاک رادەی حەشیمەتی کوردی ئەوڵاتە بە نیسبەت پێکهاتەکانی دیکەی سووریە، کارێکی هاسان نەبوو. ئاکامی ئەو سیاسەتە بوو بە هۆی ئەویکە لەلایەک کوردی ڕۆژئاوا نەتوانی دەگەڵ ئۆپۆزیسیوونی لیبراڵ و ئاماڵ دیموکراتێکی ئەو وڵاتە بکەوێتە ناو یەکیەتی و بەرێکەوە . لە نەبوونی دوورە دیمەنی بەرەیەکی ئەوتۆدا کە کورد و خەباتەکەی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری دژی ڕێژیمی ئەسەد لیک گرێ بدا، بەدیلی دژەکورد بەگشتی و کوردی سووریە بە تایبەتی کە لەتورکیە و داعش پێک دەهات، زۆرترین هەلی بۆلیدانی کورد لەو وڵاتە وەدەست کەوت.

تورکیە نیگەرانی ئەوەیە کە کوردەکانی سووریە لەئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە بۆیان هاتۆتەپێشی، هەم لەئاستی دەرەوەدا و هەم لەئاستی نێوخۆدا زیاتر ببنە خاوەن ڕۆڵی خۆیان. بێجگە لەوە بوونی سنوورێکی هاوبەش لەنێوان دووبەشی کوردستانی باکوور و ڕۆژئاوا و پێوەندی قووڵی مێژوویی و کلتووری و زمانی نێوان ئەو دوو بەشەی کوردستان و لەوەش گرینگتر بەدەستەوە گرتنی جڵەوی خەباتی کوردستانی سووریە لەلایەن پ‌ی‌کاکاوە _ کە تورکیە بە دوژمنی ژمارەیەکی خۆی‌دەزانی_ ناتوانێ نەبێتە مایەی ترسونیگەرانی ئەو وڵاتە. لە ڕاستی‌دا پ‌ی‌کاکا بە بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی جووڵانەوەی کوردەکانی سووریە، بەکردەوە بەرەیەکی دیکەی لەدژی تورکیە کردۆتەوە . بۆیە دەکرێ پرۆسەی ئاشتیی نێوان تورکیە و پ‌ی‌کاکاش هەر لەو گۆشەنیگایەوە هەڵسەنگێنین. پێبەپێی پەرەئەستاندنەکانی ڕۆڵی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان، پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیە و پ‌ی‌کاکاش لە ڕێگای بەرێز ئۆجەلانەوە دێتە ناو ڕۆژەوی سیاسی تورکیەوە . ئامانجی سەرەکی تورکیە لە ئاشتی دەگەڵ پ‌ی‌کاکا، سەرگەرمکردنی ئەو ڕێکخراوەیە، بۆ ئەوەی کاتێکی زیاتر بباتەوە و کۆتایی بەو حکوومەتە بهێنێ کە بە حکوومەتی خۆبەرێوەبەری کوردەکانی سوورییە ناسراوە . ئیدارەی ئێستای تورکیە لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کورد لە باشوور و باکووردا، بە پێچەوانەی دەوڵەتەکانی پێش‌خۆی کە هەرجۆرە سازشێکیان دەگەڵ کورد ڕەد دەکردەوە، لە سیاسەتێکی گەڵێک مەترسیدار پێرەوی دەکات. لەلایەک دەگەڵ پ‌ی‌کاکا گفتۆگۆی ئاشتی وەرێخستوە و لەلایەکی دیکەوە هەرهەمان پ‌ی‌کاکا کە قەرارە ئاشتی دەگەڵ بکات، لەکووبانی دیهەوێ بەدەست داعش کۆتایی پێ‌بهێنێ. ڕوون‌و ئاشکرایە کە تورکیەی ئێستا لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی کورد بەگشتی و باکووری کوردستان بەتایبەتی، لە سیاسەتیکی دوولایەنە و دووروویانە کە خۆی لە گۆپاڵو شیرینی‌دا دەبینێتەوە پێرەوی دەکات.

هەڵسوکەوت و مامەڵەی دەوڵەتی تورکیە دەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بەرلەوەی لە قەناعەتێکی سیاسییەوە سەرچاوە بگرێ، پێوەندی بە ڕێئال پۆلتیک (واقعبینی سیاسی) سەبارەت بەوکیانەی کوردەوە هەیە کە دووفاکتۆ لەلایەن بەشێک لەوڵاتانی ڕۆژئاوا بە فەرمی ناسراوە . هەرلەو کاتەدا تورکیە باش دەزانێ کە لەنەبوونی دەوڵەتێکی بەهێز لە بەغدادا، کێشەکانی ئەمنی و ئابووری بە چارەسەر نەکراوی‌و هەڵپەسێراوی دەمێننەوە. بۆیە زەروورەتی سیاسی ئەمنی وادەکات کە ئەمرۆ تورکیە دەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەوێتە مامەڵەوە . بەڵام دەگەڵ هەموو پێوەندییە چڕوپڕەکانی ئابووری و سیاسی ئانکارا دەگەڵ هەولێر، هەڵەیە کەوا بیربکرێتەوە، کە تورکیە مەسەلەی سەربەخۆیی باشووری کوردستان دەپەژرێنێ یان وەک دەڵێن لە بەرامبەری‌دا _ بێدەنگ _ دەبێ. بەپێچەوانە ئیمکانی ئەوە زۆرە کە ڕاگەیاندنی سەبەخۆیی باشوور ببێتە نوقتە گۆرانێکی نوێ بەنیسبەت ئەوچەند ساڵەی دوایی لە سیاسەتی توورکیەدا . هۆکاری ئەوەش بەرلەوەی پێوەندی هەبێ بە خودی سەربەخۆیی باشووری کوردستانەوە، پێوەندی هەیە بە بارودۆخی سووریە بە گشتی و وەزعی کوردەکانی سوریە بە تایبەتی. چونکە ناکرێ تورکیە لە دوورەدیمەنی سیاسی‌دا ئەوە نەبینێ کە لە حاڵەتی پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە باشووری کوردستاندا _ هەرچەند ئەمرۆ جڵەوی سیاسی جووڵانەوەی کوردی سووریە بەدەست پ‌ی‌کاکاوەیە _ بەڵام لەدوارۆژدا وەرچەرخانێک پێکنەیە و ئەو دووپارچەیە بەرەو یەکگرتنەوە هەنگاو هەڵنەهێننەوە. بۆ سناریۆیەکی ئەوتۆش بارودۆخی شڵەژاوو و قەیراناوی سووریە یارمەتیدەرێکی جیدی دەبێت. هەربۆیە کاربەدەستانی وردو درشتی تورکیە لە پێوەندی دەگەڵ مەسەلەی سوریەدا، هەمیشە پێ لەسەر کارلابردنی ڕێژیمی ئەسەد دا دەگرن . تەنانەت یەکێک لەمەرجە سەرەکییەکانی تورکیە بۆ شەڕ دژی داعش، ڕووخاندی ڕێژیمی ئەسەدە لەلایەن بەرەی وڵاتانی دژی داعشە. بەڵام لە نەبوونی کۆدەنگییەکی نێونەتەویی سەبارەت بە لادانی ڕێژیمی نێووبراو، دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، دەتوانێ باشترین گوزینەی تورکیە لانیکەم لە کورت ماوە، بۆ گەیشتن بەئامانجە درێژخایەنەکانی لە سوریەدا بێ. داعش لەلایەک بە گوشار بۆسەر ڕۆژئاوای کوردستان، ناهێڵێ کورد لەوبەشە پشوو بدات و دەستی وەبەرخۆی کەوێتەوە، بۆئەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو پێشانی جیهانیان بدات و لەلایکی دیکەوە بەگرتنی پانتای خاک و گوشار لەسەر ڕێژیمی ئەسەد، بە کردەوە پێشی نفووزی بەرەی شعە لەو وڵاتە دەگرێ.

بەڵام داعش بۆکورد دەتوانێ هەم هەڕەشەو مەترسی بێ و هەم فورسەت. هەتا ئەو جێگایەی پێوەندی هەیە بە هێرشەکەی بۆسەر باشووری کوردستان، توانی داواکانی کورد لەوبەشدا لە سەربەخۆی‌ڕا بۆ هاتنەوە ناوو بازنەی عێراق، بگۆری. ئەوەش نیشانی‌دا کە کورد لەوبەشەدا هێشتا لە پێگەیکی ئەوەندە بەهێزدا نیە کە دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبێنێ. بەڵام هۆکاری ئەوە بەرلەوەی دەرەکی بێت زیاتر نێوخۆییە. لەوپێوەندیەدا وردبوونەوە لە پرۆسەی ڕێفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستانی عێراق، پاش هێرشەکەی داعش مەسەلەکەمان باشتر بۆ ڕوون‌دەکاتەوە. ئەگەرچی پرسی ڕێفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی چارەنووسی هەرێم لە بەغدا، لەسەرەتادا ئیجماعێکی گشتی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستانی لەگەڵ نەبوو، بەڵام داباڕانی بەکردەوەی هەرێمی کوردستان لە بەشەکانی خوارووی عێراق پاش هێرشی داعش، دەرفەتێکی وای‌خولقاند کە تەنانەت ئەولایەنانەی کە دژی ڕێفراندۆمەکەشبوون، دژایەتییەکی جیدی پرۆسەکەیان نەدەکرد. بەڵام پاش ئەوەی داعش پەلاماری هەرێمی کوردستانی‌دا و بەشێکی بەرچاوی لەناوچەکان داگیرکرد، کارتەکە هەڵگەڕایەوە و پرسی ڕێفراندۆم وەبن کەوت و هەلومەرجەکە پارسەنگی هێزی بەسوودی لایەنە ناوچەیی و عێراقی وکوردییەکان گۆڕی کە خوازیاری مانەوەی کورد لە ئێراق‌دا بوون . ئەوەش دریخست کە کورد لە باشووری کوردستان یەکدەست نین و ئەو یەکدەست نەبوونەش بەرلەوەی پێوەندی بەخودی ئامانجەکە واتا سەربەخۆییەوە هەبێ، پێوەندی بەکێشەی دەسەڵات و نفوزی سیاسییەوە هەیە.

هەرووەک لەسەرەوە باسکرا داعش هەر بەتەنیا هەڕەشە نیە بۆسەر کورد بەڵکوو فورسەتیشە. لەبارودۆخێک‌دا کە جیهانی ئیسلام بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی لەناو ئاگری بناژۆیی ئیسلامی‌دا دەسووتێ و ڕۆژ نیە کە گروپێکی توندئاژۆ سەرهەڵنەدا، کوردستان‌و گەڵی کورد بەپشتبەستن بە بەها و نرخە نەتەوەیی و کلتوورییەکانی، کە ڕەگەکەی لە نێوو مێژووی دوورو درێژی ئەو گەلەدا پاراوو دەبێ، بەئاراستەی خۆی کە دێموکراسی‌و حکوومەتی سیکۆلار و پێکەوە ژیانی ئایین‌و ناسنامەکانە، ڕێگا دەبڕێ. ئەو بایەخە بەرزە ئینسانی و نەتەوەییانە ناتوانێ لە ناوچەیەکدا کە بناژۆیی ئیسلامی خەریکە دەبێتە بیری زاڵ و دەگەڵ خۆیی نیفرەت بڵاودەکاتەوە و دەچێنێ، نەکەوێتەبەر نەزەری جیهانی پێشکەوتوو و مۆدێرن . ئەگەر دیاردەی بناژۆخوازیی ئیسلامی بەگشتی و داعش نەبایە، پێشاندانی ئەو کلتورە ئینسانییە بەهێزە، بۆ نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی وەک کورد مومکین نەدەبوو. لەمێژبوو لە ڕۆژئاوا شیمانەی ئەوەدەکرا کە کوردەکان تەنیا نەتەوەک بن کە لەڕووی ئاینی و کلتوورییەوە پتانسێلی ئەویان تێدابێ کە نەکەونە ژێرشوێنەواری بناژۆیی ئیسلامی بە گشتی و داعش بە تایبەتییەوە . خۆڕاگری بێوێنەی کچان‌و کوڕانی کوردی ڕۆژئاوا لە کووبانی بەرامبەر بە ئەهریمەنی ڕەشی داعش، حەقانییەتی کورد و ڕێبازەکەی پێشانی جیهان‌دا. لەچاوی دونیای مۆدێرن‌دا، ئەوەی لە کوردستان ڕوودەدا، شەڕە لەنێوان تاریکی و ڕووناکایی‌داو شاڵاوی هاوکارییە مرۆڤی و سیاسی‌و سەربازییەکانی ڕۆژئاوا، نیشانەی بەرز نرخاندی ئەو خەباتەیە. ئەوانە هەموویان پێکەوە زەوینێکی ئەوتۆی پێکهێناوە، کە کوردەکان چی‌دیکە ئەکتەرێکی لاوەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نین، بەڵکوو کورد لە سەر ئەرزی واقیع‌دا ئەکتەرێکی سەرەکییە.



# سنەو ترس‌و نیگەرانییەکانی حکوومەت



مادح ئەحمەدی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی خەزەڵوەر (١/١١/٢٠١٤) کە وەک ڕۆژی جیهانی کۆبانێ دیاری کرا بوو، خۆپێشاندانی خەڵکی شاری سنە بۆ پشتیوانی لە خۆڕاگریی قارەمانانەی کۆبانێ سەرکوت کرا و دەیان هاووڵاتیی دەستبەسەر کران و یان لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانەوە بانگکران و هەڕەشەیان لێ کرا.

بەپێی زانیارییەکان خۆپێشاندانەکە ئاراستەیەکی مەدەنی و هێمنانەی هەبووە و بە دەستێوەردانی دەزگا ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئاراستەکەی گۆڕدراوە و تێک دراوە. بەر لەوەی خۆپێشاندانەکە دەست پێ بکا، دەزگای سەرکوتکەری ئیتلاعات لە سنە ژمارەیەک لە چالاکوانانی ئەو شارەی بانگ کردووە و پێیان ڕاگەیاندوون کە نابێ بەشداریی خۆپێشاندانەکە بکەن. لە کاتی خۆپێشاندانەکەشدا هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەت پەلاماری خۆپێشاندرانیان دا و ژمارەیەک لە هاوڵاتییان و چالاکوانانی شارەکەیان دەستگیر کرد کە تا ئێستاش چارەنووسیان ناڕوونە. ئەوەی لێرە جێی پرسیارە ئەوەیە بۆ حکوومەت ڕێگای داوە خۆپێشاندان بۆ پشتگیری لە خۆڕاگریی کۆبانێ بکرێ و بۆ ترسی لە خۆپێشاندانەکان لە شاری سنە هەیە و پەنا بۆ سەرکوت دەبا؟

بۆ وەڵامدانەوە بەم پرسیارە پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە. دوای ئەوەی بەڕێز «عەبدوڵڵا ئۆجەلان» لە ساڵی ١٣٧٧ی هەتاویدا دەستگیر کرا، کۆمەڵێک کاردانەوە و ناڕەزایەتی گەورەی لێکەوتەوە. ڕۆژی سێ ڕەشەممە بۆ ئەم مەبەستە خۆپێشاندانێک لە سنە ڕێکخرا. ئەم خۆپێشاندانە کە سەرەتا لە لایەن پارێزگاری ئەو کاتی سنەوە مۆڵەتی پێدرا بوو، بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کرا و لە ئەنجامدا ٣٣ کەس شەهید بوون و دەیان کەسی دیکەش بریندار بوو و خەڵکێکی زۆریش دەستگیر کرا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ کەشێکی ملیتاریستی توند باڵی بەسەر شاردا کێشابوو و فڕۆکە سەربازییەکان بەسەر ئاسمانی شاردا دەسووڕانەوە.

ساڵی ١٣٨٤ دوای ڕووداوی شەهید کردنی «شوانە سەید قادر» لە مەهاباد، ناڕەزایەتییەکی



گەورە زۆربەی شار و ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە. لە مەهاباد، سەقز، بۆکان، پیرانشار، بانە، مەریوان، جوانڕۆ، شنۆ، کامیاران، سنە و... دژی ئەم تاوانە خۆپێشاندان کرا و خەڵک ناڕەزایەتییان دەربڕی. هەموو خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لەگەڵ سەرکوت بەرەوڕووبوونەوە و ژمارەیەک خەڵک شەهید و بریندار بوون و خەڵکێکی زۆریش دەستگیر کرا. ڕۆژی ٨ی گەلاوێژی ١٣٨٤ لەبەردەم پارێزگاریی سنە مانگرتنێک بەڕێوەچوو کە دواتر ڕێکخەرانی دەستیگیر کران. ڕۆژی ١٠ی گەلاوێژ خۆپێشاندانێکی گەورە شاری سنەی گرتەوە و خۆپێشاندانەکەش بە توندترین شێوە سەرکوت کرا. بەپێی ئامارە نافەرمییەکان زیاتر لە ٦ کەس لە خۆپێشاندەران کەوتنە بەردەستڕێژی هێزەکانی ڕێژیم و شەهید بوون و خەڵکێکی زۆریش بریندار بوون و زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش دەستگیر کران. دوای ئەم ڕووداوە فەزاری شاری سنە بەتەواوەتی ملیتاریزە کرا و بۆ ماوەی چەند ڕۆژ دۆخی شار نائاسایی بۆ بوو و هێزێکی زۆر لە ناو شاردا بڵاوەیان پێ کرا و ناوە ناوەش فڕۆکە سەربازییەکان بەسەر ئاسمانی شاردا دەسووڕانەوە.

دوای ڕووداوی ٣ی ڕەشەممەی ١٣٧٧ و خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤، خۆپێشاندانی خەڵکی سنە بۆ پشتگیری لە خۆڕاگری کۆبانێ لە ڕۆژی جیهانی کۆبانێ دا، گەورەترین دەرکەوتنی خەڵکی ئەوە شارە (لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا) بووە کە لەگەڵ سەرکوت و پەلاماری هێزەکانی حکوومەت بەرەوڕوو بووەوە. ساڵی ١٣٧٧ بە بۆنەوە کە خۆپێشاندانە بۆ مەحکووم کردنی دەستگیر کردنی بەڕێز «عەبدوڵڵا ئۆجەلان» بوو و ڕووی ناڕەزایەتییەکان لە تورکیا و هاوپەیمانەکانی بوو، پارێزگاری ئەو کاتی سنە (کە سەر بە ڕیفۆرمخوازان بوو) مۆڵەتی بە خۆپێشاندانەکەدا و دواتر لەگەڵ ناوەندە ئەمنییەتییەکان تووشی کێشە هاتن و دوای ئەوەی هەموو ئامادەکارییەک کرابوو دەست پێکرا، مۆڵەتەکە هەڵوەشێنرایەوە. هەروەها بەو بۆنەوە کە ئاراستەی خۆپێشاندانە تەنیا دژی تورکیا نەبوو و دروشمی نەتەوەیی و مافخوازانەی تێدا دەوترایە، خۆپێشاندەران کەوتنە بە پەلاماری دڕندانە هێزەکانی ڕێژیم. خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤ خۆڕسک بوون و مۆڵەتیان پێ نەدرا بوو و زیاتر لە لایەن چالاکوانەوە سەرپەرەشتی دەکران. خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتگیریی لە خەڵکی کۆبانێ زۆربەیان ڕێگە پێدراو بوون. بەو بۆنە کە تورکیا پشتگیری لە داعش دەکا و سەرەکیترین پشتیوانی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەیە، کۆماری ئیسلامی ئێران هاوشێوەی خۆپێشاندانەکانی ساڵی١٣٧٧ ویستی لەو خۆپێشاندانە دژی تورکیا و ئەمریکا کەڵک وەربگرێ و بۆ ئەم مەبەستەش ئەو پەڕی هەوڵی خۆی داوە کە دروشمەکان دژی تورکیا و ئەمریکا بێ و دوور لە ناوەڕۆکی نەتەوەیی و مافخوازانە بن. بەو بۆنە کە ئەم مەبەستەی حکوومەت جێبەجێ نەبووە و خەڵک لە خۆپێشاندانەکاندا بۆ پشتگیری لە کۆبانێ دروشمی مافخوازانە و نەتەوەییان بەرز کردووەتەوە، تووڕەیی هێزە ئەمنییەتییەکان گەیشتووەتە ئەو جێگەی کە بە دڕندانەترین شێوە پەلاماری خەڵک بدەن و خۆپێشاندانەکان سەرکوت بکەن.

ئەوەی لێرەدا گرنگە پەیامی ئەو سەرکوت و پەلامارانەیە کە دەبێ وشیارانە مامەڵەی لەگەڵ بکەین. ئامانجی حکوومەت لەم سەرکوتە ئەوەیە کە خەڵک بنێرێتەوە ماڵەکانیان و ڕێگا نەدا کە ئەو فۆرمە لە ناڕەزایەتیی دەربڕین پەرەبستێنێ و ببێ بە باو. حکوومەت لە ڕێگای سەرکوتەوە توانی لە ساڵی ١٣٧٧ ـەوە تا ساڵی ١٣٨٤ خەڵک لە ماڵەکانیان ڕابگرێ و ناڕەزایەتییەکان کپ بکا و بە کەڵک وەرگرتن لە زەبروزەنگ ڕێگا نەدا خەڵک ڕاشکاوانە هاوار بکا و داوای مافی خۆی بکا. دوای ساڵی ١٣٨٤ پرسی کۆبانێ دەرفەتێکی دیکەی ڕەخساند کە خەڵک ڕاشکاوانە هاوار بکەن و داوای مافی خۆیان بکەن. حکوومەت ترسی لەم هاوارە ڕاشکاوانەیە و لە ڕێگای سەرکوت و زەبرووزەنگەوە دەیەوێ ڕێگا لەوە بگرێ کە ئەم هاوارانە ببێ بە لافاوێکی گەورە. بۆیە پێویستە بە وشیارییەوە چاو لەم پرسە بکەین و سەرکوتی حکوومەت نەبێتە هۆی ئەوەی بۆ ساڵانێکی دیکە بخزێینەوە ناو ماڵەکانمان و دەنگی مافخوازانە و ناڕەزایەتیمان کپ بکەن.

خاڵێکی دیکە کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە شاری سنە بووەتە چەقی ئەم سەرکوتانە و حکوومەت زۆر بێ بەزەییانە و دڕندانە لە ڕووداوەکانی ٣ی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٧٧ و خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٤ و خۆپێشاندانی ١٠ی خەزەڵوەری ئەمساڵ بۆ پشتگیری لە کۆبانێ، دژی خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەر پەنای بردووەتە بەر توندتیژی و سەرکوت. شاری سنە بەو بۆنەوە کە دەوری ناوەندە دەبینێ و چەقی ڕووداوکانی چەند ساڵی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، حکوومەت زۆر لێ نیگەرانە و دەیەوێ لە ڕێگای سەرکوتەوە ڕێگا لە هەر چەشنە جموجووڵێک کە یارمەتی بە گەشەی بیر و ویستی نەتەوەیی بکا، بگرێ. بە لەبەرچاو گرتنی پێگەی گرنگیی سنە، بێگومان هەر ڕووداوو خۆپێشاندانێک لەو شارە دەتوانێ کاریگەریی لەسەر شارەکانی دیکە و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ. بەپێچەوانەش سەرکوتکردنی خۆپێشاندان و ناڕەزانەیتییەکانیش لەو شارە لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە، پەیامە بۆ شار و ناوچەکانی دیکەش و کاریگەریی لەسەر کۆی جموجووڵەکان دەبێ.

بۆیە ترس و نیگەرانییەکانی حکوومەت دەتوانین لە خانەی گرنگیی ئەم شارەدا لە هاوکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێک بدەینەوە. سنە لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا شارێک بووە کە توانیویەتی کاریگەریی لەسەر گەشەی وشیاریی ڕۆشنبیری و سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای شوێن دانانەوە ئاراستەی ڕووداوەکان بکا. حکوومەت لەم پێگەیە دەترسێ، بۆیە لە ڕێگای هاوردنی خەڵکێکی غەیرە کوردەوە بۆ شارەکە هەوڵێ شێواندنی دیمۆگرافیای شارەکە دەدا، لە ڕێگای دانانی تەلەفزیۆن و... هەوڵی ئەوە دەدا کە زمانی خەڵک بشێوێنی و لە پرسە جیددییەکان دووریان بخاتەوە. لە ڕێگای سەرکوتیشەوە دەیەوەێ دەنگی خەڵکی ئەو شارە کپ بکا و هاواری مافخوازانەی خەڵک دابمرکێنێ و بە ترس و تۆقاندن ویست و داخوازییەکانی خەڵک بخزێنێتەوە گۆشەی ماڵەکانیان.




**سنە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا شارێک بووە کە توانیویەتی کاریگەریی لەسەر گەشەی وشیاریی ڕۆشنبیری و سیاسی و نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای شوێن دانانەوە ئاراستەی ڕووداوەکان بکا**

# ژیاننامەی جەیمس مەدیسۆن ٤

## (خولەکانی سەرۆکایەتی ١٨٠٩ بۆ ١٨١٧)

ن: فرانک فریدێڵ و هاگ سیدەی     و: لە ئینگلیزیەوە: خەسرەو ئەڵماسی



جەیمس مەدیسۆن، کە پیاوێکی کورتەباڵا و دموچاو لۆچایی بوو، لە کاتی دەستبەکاربوونیدا وەک سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کەسێکی بەتەمەن و کۆنەکار دەردەکەوت؛ واشینتۆن ئێرڤینگ ئەوی وەک «سێوێکی بچووکی پێگەییو» پێناسە دەکرد. بەڵام سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکانی مەدیسۆن لە ڕووی خوێن شیرینی و سەرنج ڕاکێشیی سیمایدا، خێزانە خرپن و خۆش ئەندامەکەی، دۆڵی، بە گەرموگوڕی و بزەکانی تۆڵەی بۆ هاوسەرەکەی کردبۆوە. هەر دۆڵیش بوو کە ببووە هەوێنی خۆشبوونی کۆبوونەوەکان لە واشینتۆن.

مەدیسۆن لە ساڵی ١٧٥١ لە دایک بوو، وە لە ناوچەی ئۆرینج کاونتی لە ڤیرجینیا گەورە بوو. لە زانکۆی پرینستۆن (کە ئەو کات پێی دەوترا کۆلێژی نیوجێرسی) خوێندی. وەک خوێندکارێکی بەشی مێژوو و دەوڵەتداری و هەروەها کەسێک کە خوێندنەوەی باشی لە بەشی یاسا هەبوو، لە داڕشتنی یاسای بنەڕەتیی ڤیرجینیا لە ساڵی ١٧٧٦ بەشدارییەکی کارای هەبوو، وە دواتر لە کۆنگرەی کۆنتینێنتاڵ خزمەتی بەرچاوی پێشکەش کرد و سەرکردە و ڕێبەرێکی دیاری ناو ئەنجومەنی ڤیرجینیا بوو.

کاتێک لێژنەکانی نوێنەر بۆ کۆنوانسیۆنی یاسای بنەڕەتی لە فیلادێلفیا کۆ بوونەوە، مادیسۆنی ٣٦ ساڵان چەندین جار و بە شێوەیەکی کاریگەر بەشداری مشتومڕ و دیبەیتەکانی کۆنوانسیۆنەکە کرد.

مەدیسۆن بە نووسینی وتارەکانی فیدراڵیستەکان، هاوڕێ لەگەڵ ئەلیکساندر هەمیلتۆن و جۆن جەی، توانی ڕۆڵێکی یارمەتیدەرانەی باش لە پەسند کردنی یاسای بنەڕەتی بگێڕێت. لە ساڵانی دواتردا، کاتێک ناوی مەدیسۆن وەک «باوکی یاسای بنەڕەتی» دەهێنرا، ئەو ڕەخنە و ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی و ئاماژەی بەو ڕاستییە دەدا کە ئەو بەڵگەنامەیە «لە دایکبووی تەنیا یەک مێشک نەبووە»، بەڵکوو « زۆر مێشک و زۆر دەست کاریان تیادا کردووە».

لە کۆنگرەدا، ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە داڕشتنی پرۆژەیاسای مافەکان و بە یاسایی کردنی یاسا و ڕێساکانی داهات. لە ئەنجامی ڕێبەرایەتی ئەو لە دژایەتی کردنی پێشنیارە داراییەکانی هامیلتۆن، پارتی کۆمارییەکان، یا خود جێفرسۆنییەکان، بەردەوام لە پەرەسەندن و گەشەکردندا بوو. ئەو دژایەتییەش لەوەوە سەرچاوەی دەگرت کە مەدیسۆن پێی وابوو ئەو پێشنیارانە سامان و دەسەڵاتێکی ئێجگار زۆری بە دامەزراوە ماڵییەکانی باکوور دەبەخشی.

کاتێک وەک وەزیری دەرەوە لە کابینەکەی سەرۆک کۆمار جێفرسۆن کاری دەکرد، دژی چوونە ناو شەڕەوە بوو بەرامبەر فەڕەنسا و بەڕیتانیا کە دەست بە سەرداگرتنی باخیرەکانی ئەمریکا لە لایەن ئەو دوو وڵاتەوە پێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بوو. جۆن ڕاندۆڵف تانەی لە ناڕەزایەتییەکانی مەدیسۆن دەداو وەک « نامیلکەیەکی پڕ مقۆ مقۆ کە لە دژی هەشت سەد کەشتیی شەڕ، فڕێ درایە گۆڕێ» پێناسەی دەکرد.

سەرەڕای یاسا ناخۆشەویستەکەی گەمارۆکانی ساڵی ١٨٠٧، کە نە تەنیا نەیتوانی هیچ گۆڕانکارییەک لە هەڵسوکەتی وڵاتانی تێوەگلاو لە شەڕدا بێنێتە ئاراوە بەڵکوو ببووە هۆی سستبوونی چالاکی ئابووری لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، مەدیسۆن لە ساڵی ١٨٠٨دا وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرا. پێش ئەوەی جڵەوی دەسەڵات بگرێتە دەست، یاسای گەمارۆکان پووچەڵ کرابۆوە.

لە ماوەی ساڵی یەکەمی دەسەڵاتداری مەدیسۆندا، ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامدانی کاری بازرگانی لەگەڵ هەر دوو وڵاتی بەڕیتانیا و فەڕەنسا قەدەغە کرد؛ پاشان لە مانگی مەی ساڵی ١٨١٠، کۆنگرە دەسەڵاتی ئەنجامدانی بازرگانی لەگەڵ هەر دوو وڵات پێدا کە داوای لە سەرۆک کۆمار دەکرد ئەگەر هەر کام لەو دوو وڵاتە، هەڵوێستیی مافەکانی بێلایەنەی ئەمریکای پەسند کرد، ئەوا بازرگانیکردن لەگەڵ وڵاتەکەی دیکە قەدەغە بکات.

ناپلیۆن خۆی وا دەرخست کە پێڕەوی لەو مەرجانە دەکات. بۆیە لە کۆتایی ساڵی ١٨١٠، مەدیسۆن دۆخی مامەڵە نەکردن لەگەڵ بەڕیتانیای گەورەی ڕاگەیاند. تەنانەت لە ناو کۆنگرەدا، هەندێک لە ئەندامە گەنجەکانی وەک هێنڕی کلەی و جۆن سی. کەلهاون کە بە «هەڵۆکانی شەڕ» ناویان دەرکردبوو، بەردەوام گوشاری زیاتریان دەخستە سەر سەرۆککۆمار بۆ ئەوەی سیاسەتێکی شەڕکەرانەتر و هێرشبەرانەتر بگرێتە بەر.

گوشار خستنە سەر دەریاوانانی ئەمریکا و هەروها دەست بە سەرداگرتنی باری ئەمریکایی لە لایەن بەڕیتانیاوە، وای لە مەدیسۆن کرد تەسلیمی زەخت و گوشارەکانی «هەڵۆکانی شەڕ» بێت و لە ئاکامدا، لە ڕۆژی یەکەمی ژوئەنی ساڵی١٨١٢، داوای لە کۆنگرە کرد شەڕ ڕابگەیەنێت.

گەلی تازەپێگەیشتووی ئەمریکا ئامادەی شەڕ نەبوون؛ هێزەکانی ئەمریکا تووشی لێدان و شکستێکی گەورە هاتن. بەریتانییەکان چوونە ناو واشینتۆن و ئاگریان لە کۆشکی سپی و باڵەخانەی کۆنگرە بەردا.

بەڵام چەند سەرکەوتنێکی دەریایی و سەربازیی بەرچاو، کە بە باڵادەستیی ژەنراڵ ئەندرو جاکسۆن لە ویلایەتی نیو ئۆرلێنز گەیشتنە لووتکە، ئەو باوەڕەی لای گەلی ئەمریکا دروست کرد کە شەڕی ١٨١٢ بۆ ئەوان سەرکەوتنێکی مەزن بوو. ئەو باوەڕەش، شەپۆلێکی بەرفراوانی ناسیۆناڵیزمی لێکەوتەوە. فیدراڵیستەکانی ئینگلیستانی نوێ کە دژایەتی خۆیان بۆ شەڕەکە ڕاگەیاندبوو – وە تەنانەت باسوخواسی جیابوونەوەشیان هێنابووە گۆڕێ – بە تەواوی لەبەر چاوی خەڵکی کەوتن و بیروڕاکانیان ڕەت کرایەوە کە فیدراڵیزم وەک پارتێکی نەتەوەیی بوونی نەما.

لە کاتی خانەنشینبوونی لە مۆنتپیلیەر، موڵک و سامانەکەی خۆی لە ئۆرینج کاونتی لە ڤیرجینیا، بە ڕاشکاوی دژی کاریگەرییە خراپەکانی مافە زیادەکانی ویلایەتەکان گوتارێکی پێشکەش کرد کە لە ماوەی دە ساڵەی ١٨٣٠دا، هەڕەشەی لێکترازان و هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی فیدراڵی لێکەوتەوە. مەدیسۆن لە نووسراوێکیدا کە دوای مردنی لە ساڵی ١٨٣٦دا کرایەوە ئاماژە بەوە دەدات: « ئەو ئامۆژگارییەی کە لە ناخی دڵمەوە و بەو پەڕی باوەڕپێبوونمەوە دەمەوێت بیکەم ئەوەیە کە یەکیەتیی ویلایەتەکان ڕێزی لێ بگیرێت و بۆ هەتا هەتایە بهێڵدرێتەوە».

# ستراتیژیی ئەمریکا لە دژی دەوڵەتی ئیسلامی تووشی کۆمەڵێک بەربەستی گەورە دەبێتەوە

ن: دەیڤید ئێس. کلاود، دەبلیو. جەی. هێنیگەن، ڕاژە عەبدولڕەحیم
و: خەسرەو ئەڵماسی

پلانەکەی ئیدارەی ئۆباما بۆ دروست کردنی سوپایەکی بەهێزی ١٥٠٠٠ کەسی چەکدار لە سووریا تووشی کۆمەڵێک بەستەڵەک و بەربەستی سیاسی و سەربازیی پڕ نشێو بۆتەوەو ئەمەش، لە ناو شەڕێکی ناوخۆدا، شک و گومانەکانی لە سەر یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکانی ستراتیژیی کۆشکی سپی بۆ شکستپێهێنانی چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی بەرز کردۆتەوە.

نیگەرانییەکانی پێنتاگۆن هێندە زەق بوونەتەوە کە وەزیری بەرگری ئەمریکا، چاک هەیگڵ، لە حەفتەی ڕابردوودا نووسراوێکی دوو لاپەڕەیی بۆ کۆشکی سپی نارد و تیایدا، بە پێی لێدوانەکانی بەرپرسێکی باڵای وەزارەتی بەرگری، کە خۆی نووسراوەکەی خوێندۆتەوە بەڵام ڕێپێدراو نەبوو بە ئاشکرا لێدوان بدات، هۆشداری دابوو کە لەوانەیە کۆی پلانەکە، بە هۆی ناڕوونبوونی مەبەستەکانی ئەمریکا بەرامبەر بەشار ئەسەدی سەرۆکی سووریا، لە بار بچێت.

سەرۆک ئۆباما داوای لە ئەسەد کردووە کە واز لە دەسەڵات بهێنێت، بەڵام ڕێی بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی، بەم سوپا بریکارە پێشنیارکراوەشەوە، بۆ لادانی سەرۆکی سووریا نەداوە.

ڕۆژی پێنجشەممە [٣٠ی ئۆکتۆبەر] لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا، هەیگڵ خۆی لە باسکردنی وردەکارییەکانی نووسراوەکەی بۆ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، سوزان ڕایس، بوارد، بەڵام ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە ئەسەد بە ناڕاستەوخۆ سوودی لەو پێنج حەفتەیەی هێرشە ئاسمانییەکان بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان بینیوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە دەوڵەتی ئیسلامی یەکێکە لە بەهێزترین هێزەکانی دژی حکومەت لە پێکدادانە پڕگرژییەکانی سووریا.

ڕۆژی پێنجشەممە، [٣٠ی ئۆکتۆبەر] وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، جۆن کێری، هەوڵی دا لە بایەخی کێشەکە کەم بکاتەوە، وە لە کۆبوونەوەیەکدا لە واشینتۆن ئاماژەی بەوەدا کە ئەو سوپا بریکارە پێشنیارکراوە « دەتوانێت کاریگەری لە سەر پرۆسەی بڕیاردانی ئەسەد هەبێت بە شێوەیەک کە هەموومان بتوانین بگەڕێینەوە سەر مێزی وتووێژەکان بۆ ئەوەی بگەینە دەرەنجامێکی سیاسی، لە بەر ئەوەیکە هەموومان باش دەزانین کێشەی سووریا بە ڕێگەچارەی سەربازی چارەسەر ناکرێت».

سەرکردەکانی چەکدارە یاخییەکانی سووریا دەڵێن کە ئەوان بەشداری لە هێزێک ناکەن کە بە پشتیوانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بنیاد نرابێت بەڵام ئامانجەکەی لە ناو بردن و ڕووخاندنی ئەسەد، دوژمنە سەرەکییەکەیان، نەبێت.

ئەفسەرە نیزامییە پلە باڵاکانی ئەمریکاش لە شوێنە ناگشتییەکاندا هۆشداری دەدەن ئەو هێزە سورییە بە ناو میانڕەوانە – ئەو هێزە شەڕکەرانەی ئۆپۆزیسیۆن کە هیچ پێوەندییەکیان بە دەوڵەتی ئیسلامییەوە نییە – کە پلاندانەرانی ئەمریکا بە هیوان کۆیان بکەنەوە، پێشتر واتە لە ماوەی شەڕەکەی سووریادا لە لایەن تاقم و هێزەکانی دیکەوەو لە ناویشیاندا سوپاکەی ئەسەد لە بار براون.

ئەو ئەفسەرانە لەو باوەڕەدان ڕاهێنانی هێزێکی نوێ و ناردنی بۆ مەیدانی شەڕ بە شێوەیەک کە توانای هێرشبردنە سەر شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی هەبێت ساڵانێک دەخایەنێت، بە تایبەت ئەگەر ئەو ڕاستییە لە بەر چاو بگرین کە ئەو ڕێکخراوە خاوەنی چەک و تەقەمەنییەکی زۆر و سەرچاوەی دارایی باشە.

ئەفسەرێکی پلە بەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە لە ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکان دژی چەکدارانی داعش بەشدارە، بەڵام لە بەر ئەوەی ڕێپێدراو نییە لێدوانی ئاشکرا بدات، بە مەرجی ئاشکرا نەکردنی ناوەکەی قسەی بۆ کردین و ئاماژەی بەوە دا: «ناتوانین لە ماوەیەکی پێویستدا هێزێکی جێی متمانەی ئەوتۆ بنیاد بنێین کە بتوانین گۆڕانکاری دروست بکەین لە هاوکێشە سەربازییەکاندا. بە بەر چاوی ئێمەوە، هێزە میانڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆن وردە وردە بچووک بوونەتەوە و لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر کەمیان لێ ماوەتەوە».

پلانەکەی پێنتاگۆن خوازیاری ناردنی ٥٠٠٠ چەکداری شەڕکەر بۆ ناو سووریا لە ماوەی یەک ساڵدایە و ئەو ژمارەیەش لە ماوی سێ ساڵی داهاتوودا بەرز دەبێتەوە بۆ ١٥٠٠٠ چەکدار.

ئەمە ئەو بەشەی ستراتیژە چەند لایەنەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانە کە مشتومڕی زۆری لە سەرە و کەمترین کاری لە سەر کراوە. ستراتیژەکە هەروەها هێرشی ئاسمانی ڕۆژانەی بەردەوام لە عێراق و سووریا و جێگیر کردنی ڕاوێژکاری سەربازی ئامریکایی و پشتگیری دیکە بۆ هێزەکانی حکومەتی عێراق و هێزە کوردییەکان دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوانەشدا هەوڵدان بۆ وشک کردنی سەرچاوە داراییەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و بەخشێنەرە بیانییەکانەوە بەشێکی دیکەی پلانەکەیە.

یەکێک لە ئەفسەرەکان ئاماژە بەوە دەدات کاتێک ئەو ئەفسەرانەی لە هاویندا لە لێکدانەوە و شیکردنەوەکان لە ئاستی بەرزی پێنتاگۆن بەشدار بوون نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە بنیادنانی سوپایەکی چەکدار لە سفرەوە دەربڕی، بەڵام بیر و بۆچوونەکانیان لە لایەن فەرماندە پلە باڵاکانەوە ڕەت کرانەوە. فەرماندەکان هۆشداریان داوە کە هێرشە ئاسمانییەکان بە تەنیا ناتوانن چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ناو بەرن.

بەڵام بە پێی لێدوانەکانی دوو ئەفسەری ویلایەتە یەکگرتووەکان، نیگەرانییەکانی پێنتاگۆن لەم حەفتانەی دواییدا زیادی کردووە، بە تایبەت کە هەر دوو وڵاتی ئۆردن و تورکیا، ئەو دوو هاوپەیمانەی کە ئیدارەکەی ئۆباما بۆ ڕاهێنانی ئەو سوپا بریکارە پێشنیارکراوە پشتی پێ بەستبوون، بە ڕوونی و ڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە کە بەرامبەر بەو پلانە دوو دڵ و دردۆنگن.

واشینتۆن و هاوپەیمانەکانی بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە سەر ئەوە ناکۆکن کە ئاخۆ ئەو هێزە پێشنیارکراوە دەبێت گرنگی بەوە بدات ئەو ناوچانەی ئێستا لە ژێر دەستی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامیدان، وەربگرێتەوە، کە ئەمەیان مەبەستی یەکەمی ویلایەتە یەکگرتووەکانە، یا خود ئایا دەبێت شەڕی ئەو سەربازانەش بکات کە بە ئەسەد وەفادارن، کە ئەمەیان نیگەرانیی سەرەکی هاوپەیمانەکانە.

تورکیا لەم مانگەدا ڕایگەیاند کە ئامادەیە ڕاهێنانی بەشێک لەو هێزە سوورییە لە ئەستۆ بگرێت و بەمەش چووە ڕیزی سعودیای عەرەبی کە پێشتر ئامادەیی دەربڕیبوو لە سەر خاکی خۆی ڕاهێنان بەو هێزانە بکات. ئەو هێزانە، لە ناوخۆی سووریا یان خود لە کەمپە قەرەباڵغەکانی پەنابەران لە وڵاتانی دەوروبەر ڕادەکێشرێن و بە پێی لێدوانەکانی بەرپرسانی ئەمریکا چاوەڕێ ناکرێت یەکەم دەستەی ئەو چەکدارە «میانڕەوانە» لە زووترین حاڵەتیشدا تا سەرەتاکانی ساڵی داهاتوو، کۆ بکرێنەوە.

بەڵام کاربەدەستانی تورکیا ئاماژەیان بەوە داوە کە ئەو چەکدارانەی ئەو وڵاتە ڕاهێنانیان پێدەکات، لە داهاتوودا بە گەڕانەوەیان بۆ ناو سووریا، شەڕی هێزەکانی ئەسەد دەکەن نەک دەوڵەتی ئیسلامی.

ئۆردن، سەرەڕای ئەوەی میوانداری ئۆپەڕاسیۆنێکی جیاواز و بچووکتر بۆ چەکداران بە سەرپەرشتی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا دەکات، بەڵام بەشداریی هەوڵەکانی ڕاهێنانی نەکردووە.

بەرپرسانی ئەمریکا لەو باوەڕەدان کە بەشداریکردنی فراوانتری تورکیا و ئۆردن ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێت ژمارەیەکی گەورەتری چەکدار پەروەردە بکەن و هەروەها کاناڵێکی ئاسانتری پشتیوانی و پێگەیاندنی پێویستییەکان، بۆ کاتێک کە چەکدارە ڕاهێنراوەکان دەگەڕێنەوە سووریا، دابین بکەن.

ئەم ناکۆکی و مشتومڕانە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی ئەو هەڵسەنگاندنە ئاڵۆزانەن کە لە ئێستادا لە گۆڕێدان. ئەوەش لە کاتێکدایە کە شەڕکەرانی دەوڵەتی ئیسلامی خەریکن هێڵە سیاسی و سەربازییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە ماوەیەکی زۆرە بەو شێوە هەڵە و نادروستە بنیاد نراون، دەشڵەقێنن.

ئەو ڕاستییەی لەوانەیە زۆر جێی داخ بێت ئەوەیە کە لە ئێستادا هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بۆ دژایەتی کردنی هەڕەشەیەکی هاوبەش، لە هاواهەنگی و هاوتەرییبییەکەی ناڕاستەوخۆدان لەگەڵ دوژمن و نەیارە کۆنەکانی وەکوو ئێران و حیزبوڵڵا، کە گرووپێکی چەکداری و سیاسییە بنکەکەی لە لوبنانە.

سەرکردەکانی گرووپە چەکدارەکانی نەیاری حکومەتی سووریا و هەروەها هاوپەیمانە عەرەبەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە هێرشە ئاسمانییەکان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، یارمەتی زۆری بە ئەسەد گەیاندووە؛ ئەوەش لە ڕێگەی لاواز کردنی یەکێک لە بەهێزترین دوژمنەکانی و بەخشینی توانایی و دەرفەت بە سوپاکەی ئەسەد بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر دەستە و تاقمە چەکدارەکانی دیکە.

وتەبێژێکی سوپای ئازادی سووریا، ڕێکخراوێکی گشتگیر کە بانگەشەی ئەوە دەکات نوێنەرایەتی چەکدارە تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆکانی سووریا دەکات، ئاماژە بەوە دەدات کە شەڕکەرەکان بە پێداگری ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ بە تەواوەتی چڕ کردنەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی، تووڕە بوون.

ئەو وتەبێژە، کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت لە بەر ئەوەی لەوانەیە ژیانی بکەوێتە مەترسییەوە، وتی: « ئەوان لە بیریان چۆتەوە کە دەیان هەزار هاوڵاتیی ئاسایی بە هۆی ڕێژیمەکەوە تووشی ئازار و مەینەتی هاتوون. کێشەی سەرەکی ئێمە ڕێژیمە، وە هەر ئەوەش وەک کێشەی سەرەکی ئێمە دەمێنێتەوە».

فەرماندەیەکی چەکدارانی نەیاری حکومەتی سووریا، کە لە سوپای سووریا جیا بۆتەوە و حەزی نەکرد ناوی ئاشکرا بکرێت، هەمان ڕای هەبوو، وە لە لێدوانێکدا وتی کە پلانەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان « کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە بەرژەوەندی ئێمەدا نابێت».

ئەو بە ئاماژەدان بە یەکێک لە ناوە کورتکراوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی، وتی: « ئەوان نیگەرانییەکانیان لە سەر داعشە ... بەڵام نیگەرانییەکانی ئێمە لە سەر ڕێژیمە زیاتر تا لە سەر داعش».

فەرماندەیی ناوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە چاودێریی هەوڵەکانی ئاوا کردنی ئەو هێزە سوورییە دەکات، لەو باوەڕەدایە کە کێشەکان و پرسیارگەلی سەبارەت بە ئاراستەی کارکردنی هێزەکە، لە کاتی دەسپێکردنی پرۆگرامە تازەکە، چارەسەر دەکرێن.

سەرگورد کێرتیس جەی. کێلۆگ، یەکێک لە وتەبێژەکانی فەرماندەیی ناوەندی، دەڵێت: « ئێمە تازە لە سەرەتاکانی ئەو پرۆسەیەداین و زۆر شت ماوە کە دەبێت کاری لە سەر بکرێت».

فرێدریک سی. هۆف، ڕاوێژکاری تایبەتیی پێشووی سەرۆک ئۆباما لە کاروباری سوریا، لەو باوەڕەدایە کە پلانەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سوریا «ئەوندەش بە سادە وساکاری لایەنگری بۆ نادۆزرێتەوە».

هەروەها ئاماژەی بەوەش دا: «هەموو کات دەتوانی خەڵک بە هۆی دابینکردنی چەک، تەقەمەنی و پارەوە لە دەوری خۆت کۆ بکەیتەوە، بەڵام ئەگەر ئامانجی دوارۆژی هێزەکە، گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات لە تەواوی سووریا بێت، لە دۆخێکی ئەوتۆدا داخوازیەکەت بۆ ڕاکێشانی ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی سووریا بە شێوەیەکی بەرچاو هەڵدەکشێت» بە بەراورد لەگەڵ پێکانی تەنیا تاقمێکی بچووک.

ئەو بە وریایی مامەڵە کردنە لەگەڵ دۆخەکە، بەشێکی ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییەیە کە ئەمریکا حەز دەکات ئێران، وەک یەکێک لە نزیکترین پشتیوانەکانی ئەسەد، لەوە دڵنیا بکاتەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە دوای لادانی ئەسەد لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە نییە. ئەگەر ئەمریکا لەو گفتەی پاشگەز ببێتەوە، ئەگەری بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ پشتگیری ئەسەد لە لایەن ئێرانەوە بوونی هەیە.

حکومەتی تاران هەروەها دەتوانێت بە بەکارهێنانی میلیشیا لۆکاڵییە شیعەکان لە دژی هاوڵاتیان و دامودەزگاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە عێراق، کاردانەوە لە خۆی نیشان بدات. میلیشیا شیعەکانی عێراق کە لە لایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن هێرش و هەڵمەتەکانیان بۆ سەر دەوڵەتی ئیسلامی لەگەڵ حکومەتەکەی بەغدا کە لە لایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرێت، هاواهەنگ کردووە.

ئەو ئەفسەرە سەربازییە پلە بەرزەی ئەمریکا دەڵێت: « بەڕاستی ئەگەر ئێمە ئامانجی پلانەکە لە سەر ئەسەد چڕ بکەینەوە، بەشە ئێرانییەکەی ئەم هاوپەیمانێتییە [دژی دەوڵەتی ئیسلامی] دەپچڕێت، وە لە دەرەنجامدا دەشێت چەکدارە شیعەکان هەوڵی بە ئامانجکردن و لێدانی ئێمە بدەن».

مێژووی ئەزموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هێزە سەربازییە بریکارەکان تێکەڵکێشە لەگەڵ بێهیوایی و شکست.

ئیدارەی کێنێدی لە ساڵی ١٩٦١دا و دوای ڕاهێنانی تیپێکی سەربازیی دژە-شۆڕش، پشتگیری لە هەڵمەتێکی شکستخواردوو لە کەنداوی پیگز لە کوبا کرد. لە دەیەی ١٩٨٠یشدا، ئیدارەی ڕەیگان یارمەتیی دارایی و پشتگیری هێزی گەریلای دژە-شۆڕشی ناسراو بە کۆنتراکانی کرد. بەڵام کۆنتراکانیش لە چالاکییەکانیان دژی شۆڕشی سۆسیالیستیی ساندینیستا سەرکەوتوو نەبوون.

بروس ریدڵ، شیکەرێکی پێشووی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا کە ئێستا هاوکارێکی پلە باڵای دەزگای بروکینگزە، پێی وایە: « ئێمە پێشتر یارمەتیی بزاڤە چەکدارییەکانمان کردووە. زۆربەی هەرە زۆریان بە تەواوەتی تووشی شکست هاتوون یا خود بەشێکی بچووکیان لە ئامانج و دەرەنجامە کۆتاییەکە پێکاوە».

ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا بە شێوەیەکی نهێنی، بە هاوکاری لەگەڵ پاکیستان و سعودیای عەرەبی، بۆ ماوەی دە ساڵ لە ساڵی ١٩٧٩وە بۆ ١٩٨٩ بڕی ٤ میلیار دۆلاری بۆ چەکدارکردنی هێزێکی شەڕکەر لە ئەفغانیستان خەرج کرد بۆ ئەوەی یارمەتییان بدات هێزەکانی سۆڤییەت لە وڵاتەکەیان وەدەر نێن. ریدڵ، کە کتێبێکی لە سەر ئەو ڕێکەوتنە نووسیوە، لەو باوەڕەدایە کە ئەو ئۆپەڕاسیۆنەی ئاژانسی هەواڵگری ئەمریکا، ڕووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و کۆتایی هێنان بە شەڕی ساردی خێراتر کرد.

ریدڵ پێی وایە هێزە چەکدارەکانی سووریا، بە ڕێبەرایەتییە لێکترازاو و پشتیوانە دژبەرەکانیەوە، زۆر لە تاقمە دژبەیەکەکانی موجاهیدەکانی ئەفغان لە ماوەی ئەو شەڕەدا دەچن. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بتوانێت هاوکاری و هاوبەشییەکی ڕێکوپێک لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ سەبارەت بە ڕاهێنانی چەکدارەکان بنیاد بنێت، دەتوانێت لە دژی دەوڵەتی ئیسلامیش، سەرکەوتن مسۆگەر بکات.

هەروەها دەڵێت: « هیچ هۆکارێک نییە کە نەتوانین دووبارە ئەم کارە بکەینەوە. بەڵام ئەمەش بە شەو و ڕۆژێک ناکرێت».



**سەرکردەکانی گرووپە چەکدارەکانی نەیاری حکومەتی سووریا و هەروەها هاوپەیمانە عەرەبەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە هێرشە ئاسمانییەکان بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا، یارمەتی زۆری بە ئەسەد گەیاندووە؛ ئەوەش لە ڕێگەی لاواز کردنی یەکێک لە بەهێزترین دوژمنەکانی و بەخشینی توانایی و دەرفەت بە سوپاکەی ئەسەد بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر دەستە و تاقمە چەکدارەکانی دیکە**

سەرچاوە: لۆس ئانجلێس تایمز
http://www.latimes.com/world/
-middleeast/la-fg-syria-rebels
١=story.html#page-٢٠١٤١٠٣١

کوردستان
ژمارە: ٦٤٣
١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٣
٦ی نوامبری ٢٠١٤



# چالاکییە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵات، خەباتێکی پڕ بەرهەم



عەلی لەیلاخ

ماوەی چەند ساڵێکە کاروباری فەرهەنگیو ئەدەبی لە ڕۆژهەڵات بە نیسبەت ساڵانی پێشوو چروپڕتر بوتەوە، هۆکاری سەرکیی پەرەسەندنی ئەم بزاڤە دەگەڕێتەوە بۆ وشیارییو چۆنەتەسەری هەستی شوناسخوازانەی تاکی کورد لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات، بە تایبەت لە نێو هۆگرانو چالاکوانانی ئەو بەشە لە کوردستان. ئەگەرچی هاتنەسەرکاری حکوومەتەکان لە ئێران کاریگەریی دەبێت بەسەر چالاکیی فەرهەنگیو هونەری لە کوردستان. بەڵام ئەوەی تائێستا درێژەی بە ڕەوتی خۆی داوەوەو نە پچراوە کاروتێکۆشانی خۆڕسکو هەڵقووڵاوی ناخی خەڵکی ڕۆژهەڵاتە کە هەر جارێک بەشێوەیەک دەنگدانەوەکانی دەبیسین. ئەم چالاکییانە گەیشتووتە ئاستێک کە ڕۆژهەڵات لە ئەوپەڕی نەبوونی دەسەڵاتی ئیداریی و سیاسیی خۆجەیی و دەیان گیروگرفت کە لەسەر ڕێی ئەم جۆرە چالاکییانە، بەڵام بەسیمایەکی باشو ئاکتیڤ خۆی دەرخستووە، ئەگەرچی مێژووی ئەم گەشە فەرهەنگییە بەشێوەی زانستییو ئاوانگارد دەگەڕێتەوە بۆ دەیەی هەفتای هەتاویی. بەڵام لە مێژە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکوو سەنتەرێکی فەرهەنگی و هونەریی خۆی نیشان داوە، ڕەسەنایەتی مۆسیقای کوردی و هەبوونی دەیان کەڵە ئەدیب و نووسەری ناوداری کورد جێگەو پێگەیەکی تایبەتی بەم بەشە لە کوردستان بەخشیوە.

هەر ئەم بنەما فەرهەنگییە بۆتە هۆی ئەوە کە سەرەڕای بن دەستبوونی ئەم پارچە لە ژێر دەسەڵاتی چەندین ساڵەی دیکتاتۆری پەهلەویو توتاریتەی ئایینی سیاسیی کۆماری ئیسلامی، نەتوانێت بەتەواوی ببێتە لەمپەڕورێگر و ڕۆژبەدوای ڕۆژ خەباتی پڕبەرهەمی هونەری و فەرهەنگی لقوپۆی تازەتر دەردەکاتو دارەپیرەی فەرهەنگ و ئەدەبی ڕۆژهەڵات زیندووترو ریشەدارترخۆی دەنوێنێ. بەتایبەت لەم ساڵانەی دوایی چوار شاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان واتە بانەو مەریوان و سنە و پیرانشار هەرکامیان بۆنەتە سەنتەرێک بۆ چالاکیی و بەڕێوەچوونی فستیڤاڵە هونەرییەکان کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەین.

دوای سەرهەڵدان وگەشەی فستیڤاڵی چیرۆکنووسی شاری بانە، مەڵبەندی چیرۆکنووسی لە ڕۆژهەڵات شاری برایم نووسی و عەتای نەهایی، لە ئاستی کوردستان و ئێران کەوتە بەر سەرنجی نووسەران وچیرۆکنووسانی ئێرانی وکوردستانی و بۆتە هۆی چڕتر بوونی پەیوەندییە فەرهەنگییەکان.

هەروەها ماوەی چەند ساڵێکە بەڕیوەچوونی شانۆی سەرشەقامی شاری مەریوان، بۆتە نەریتێکی هونەریی و مەراسمێکی شیاو و تازەی هونەریی لە کوردستان، هەموو ساڵێک بە بەشداری گرووپە هونەرییەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێرانیو بیانی و بە بەشداریی خەڵکانی زۆر شەقامەکانی مەریوان دەبێتە شوێنی نواندنی هونەری شانۆگەری.

ئەمە لە کاتێک دایە کە کۆبوونەوەی خەڵک لەسەر شەقام بە هەر بیانوویەک لە شەقامەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەمنیی و ئینتزامییەکانی ئێران ئەگەر بەتەواوی قەدەغەش نەبێت هەموو کات ڕێگریو گیروگرفتی بۆ دروست کراوە. بەڵام هەڵسووراوان و هونەرمەندانی مەریوانی چەند ساڵێکە ئەم شێوە هونەرە واتە شانۆی سەرشەقام بەباشترین شێوە بەڕێوە دەبەن وساڵ بە ساڵ بەشداربووان و گرۆپە هونەرییەکان بە ئاراستەیەکی جوانترو هونەرییتروە لەم مێهرەجانە بەشداری دەکەن

جێگەی ئاماژەیە کە هونەری شانۆگەری لە کوردستان بەگشتی و لە ڕۆژهەلات تەمەنێکی کەمی هەیە بە نیسبەت وڵاتانی دیکەی ناوچە. بەڵام لەم تەمەنە کورتەدا هەر زوو توانی ناوبانگ و پێناسەی تایبەت بە خۆی دەربکات و ناسنامەیەک وەکوو «شانۆی سەرشەقامی شاری مەریوان» بۆ خۆی دەستبەر بکات. ئەمە بۆ خۆی جێگەی سەرنج و ئومیدواری وگەش بینییە بۆ ئاسۆی دوارۆژی هونەری شانۆگەری لە کوردستان.

یەکێکتر لە فستیڤاڵە ئەدەبیی و هونەرییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە ڕۆژانی رابردوودا لە شاری سنە دووهەمین فستیڤاڵی خۆی بەڕێوە برد. مێهرەجانی خەڵاتی شێعری مەولەوی کوردیی سنەیە.

دوای بەڕێوەچونی سەرکەوتوانەی یەکەمین فستیڤاڵی خەڵاتی ئەدەبیی مەولەوی کوردو بەدوای بەسەرچوونی دووساڵ مەوادی نەخوازراو لە خەزەڵوەری ئەمساڵ (١٣٩٣) هەتاویی بە هەوڵ و هیمەتی بەڕێوەبەرانی ڕێکخراەی فەرهەنگی، ئەدەبیی مەولەوی کورد لە شاری سنە، بە مەبەستی پەرەپێدان وگەشەی وێژەو ئەدەبی کوردی، دووهەمین خەڵاتی ئەدەبیی لە بەشی شێعر لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و بە میوانداریەتی شاری سنە سەرکەوتووانە بەڕێوە چوو. جیاوازی ئەرینی وبەرچاوی ئەم دوو فستیڤاڵە لەوەدایە کە لەهەموو پارێزگاکان و ناوەندە فەرهەنگییەکان و شارەکانی ڕۆژهەڵات بە گشتی بانگهێشت دەکرێن و بەشێکی زۆر لە قەڵەم بەدەستانی لاوو بەئەزموونی کوردستان، لەوێدا بەشدار دەبن. دەتوانین بڵێین سەرکەوتووترین فستیڤاڵی ئەدەبییە کە بەم شێوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەربڵاوی بەڕێوە دەچێت.

خاڵی سەرەکیی و جێگەی سرنجی خەڵاتی ئەدەبیی مەولەوی کوردی سنە ئەمەیە کە گرنگی و بایەخێکی تایبەتی داوە بەو بەشەی لە کوردستان کە بەهۆی کێشەی سیاسیی وجوغرافیاییەوە بەداخەوە لە زمان و شوناسی واقعیی خۆیان دوور خراونەتەوە. وەکوو دوو پارێزگای گرنگی کرماشان و ئیلام. تەنانەت فستیڤاڵی شێعری مەولەوی کورد توانی سنوورە دەستکردەکان بترازنێت و ببێتە مەکۆیەک بۆ هوگران و نووسەران و شاعیرانی لورستان وکوردە دوور خراوەکانی خوراسان.

خوێندنەوەی ئەو بەرهەمانەی کە دوای هەڵبژاردنی زانستییانە لیژنەی داوەری ئیزنیان پێ دراوە بە بەشداری خەڵکێکی زۆر لەهەموو شارەکانی ڕۆژهەڵات لەبەشە بەرچاوەکانی ئەم فستیڤاڵەیە، هەروەها بە ماوەی دوو ڕۆژ ئامادەبووان و نووسەرانی شارە جیاجیاکان لە نزیکەوە یەک دەگرن و بە ناسینی یەکتر وگورینی، بیروڕای جیاواز چ لە باری ئەدەبیی وچ لەباری زاراوەییو.... ئەم ڕێگرتنە دەبێتە هەوینی یەکرێزی و بەرزراگرتنی ئاستی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی.

ئەگەرچی بەرێوەبردنی ئەم چەشنە فستیڤاڵانە، جیا لە ماندوو بوون و تێکۆشانی بەرێوەبەرانی، هیچ کات لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان بێ کێشەوگرفت نەبووە، هەر لەوەرگرتنی ئیزنی بەرێوەبردنەوە هەتا شێوەی بەرێوە بردن و تەنانەت میوانداری کردن لە میوانەکان. بەڵام ئەوەی کە زیاتر جێگەی سەرنج و پێزانینە هاوکاری سەرجەم بەشداربووانە کە بە نیسبەتی بەرێوەچوونی سەرکەوتوانەی ئەم دەسکەوتە فەرهەنگییە، بێ هیچ چاوەروانی ماددی خۆنەویستانە هەوڵی بو دەدەن بەتایبەتی بەرێوەبەرانی رێکخراوەی فەرهەنگی ئەدەبی مەولەوی کوردی شاری سنە،کە لە مێژەساڵە بۆ پاراستنی فەرهەنگ و زمانی کوردی بۆتە ساباتێکی فەرهەنگی بۆ پەروەردەو ڕاهێنانی گەنجان و ماڵێک بۆ نووسەرە بە ئەزموونەکان لەسەرجەم شارەکانی ڕۆژهەڵات. جێگەی ئاماژەیە بۆ یەکەم جار کوردانی نیشتەجێی شاری «مازندران»لە شیمالی ئێران لە دووهەمین خەڵاتی ئەدەبیی مەولەوی کورد بەشداری دەکەن و بەرهەمەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن.

شایانی باسە کە کوردانی دانیشتووی مازندران بە ڕەچەڵەک هەوارمین،کە نزیک بە٤٠٠ساڵ لەمەو پێش بە زورەملی حکوومەتی ناوەندی لە زێدوخاکی خۆیان دەرکراون.

بەڵام بەشدارییان لەم فستیڤاڵەو پێشوازی گەرموگوری ئامادەبووان و بەرێوەبەران لەم بەرێزانە. جارێکی دیکە ئەم ڕاستییەی سەلماند کە کورد یەک نەتەوەیەو نەک سنوورەکان چیتر ناتوانن لەیەک دووریان بخاتەوە، بەڵکوو ڕەگ و ریشەی زمان و فەرهەنگی خۆیان پاراستوە.

هەروەها بۆ دڵگەرمیی زیاتری خوشک وبرا هاونیشتمانیەکانیان کە دوور خراوەنەتەوە، شاعیری سەرکەوتوو کاک عەلی ئوڵفەتی خەڵاتەکەی خۆی کە لە لایەن «بەردەنگەوە»پێی بەخشرابوو،

پێشکەشی کرد بە کاک «حامی نیک بەخت عەبدوڵمەلەکی» لە کوردە دوور خراوەکان و نیشتەجێی مازندەران. ئەم هەڵویستە بەنرخەی کاک عەلی لەلایەن بەشداربووانەوە بە گەرمیی پێشوازی لێکرا.

ئەوە بۆ خۆی دەرخەری ئەم واقعیەتەیە کە چالاکیی فەرهەنگی و ئەدەبی تا هەر ڕادەیەک کە پەرەی پێبدریت زیاتروباشتر دەتوانێت هەستیی نەتەوەیی و وشیاریی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵات بباتە سەر و داهاتوویێکی گەشاوە دستەبەر بکات.


خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم جۆرە چالاکییانە لەوە دایە کە کۆماری ئیسلامی بەلاوازکردنی دەسەڵات کارگێرانی فەرهەنگی و ئەدەبی کوردستان و زۆرجار هەوڵدان بۆ ئەوە ئەم چەشنە تێکۆشانە بەلارێدا ببات، بەڵام نەتەنیا بەو ئامانجە نەگەیشتووە، بەڵکوو ڕۆژبەدوای ڕۆژ لەباری فەرهەنگییەوە پاشەکشەی کردووە. لەیەک ڕەستە دەتوانین بیژین کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تارادەیەکی زۆر خاوەنی سەربەخۆیی فەرهەنگی و ئەدەبییە،کە ئەگەر لەسایەی دەسەڵاتێکی دیمۆکراتیک وخۆماڵی بحەسێتەوە بێ گومان باشتروجوانتر گەشە دەکات.

**سەرچاوەکان:**

**بەشداری خاوەنی ئەم بابەتە لە یەکەمین فستیڤاڵی شێعری مەولەوی کورد١٣٩١**

**–ماڵپەری فەرمی ڕێکخراوەی فەرهەنگی و ئەدەبی مەولەوەی کوردی سنە.**





KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 643 6 november 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، رۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# ڕێگای پشتگیریی لە کۆبانێ لە کوێوە دەستپێدەکات؟



ڕێبوار سیوەیلی

١- دەبێت هەندێ جار لەگەڵ کەسەکان ڕەق بیت، بۆ ئەوەی بیانجولێنی..

٢- پشتگیرییەکی زۆر، شێعرێکی زۆر و شیوەنێکی زۆر بۆ کۆبانێ و بەتایبەتی کچانی گەریلای ئەوێ دەبیستم و دەخوێنمەوە.. ئەم هەڵکشانی ئەخلاقی یەکبوون و پشتگیرییە بە ڕۆحیی مرۆڤانەی کورد نامۆ نیە و بەشە هەرە جوانەکەی ئەم ڕۆحە مەزنەیە.

٣- وەلێ هاوڕێیان هەر ماڵیکی کورد، کچێک و دایکێک و خاتوونێک و منداڵگەلێکی تێدان کە لە ژێر هەمان یاسا و بڕوای داعشیانەی باوکسالاریی و ئایینسالاری و گەورەسالاری و نەرێتسالاری و موحافیزکاریدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و تەماشایان دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێن..

٤-بەم پێیەش بێت لە هەموو ماڵێکدا (کۆبانێ)یەک هەیە، لە هەموو حەوشەیەکدا شەڕگەیەکی گەریلاکان لە دژی داعشییزمی عەقیدە و نەرێت و نێرسالاری..

٥- دەکرێت مرۆڤ لە حەوشە و ماڵەکەی خۆیەوە، مامەڵە و هەڵسوکەوت و تێڕوانینی بۆ ژن و کچ و منداڵی خۆی بگۆڕێت، ئەوە بەشدارییەکی هەرە گەورەیە لەو ئامانجەی ژنانی کۆبانێ لە پێناویدا گیانی خۆیان بەخت دەکەن. چونکە ئەو ئامانجە بە بردنەوە، یان دۆڕاندنی کۆبانێ کۆتایی نایەیت، لەوێ چ بدۆڕێین و چ ببەینەوە، هەردەبێت شەڕی نێرسالاریی کۆمەڵگای خۆمان بکەین بۆ ئەوەی ژنانیش بچنە ئاستی مرۆڤبوونەوە..

٦-. شێعر و شیوەن جوانن و بەشێکن لە کولتووری



ڕەسەنی ئێمە کە کولتووری ماتەمگێڕییە.. بەڵام کاتێ لە حەوشەی خۆماندا قوربانی هەبێت، پێویستە ئەو شێعر و شیوەنەش بیانگرێتەوە. ئەم شۆڕشە دەبێت لە هەموو مێشک و حەوشە و پەیوەندییەکدا کۆبانیزە بکرێت..

٧- باشتریشە مرۆڤ لە خودی خۆیەوە تێڕوانینی بۆ ئەم مەسەلەیە بگۆڕێت، بیر لە ژن بکاتەوە، لەگەڵ منداڵیش میهرەبان و لەگەڵ پیرێژنەکانی داییک و پشتکۆماوە باوکەکان بە لوتف..

٨- بمبوورن ئەگەر ڕەق بووم.. ئەگەر تەکلیفەکەم قورس بوو..

١٣/ ١٠/ ٢٠١٤

**لە پەیجی فەیسبووکی نووسەر وەرگیراوە**

## سیامەند ڕەحمان میداڵی زێڕی پێشبڕکێیەکانی پارائاسیای پێشکێش بە کوبانی کرد

سیامەند ڕەحمان، وەرزشکاری بەناوبانگی کوردی خەڵکی شنۆ دوای شکاندنی ڕیکۆردی پشیبڕکێیەکانی کێشهەڵگریی جیهان‌و بردنەوەی میداڵی زێڕی پێشبرکێیەکانی پاراٸاسیا، میداڵە زێڕەکەی پێشکێش بە خۆراگریی کوبانی کرد.

لە بەردەوامیی رکەبەرییەکانی دووهەمین خولی یارییەکانی پارئاسیایی‌و لە دوایین ڕۆژی ئەو پێشبڕکێیانەدا ڕۆژی هەینی، ٢ ی خەزەڵوەر سیامەند ڕەحمان لە کێشی سەروو ١٠٧ کیلۆدا توانی میداڵی زێڕی ئەو پێشبڕکێیانە بباتەوە.

سیامەند ڕەحمان لەو گرووپەدا سەرەتا کێشی ٢٧٢ کیلۆیی بردە سەر سەری‌و بەهۆی مەودای زۆری نێوان خۆی‌و رکەبەرەکانی میداڵی زێڕی ئەو پێشبرکێیانەی بردەوە. ئەو لە جوولەی دووهەمی‌دا بە بردنە سەرێی کێشی ٢٨٧ کیلۆ ڕێکۆردی جیهانی بە بڕی ٢ کیلۆ بردە سەرێ کە ئەویش پێشتر هە لە پاوانی ئەو، و بەناوی ئەو تۆمار کرابوو.

سیامەند ڕەحمان لە جوولەی سێهەمی‌دا کێشی ٢٩٠ کیلۆی بەرز کردەوەو دیسانەکەش ریکۆردی جیهانی ٣ کیلۆی دیکەش بردە سەری‌و بەهۆی ئەوەی قارەمانی ئەو پێشبرکێیانە هاتبۆوە، مافی ئەوەی هەبوو کە چوارەمین جوولەی خۆشی بنوێنێ.



ئەو وەرزشکارە کوردە لە چوارەمین جوولەی خۆیدا کێشی ٢٩٢ کیلۆی هەڵبژاردو بە بردن سەرێی ئەو قورساییە بۆ سێهەمین کەڕەت ڕێکۆردی دنیای شکاند تاکوو نازناوی بەهێزترین پیاوی دنیای بدرێتێ.

شایانی باسە سیامەند ڕەحمان، بەهێزترین پیاوی جیهان‌و وەرزشکاری بەتوانای کورد دوای بردنەوەی ئەو پاڵەوانیتییە، میداڵی زێرەکەی پێشکێش بە خەڵکی کوبانی کردو بەمجۆرە پشتیوانیی خۆی لە بەرگری‌و ئازایەتیی ئەو شارە ڕاگەیاند.



ژنانی کۆبانی‌و شەڕ _ تەرحێک لە مانا نەیستانی

بەر لە ماڵاوایی

# تراویلکەی باشبوونی دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا



عەلی بداغی

ڕۆژی هەینی، ٩ی خەزەڵوەر کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوتوێی پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران بەڕێوە چوو.

بەڕێوەچوونی ئەو کۆبوونەوەیە بە بەشداریی ئەحمەد شەهیدو نوێنەرانی ١٠٨ وڵاتی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بارودۆخێک دابوو کە دوای تێپەڕینی ٤ ساڵ لە دیاریکردنی ئەحمەد شەهید وەک ڕیپۆرتێری شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ناوبراو ئیزنی سەفەر بۆ ئێرانی پێنەدراوە، ئێران لەلایەن کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی مافی مرۆڤەوە بەردەوام بەهۆی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوەو تەنانەت بەو هۆیەوە لەلایەن ئەمریکاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سزای بەسەردا سەپێندراوە.

هەموو وڵاتانی ئەندام لەو شووڕایەو بەشدار لەو کۆبوونەوەیە جیا لە وڵاتی چین، بە دانە بەر ڕەخنەی پێشێلکردنی ئازادییەکان لە ئێران، بە تایبەت ئازادیی ڕادەربڕین، مافی ژنان، مافی کەمایەتییە نەتەوەیی‌و ئایینییەکان‌و هەروەها ژمارەی زۆری ئێعدامەکان لە ئێران داوای لە کۆماری ئیسلامی کرد بۆ باشکردنی دۆخی مافی مرۆڤ تێبکۆشی‌و کۆنڤانسیۆنە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتەدا جێبەجێ بکاو سەرنج‌و پێشنیارەکانی شووڕا لەو پێوەندییەدا بە هێند بگرێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ لە بنەڕەتدا ئەو داوایە لە جێی خۆی دایە یان بە واتایەکی دیکە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران دەوەشێتەوە کە بایەخ بۆ پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ دابنێ‌و لە پێناو پاراستن‌و جێگیرکردنیاندا تێبکۆشێ؟

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێژیمێکە بە شۆڕش هاتۆتە سەرکار، ئەویش لە بارودۆخی ناسەقامگیری سیاسی‌و ئەمنیەتی لە وڵاتدا. ئەو ڕێژیمە بۆ قایمکردنی جێ‌و هێزو دەسەڵاتی خۆی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە مێتۆدی توندو تیژیی کردە پیشە. تێرۆری نەیارانی سیاسی، قەدەغەکردنی کارو چالاکیی حیزبە جیاوازبیرەکان، بێبەشکردنی ژنان لە ماف‌و ئازادییەکانیان، کوشتاری نەیارانی سیاسی تەنانەت لە زیندانەکان، سەرکوتی بزووتنەوە مەدەنی‌و ڕزگاریخوازەکان، قایل‌نەبوون بە کەمترین ماف بۆ کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینییەکان نەک بەشێک، بەڵکوو ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بواری مافی مرۆڤ دان‌و هەر لەو سۆنگەیەشەوە کە چەند ساڵیک نەبێ، هەموو ساڵێک لەلایەن کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ وەک ئەمنیستی ئێنترناشناڵەوە بەردەوام مەحکووم کراوە، ئەوەش کە گۆڕینی سەرکۆمارێک‌و هاتن‌و چوونی دەوڵەتێک دەتوانێ دۆخی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە باشتر بکا، هەر هیوایەک‌و زیاتر بانگەشەیەکی سیاسی بۆ کێبرکێیەکانی هەڵبژاردنەکان بووەو هاتنەسەر کاری دەوڵەتی ئیسلاحاتی خاتەمی‌و دەوڵەتی هیواو مشووری حەسەن ڕوحانی‌و کارنامەکانی ئەو دوو دەوڵەتە ریفۆرمخوازەش لەو بوارەدا دەری دەخا کە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران سیستماتیکەو لە هەناوی قانوونەکان‌و ڕێوشوێنەکانی ئەو نیزامەوە بڕیو وەردەگرن‌و بوون‌و هەر دەشمێنن.

ئەوانەش کە پێیان وایە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران شکاندنی قانوون لە هەندێ جێ‌و لە هیندێک شوێن نەگەرانەوە بۆ قانوونەکانە، دەبێ بڵێم تەنانەت لە قانوونی بنەڕەتیی وڵاتیش‌دا کە بۆ نموونە فەسڵی سێهەمی تایبەت بە پێناسەی مافی خەڵک‌و وردەکارییەکانی ئەو مافانە کراوە؛ هەر لەوێ دەردەکەوێ کە لە بنەرەتدا قانوونەکانی ئێران دژایەتیی جەوهەرییان لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، کۆنڤانسیۆنەکان‌و پەسەندکراوە جیهانییەکانی دیکەی مافی مرۆڤە کە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتان پەسندیان کردوە.

گرینگترین تایبەتمەندیی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ کە ئێران خۆی دەرووەست بە دانان‌و جێبەجێکردنی نازانێ ئەوەیە کە نێوەڕۆکی ئەو جاڕنامەیە ڕووی لە یەک کەس، یەک نەتەوە، یەک وڵات‌و گرووپێکی تایبەت نییە، بەردەنگ‌و چەتری ئەو جاڕنامەیە هەموو خەڵکی سەرزەوی دەگرێتەوەو ئەو ماف‌و ئازادییانە بۆ هەموو کەسێک لە هەر جێیەکی ئەو دنیایە بە ڕەوا دەبینێ، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر ئەوەدا مافی مرۆڤیی ئیسلامیی هێناوەتە بەرباس.

کۆماری ئیسلامی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە، ئێستاش لەبەر عەیبەی دنیاو لە ترسی تەریککەوتنەوەی زیاتر لەو کۆنڤانسیۆنە نایەتە دەر، بەڵام لە کردەوەدا بە دانانی مەرج‌و خاڵ‌و تێبینی بەبیانووی ئیسلامی کردن‌و خۆماڵی کردنی بە ڕەسمی ڕەوایی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران دەدا.

لەلایەکی دیکەوە مافی مرۆڤی ئیسلامی، ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەبەستیەتی‌و پشت بە جاڕنامەی قاهیرە لە نێوان وڵاتانی ئیسلامی دەبەستێ لە چەند خاڵی جەوهەری‌دا سنووری خۆی لەگەڵ جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ دەکێشێ‌و لەگەڵ کۆنڤانسیۆنی جیهانیی مافی مرۆڤ دەکەونە بەرامبەری یەکتری کە بریتین لە: فەرق‌و جیاوازیی حقوقی لە سەر بنەمای مەزهەبی، فەرق‌و جیاوازیی حقوقی لە سەر بنەمای ڕەگەزی، فەرق‌و جیاوازیی حقوقی لە بەستێنی گشتیی کۆمەڵگا، بە ڕەسمی نەناسینی ئازادیی هەبوون یان گۆڕینی مەزهەب‌و ئازادیی رادەربڕین‌و بە ڕەسمی ناسینی سزای توندو تیژ‌و نەگونجاو لەگەڵ بایەخەکانی مرۆڤ تەوەری وەک بەردەباران، کوشتن، دەرهێنانی چاوو پەڕاندنی دەست‌و قامکەکانی دەست‌و هتد.

بە گشتی بەڵگەو دیکۆمێنتەکانی مافی مرۆڤ‌و پرەنسیپە گشتگیرو جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بەرهەمی کۆی بیرو بڕیاری مرۆڤ خۆیەتی، ئەویش بە سەرنجدان بە زۆری‌و جۆراوجۆریی ئایین‌و ئایینزاکان لە کۆمەڵگای مرۆیی‌دا بۆ پێکەوەژیان‌و وێکهەڵکردن؛ بەو مانایە کە پرەنسیپە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ وێڕای ڕێزو حورمەتی بۆ هەموو ئایین‌و ئایینزاکان‌و بەرەمی ناسینی ئەوان لە ژیانی تاکەکەسیی خەڵکدا، بەڵام لە ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکدا ڕێگە لەوە دەگرێ لە پێڕەوی هەر ئایین‌و ئاییزایەک ماف‌و ئیمتیازی زیاتریان لە چاو خەڵکی دی هەبێ‌و بە گشتی بنەماکانی مافی مرۆڤ شوێنکەوتووی هیچ دین‌و مەزهەبێک نین. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە هێنانەگۆڕێی پرسی مافی مرۆڤی ئیسلامی بەدوای خۆدەربازکردن لەو بەرپرسایەتی‌و دەروەستییانەیە.

کۆماری ئیسلامی بەهێنانەگۆڕێی ئەو چەمکەو پاساوهێنانەوە لە هەمبەر هەموو پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە لەلایەن دەسەڵاتەوە، مافی مرۆڤی ئیسلامیی نەک بۆ خزمەتکردن بە ئیسلام، بەڵکوو وەک چەکێک لە پێناو پاراستنی دەسەڵات‌و زۆرداریی خۆی بەکار هێناوە، بۆ سەرکوتی هەر چەشنە نارەزایەتییەک بە دژی دەسەڵات‌و پرسیارخستنە سەر شەرعییەتی نیزام بە کاری دێنێ‌و وەک قەڵغانێک بە دژی نەیارانی بەکاری دێنێ، هەر بۆیەش تیمی نێردراوی ئێران بۆ کۆبوونەوەی ژنێڤ سەرەڕای دنیایەک شێرو ڕێوی هێنانەوە نەیانتوانی جیا لە چین، تاقە یەک وڵات لە بەشدارانی ئەو کۆبوونەوەیە قایل بە گوێگرتن لە پاساوەکانیان بکەن.